تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

XEBAT

ژمارە (5948) دووشەممە 9ی ئادار 2020 «16» لاپەڕە «500» دینار

ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ئەمڕۆ لیژنەی باڵای حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەبارەت بە ڕووبەڕووبوونەوەی کۆرۆنا کۆدەبێتەوە

بڕیارە ئەمڕۆ دووشەممە 9ی ئاداری 2020 لیژنەیەکی تایبەتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەبارەت بە تاوتوێکردن و ڕێکارەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا کۆببێتەوە بۆ قسەکردن لەسەر جێبەجێکردنی ڕێکارە تەندروستییەکانی تایبەت بە کۆرۆنا. لەمبارەیەوە د. جوتیار عادل گوتەبێژی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە لێدوانێکدا بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە، بڕیارە ئەمڕۆ دووشەممە لیژنەی باڵای تایبەت بە ڕووبەڕووبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە هەرێمی کوردستان کۆببێتەوە. ڕاشیگەیاندووە لە کۆبوونەوەکەدا گفتوگۆ دەربارەی دواییین ڕێکار و ئامادەکارییەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی کۆرۆنا لە هەرێمی کوردستان و بەدواداچوونی جێبەجێکردنی بڕیار و ڕێنماییە تەندروستییەکان دەکرێت.

ڕێنمایی بۆ خۆ پاراستن لە ڤایرۆسی کۆرۆنا (کۆڤید-19)

- ڤایرۆسی کۆرۆنا (کۆڤید_19) لەپێستی ساغ تێناپەڕێت و تا 10 خولەك لەسەر پێست زیندووە، بۆیە گەر دەستەوانەتان لەدەست نییە دوودڵ مەبن تەنیا دەست لە دەمولوتی خۆتان مەدەن.
- ڤایرۆسی کۆرۆنا (کۆڤید_19) لەسەر پارچە قوماش 6 تا 12 کاتژمێر و ئاسن 12 تا 20 کاتژمێر و لەسەر ستیل تا 20 ڕۆژ بەزیندوویی دەمێنێتەوە.
- ئەم ڤایرۆسە تا 60 پلە ژێر سفر زیندووە، بەڵام لەگەرمای سەروی 30 پلە دەمرێت، بۆیە باشتر وایە شوشتن و خاوێن کردنەوەکان بەئاوی گەرم بێت.
- کۆرۆنا بە ئاوی گەرم و پاککەرەوەکانی ماڵەوە لە ناو دەچێت.
- بە هیچ شێوەیەك ئاوی سارد و خواردنی سارد مەخون، ئاوی گەرم قاوەی گەرم خواردنەوەی گەرم بخۆنەوە.
- شوێنی گردبونەوەی سەرەکی ئەم ڤایرۆسە لەناولوتە، بۆیە هەردەم لوتتان بە ئاوی گەرم بشۆن.
- شوێنی ژیان و کارتان با هەوا گۆرکێی هەبێت.
- لە ڕۆژدا چەندین جار بۆ ماوەی 10 تا 15 چرکە هەناسەتان بگرن و بیدەنەوە، گەر کۆکە یان تەنگە نەفەسیتان هەبوو پێویستە سەردانی نەخۆشخانە بکەن.
- کاتی پژمین و کۆکە تا پێتان دەکرێت لەکەسانی تر دوور کەونەوەوە.
- دوای شوشتنی دەستەکانتان گەر بۆ شوێنی گوماناوی ناڕۆن پێویستە بەکرێم یان ڤازلین چەور بکرێت تاوەکو توشی ئەگزیمای پێست نەبن.
- جلوبەرگ وا باشە لەبەرتیشکی هەتاو یان سۆپا وشك بکرێتەوە.

ڕێگەکانی گواستنەوەی کۆرۆنا



1 - گواستنەوەی ڕاستەوخۆ لەدەمی نەخۆشەوە بەهۆی پژمین یان کۆکین.
2 - گواستنەوەی ناڕاستەوخۆ (بەهۆی دەست لێدان لە کەلوپەل یان دەم و چاو).
3 - تێکەڵبوونی ڕاستەوخۆ لەگەڵ تووشبووان.
4 - خواردنی چێشتێك کە باش نەکوڵابێت.

چۆنیەتی خۆپاراستن


شوشتنی دەست بەئاو و سابوون بەبەردەمی


داپۆشینی دەم و لوت لەکاتی پژمین و کۆکیندا


کوڵاندنی خواردن بەباشی


دوورکەوتنەوە لە بەریەککەوتنی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئەو کەسانەی نیشانەکانی کۆکین و پژمین و تەنگەنەفەسیان هەیە

نیشانەکانی تووشبوون


بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی جەستە


کۆکە و پژمین


تەنگەنەفەسی

شێوازی دروستی پۆشینی ماسك



شێوازی دروستی دەست شووشتن



کەی پێویستە دەست بشۆین؟



سەرۆک مسعود بارزانی لە ڕۆژی جیهانیی ئافرەتان پەیامێکی پیرۆزبایی بڵاوکردەوە:

ئافرەتانی کوردستان ڕۆڵێکی مەزنیان لە خەباتی ئازادیخوازیی گەلەکەماندا هەبووە



دوێنێ یەکشەممە 2020/3/8 بەبۆنەی ڕۆژی جیهانیی ئافرەتان، سەرۆک مسعود بارزانی پەیامێکی پیرۆزبایی لە تویتەر بڵاوکردەوە. ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی ئافرەت پیرۆزبایی لە هەموو ئافرەتانی کوردستان و جیهان دەکەم. ئافرەتانی کوردستان هەمیشە لە شۆڕش و بەرخوداندا پاڵپشتی پێشمەرگە بوونە و ڕۆڵێکی مەزنیان لە خەباتی ئازادیخوازیی گەلەکەیاندا هەبووە و قوربانییان داوە.

بەرپرسی لقی 5: پێویستە سەرۆکوەزیران تەواوفوقێکی نیشتمانیی لەسەر هەبێت

عێراق لە ڕووی ئابووری و تەندروستییەوە بە دۆخێکی زۆر خراپدا تێپەڕ دەبێت



بەرپرسی لقی 5ی پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەغدا گوتی، پێویستە شیعەکان ئەم جارە کەسێک بۆ پۆستی سەرۆکوەزیران دیاری بکەن کە تەواوفوقێکی نیشتمانیی لەسەر بێت، ئەگەرنا دۆخی سیاسی زۆر خراپە و پێویستی بە کەسێک هەیە دۆخەکە ڕاستەڕێ بکات. شوان محەمەد تەها، بەرپرسی لقی پێنجی پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەغدا، بە مالپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: پرۆسەی سیاسی لە عێراق پێویستە بە ئاقارێک بگات، لەبەر ئەوەی زۆر ئالۆزە و ناکۆکیی دروست کردووە لەسەر پرۆسەی سیاسی و چاوەڕێ دەکرێت کۆبوونەوەیەک لە نێوان شیعەکاندا بکرێت بۆ ئەوەی چارەسەرێک بۆ دۆخەکە بدۆزنەوە، چونکە هەر لایەنێک کەسێک دیاری دەکات، ئەوەی دیکە ڕەتی دەکاتەوە، بۆیە پێویستە لەسەر شیوازێک بگەنە ڕێککەوتن و پرۆسەی سیاسی ڕاستەڕێ بکرێتەوە.

شوان محەمەد تەها ئەوەشی گوتووە: پێویستە کەسێک دیاری بکرێت کە پرۆسەی سیاسی لە عێراق ڕاستەڕێ بکات، چونکە عێراق لێتواولێو بووە لە کێشە و لە ڕووی ئابووری و تەندروستییەوە بە دۆخێکی زۆر خراپدا تێپەڕ دەبێت.

هەروەها باسی لەوەش کردووە: وەکو عورفێک شیعەکان سەرۆکوەزیران وەردەگرن، بۆیە پێویستە ئەوان ڕێککبکەون و دواتر پرس بە کورد و سوننە بکەن، بۆیە پێویستە تەواوفوقێکی نیشتمانی لەسەر سەرۆکوەزیران پێکبهێنرێت.

نەخۆشخانەی پێشمەرگە بۆ نەخۆشی مەدەنی و سەربازیی کراوەیە

بەڕێوەبەری دەزگای ڕۆشنبیری و هونەرییاری نەتەوەیی لە وەزارەتی پێشمەرگە، ئاماژە بەوە دەکات بۆ پێشگیری لە قایرۆسی کۆرۆنا لەناو یەکەکانی هێزی پێشمەرگە ڕێکاری تۆندی تەندروستی گیراوەتە بەر و هەتا دوای نەورۆز بە بڕیارێک مەشق و ڕاهێنان ڕاگیراوە.

بابەکر فەقێ ئەحمەد، لەمبارەوە بە خەباتی ڕاگەیاند: مەشق و ڕاهێنانی هێزی پێشمەرگە ڕاگیراوە و ئەوەش بەهۆی بڵاوبوونەوەی نەخۆشیی کۆرۆناوە و ڕێکاری تۆندی تەندروستی گیراوەتەبەر و بەناو یەکەکانی هێزی پێشمەرگەدا گشتاندنی بۆ کراوە .گوتیشی: نەخۆشخانەی پێشمەرگەش کراوەیە بۆ نەخۆشی مەدەنی و سەربازیی. جەختیشی کردەوە، هەفتەی ڕابردوو ئەم بڕیارە دراوە و تا دوای نەورۆز بەردەوام دەبێت و ئەوەی بڕیارەکە دەیگرێتەوە پێشمەرگەی سەر بە وەزارەتی پێشمەرگەیە.

ڕاوێژکاری دارایی سەرۆک وەزیرانی عێراق بۆ «خەبات»:

بەهۆی دامەزراندنی زۆر و دابەزینی نرخی نەوت ئەمساڵ عێراق ساڵێکی سەخت بەڕێدەکات



خەبات/ مەریوان نەقشبەندی

لە لێدوانێکی تایبەت بە ڕۆژنامەی خەبات مەزهەر محەمەد ساڵح ڕاوێژکاری دارایی سەرۆک وەزیرانی عێراق ئاماژە بۆ ساڵێکی سەختی دارایی عێراق دەکات و دەڵێ ئەمساڵ زیاتر هەوڵ دەدەین مووچەی فەرمانبەرانی حکوومەت و خانەنشینەکان مسۆگەر بکەین و وەزارەتی دارایی عێراقیش هەوڵی جدی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کورتهێنان و هەڵاوسانی دارایی ئەمساڵ دەدات.

مەزهەر محەمەد ساڵح ڕاوێژکاری دارایی عادل عەبدولمەهدی سەرۆک وەزیرانی عێراق لە درێژەی لێدوانە تایبەتەکەی بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: لە بودجەی ئەمساڵی عێراق وادانراوە کە ڕۆژانە عێراق 3 ملیۆن و 880 هەزار بەرمیل نەوت هەناردە بکات و نرخی بەرمیلێکی نەوت بە موعەدەل 56 دۆلار دانراوە، بەڵام ئێستا نرخی نەوت دابەزیوە و بەهۆی بڕیاری دامەزراندنی هاووڵاتیان و گەڕانەوەی ژمارەیەک لەو کەسانەی کە فەسڵکرابوون لەخزمەت، بارگرانیەکی زۆر کەوتۆتە سەر بودجەی عێراق و بەساڵێکی دارایی سەختدا تێپەڕدەبین و بەڕێز فوئاد حوسێن و ستافەکەی لە وەزارەتی دارایی حکوومەتی عێراق هەوڵی جدی دەدەن بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم تەنگژە دارایەدا.

ڕاوێژکارەکەی سەرۆک وەزیرانی عێراق لەدرێژەی قسەکانیدا بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: خەرجییەکانی عێراق لە بودجە لەچاو ساڵی ڕابردو 40 تریلیۆن دینار زیادی کردووە و نرخی نەوتیش ئێستا بۆ کەمتر لە 45 دۆلار بۆ بەرمیلێک دابەزیوە، قەرزکردنیش بۆ پڕکردنەوەی ئەم زیادەیە لە خەرجییەکانی عێراق کێشەکان چارەسەر ناکات بۆیە هەوڵ دەدەین ئەمساڵ پارەی پێویست بۆ مووچە و خەرجی خزمەتگوزارییە گشتییەکان مسۆگەر بکەین کە لەلای حکوومەتی عێراق هێڵی سوورە و دەستی بۆ نابرێت. گوتیشی: ئەو بڕەپارەیەی بۆ مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم تەرخان کراوە وەکو خۆی بەردەوام دەبێت هەتا پەسەندکردنی بودجەی فیدراڵی لەلایەن پەرلەمانەوە.

سکرتێری پەرلەمان: پرسی تێپەڕاندنی دەستووری هەرێمی کوردستان لە ئەولەویەت دایە



سکرتێری پەرلەمانی کوردستان باس لەوە دەکات کە بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆناوە پەرلەمان ڕێکاری شێوەی کۆبوونەوەکانی کردووە و لە وەرزی نوێی یاسادانانیشدا پرسی تێپەڕاندنی دەستووری هەرێمی کوردستان لە ئەولەویەت دایە.

مونا قەهوەچی، سکرتێری پەرلەمانی کوردستان، لەمبارەوە بە «خەبات»ی ڕاگەیاند: هەتا ڕاپۆرتی لێژنە تایبەتمەندەکان تەواو نەبێت، ناتوانرێت کۆبوونەوەکانی پەرلەمان بکرێن، چونکە ئەوە کۆبوونەوەی پێویستە و ڕەنگە پەرلەمان ڕەچاوی ڕێکارەکانی خۆپاراستن لە ڤایرۆسی کۆرۆنا بکات وئەو هەموو کۆبوونەوانە یەک لەدوای یەک ڕەنگە کاریگەریی دروست بکات، بۆیە ڕەچاوی پرسی تەندروستیش دەکرێت.

گوتیشی: وەک دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان وامان داناوە هەر کاتێک ڕاپۆرت ئامادە بوو، کۆبوونەوە ئەنجام دەدرێت. ڕاشیگەیاند: لە 1ی 3ەوە کۆبوونەوەی وەرزی تازەی پەرلەمان دەستی پێ کردووە و گرنترین پرۆژە بڕیاریش وەک ئەولەویەتی کاری پەرلەمان کە ئیشی لەسەر بکەین، ئەوەیە کە ڕێککەوتن بکرێت بۆ ئەوەی لەم خولەی پەرلەماندا هەرێمی کوردستان ببێتە خاوەن دەستووری خۆی.

هۆشداریی لە خراپبوونی دۆخی دارایی عێراق دەدرێت

پەرلەمانتارێکی پێشووی عێراق دەڵێت: دۆخی دارایی لە هێڵی سوور نزیک دەبێتەوە و داهاتی نەوتیش نزیکەی 30%ی کەمی کردووە.

مەسعود حەیدەر پەرلەمانتاری پێشووی عێراق لە هەژماری تایبەتیی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک، لە نووسینێکدا سەبارەت بە دۆخی دارایی عێراق، ڕایگەیاند: عێراق لەم مانگەدا بەهۆی دابەزینی نرخی نەوتی جیهان، دوو ملیار دۆلار لەدەستدەدات.

ڕاشیگەیاندووە لەم مانگەدا کۆی داهاتی عێراق دەبێتە نزیکەی شەش تریلیۆن دینار، لە کاتێکدا عێراق پێویستیی بە لانیکەم هەشت تریلیۆن دینار هەیە، ئەمەش وادەکات دۆخی دارایی عێراق لە هێڵی سوور نزیک بێتەوە. ئەو پەرلەمانتارەی پێشووی عێراق پێیشی وایە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کورتهێنانە، حکوومەتی عێراق دوو ڕێگەی لەبەردەمدایە یان پارەی بانکی ناوەندیی وڵات بگەڕێبخات یان پەنا بباتە بەر قەرزی ناوخۆیی و دەرەکی، ئەمەش پێویستیی بە ڕەزامەندیی پەرلەمان دەبێت، لەم دۆخە سیاسییەی ئێستاشدا ئەستەمە پەرلەمان ڕەزامەندی بدات.

مەسعود حەیدەر پەرلەمانتاری پێشووی عێراق ڕاشیگەیاندووە دەتوانین بڵێین دۆخی دارایی عێراق لە هێڵی سوور نزیک دەبێتەوە بە تایبەت لە دوای خۆپیشندانەکانەوە دەیان هەزار کەس دامەزرێنراون یاخود گەڕێندراونەتەوە سەرکار و خەرجی بەکاربەریش زۆر زیاتر بووە، لە کاتێکدا داهاتی نەوت نزیکەی 30% کەمی کردووە.

بە هەماهەنگی لەگەڵ پێشمەرگە داعش بە چڕی لە چیای قەرەچوغ بۆردومان کرا



دوێنێ یەکشەممە 8ی ئاداری 2020 فڕۆکە جەنگییەکانی هاوپەیمانان، بە چڕی هەشارگەکانی داعشیان لە دەوروبەری چیای قەرەچوخ لە سنووری مەخمور بۆردومان کرد. بۆردومانەکەی ئەمجارە زۆر چڕ بووە و ئەگەر هەیە زیانێکی زۆر بە چەکدارانی داعش لەو ناوچەیە گەیشتبێت.

هەر لەمبارەیەوە کرمانج عەبدوڵا، بەرپرسی لقی پارتی لە مەخمور بە خەباتی ڕاگەیاند: فڕۆکە جەنگییەکانی هاوپەیمانان بە هاوکاریی هێزەکانی پێشمەرگە، بە چڕی بنکەکانی داعشیان لە چیای قەرەچوغ بۆردوومان کرد و چەند هێلیکۆپتەرێکیش دابەزینە نێو شاخەکە بەرامبەر گوندەکانی چوارگۆمان و بەردی سپی و عەلیەڕەش و تائێستاش شەڕ بەردەوامی هەیە.

ئاماژەی بەوەش دا، لەو شەڕەدا پێشمەرگە و سوپای عێراق و هاوپەیمانان هەماهەنگن و داعش لە ناوچەکەدا ماوەیەکە چالاکی زۆر بووە. ئەم ناوچەیەی بۆردومانەکەی تێدا کراوە، لە ژێر کۆنترۆڵی هێزەکانی سەر بە سوپای عێراقە و بەهۆی لاوازیی ئەم هێزە عێراقییانەوە، داعش لەم ناوچەیە جموجۆلێکی زۆری هەیە.

www.xebat.net
دووشەممە 2020/3/9 ژمارە (5948)
خەبات

چین 200 هەزار دەمامکی پێشکەش بە هەرێمی کوردستان کرد



بە مەبەستی ڕێگریکردن لە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا، لەژێر دروشمی هاوڕێتی باش، هاوڕێتی تەنگانەیە، چین لە ڕێگای کونسوڵخانەی خۆی لە هەرێمی کوردستان، 200 هەزار دەمامکی ئاسایی پێشکەش بە وەزارەتی تەندروستی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کرد.

دوێنێ یەکشەممە وەزیری تەندروستی لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان، سامان بەرزنجی بە ئامادەبوونی کۆنسوڵی چین لە هەرێمی کوردستان، نێ ڕۆچی لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانییدا گوتی: 200 هەزار دەمامکی ئاساییمان لە ڕێگەی کونسوڵخانەی چین لە هەرێمی کوردستان بەدەست گەیشت، ئەوەش لەچوارچێوەی پڕۆژەی هاوبەشی 'هاوڕێتی باش، هاوڕێتی تەنگانەیە 'کە چین پێشکەشی بە عێراق و هەرێمی کوردستانی دەکات، هەروەها چین بڕیاریداوە تیمی شارەزا و پسپۆڕ ڕەوانەی عێراق و هەرێمی کوردستان بکات کە حاڵەتەکانی گومان و تووشبوان بە ڤایرۆسی کۆرۆنا دەبینن.

سامان بەرزنجی گوتیشی: چین 40 هەزار ئامێری دەستنیشانکردنی ڤایرۆسی کۆرۆنای پێشکەش بە عێراق کردووە و وەزارەتی تەندروستی عێراقیش بڕیاریداوە کە پشکی هەرێمی کوردستان دابێن بکات. هەر لە کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکەدا، کۆنسوڵی چین، نێ ڕۆچی بە زمانی کوردی سوپاسی وەزیری تەندروستی کرد و دواتر ڕایگەیاند کە لە پێشکەشکردنی هاوکارییەکان لەچێوارچێوەی بەرنگاربوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا بەردەوام دەبن و پێشکەشکردنی ئەو دەمامکانەیشی بە هەنگاوی یەکەم وەسفکرد و گوتی: وەک هەنگاوی یەکەم بڕی 200 هەزار دەمامکی ئاساییمان پێشکەش بە وەزارەتی تەندروستی حکوومەتی هەرێمی کورستان کرد و بڕیاریشە تیمێکی شارەزا سەردانی عێراق بکات بۆ ئەوەی حاڵەتەکانی تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنا ببینن. لە وەڵامی پرسیاری ڕۆژنامەنووسان سەبارەت بەو ئافرەتەی کە شەوی ڕابردوو وەزارەتی تەندروستی تووشبوونی بە ڤایرۆسی کۆرۆنا ڕاگەیاند، سامان بەرزنجی گوتی: ئەم ئافرەتە سەردانی ئێرانی کردبوو، دواتر گەڕابووەوە هەرێمی کوردستان و کەرەنتین کرابوو، هەر لە کەرەنتین لەمیانی پشکنینە تەندروستییەکان، دەرچوو کە هەڵگری ڤایرۆسی کۆرۆنایە و لە ئێستاشدا تەندروستی تووشبووەکانی هەرێمی کوردستان باشە. وەزیری تەندروستی ئەوەیشی خستەڕوو کە ئەوانەی هەوڵی بڵاوکردنەوەی هەواڵی ناراست دەدەن و دەروونی هاووڵاتییان دەشەڵەژێنن، ڕووبەڕووی یاسایان دەکەنەوە و ڕاشیگەیاند کە هەر زانیارییەک هەبێت ئەوا وەزارەتی تەندروستی دەیخاتەڕوو.

عێراق تۆمارکردنی شەشەم حاڵەتی گیان لەدەستدانی بە ڤایرۆسی کۆرۆنا ڕاگەیاند



فەرمانگەی تەندروستی پارێزگای میسان لە باشووری عێراق، تۆمارکردنی یەکەم حاڵەتی گیان لەدەستدانی بە ڤایرۆسی کۆرۆنا لەو پارێزگایە ڕاگەیاند، بەوەیش ژمارەی ئەو کەسانەی کە بەهۆی ڤایرۆسەکەوە لە عێراق گیانیان لەدەستداوە گەیشتە شەش کەس.

دوێنێ یەکشەممە فەرمانگەی تەندروستی پارێزگای میسان لە ڕاگەیەندراوێکدا ڕوونیکردەوە "کەسێکی تووشبوو بە ڤایرۆسی کۆرۆنا شەوی ڕابردوو دوای گواستنەوەی بۆ نەخۆشخانەی فێرکاری شەهید سەدر، ڕەوشی خراپ بوو و بەهۆیەوە گیانی لەدەستدا".

ئاماژەی بەوەیشکردووە، ئەو کەسەی گیانی لەدەستداوە پێشتر سەردانی ئێرانی کردبوو و لە 27ی شوباتی ڕابردوودا لە ڕێگای فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی بەغداوە گەڕابووە عێراق. لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئەوەش خراوەتەڕوو کە تیمەکانی پزیشکی لە نەخۆشخانەی فێرکاری شەهید سەدر ڕێوشوێنی گونجاویان بۆ خۆپاراستن و پێشگرتن لە تەشەنەکردنی ڤایرۆسی کۆرۆنا گرتووەتەبەر.

جێی باسە تا ئامادەکردنی ئەم هەواڵە لە کۆی ئەو 56 حاڵەتی تووشبوون کە بە ڤایرۆسی کۆرۆنا لە عێراق تۆمارکراون، شەشیان گیانیان لەدەستداوە. لە 24ی مانگی ڕابردوودا، تۆمارکردنی یەکەم حاڵەتی گیانلەدەستدان بە ڤایرۆسی کۆرۆنا لە عێراق ڕاگەیەندرابوو.

پێشتریش لەچوارچێوەی گرتنبەری ڕێوشوێنەکان بۆ خۆپاراستن و پێشگرتن لە تەشەنەکردنی ڤایرۆسی کۆرۆنا، حکوومەتی عێراق دەوامی لە ناوەندەکانی خوێندن کردە پشوو و گەشتکردنی هاووڵاتییانی بۆ چین، ئێران، ژاپۆن، کۆریای باشوور، تایلاند، سەنگاپوور، ئیتاڵیا، کوێت، بەحرێن، فەڕەنسا و ئیسپانیا تا کاتێکی نادیار قەدەغەکرد. دوێنێ یەکەشەممەش دەستەی دەروازە سنووریەکانی عێراق ڕایگەیاند کە لەچێوارچێوەی گرتنەبەری ڕێوشوێنەکان بۆ خۆپاراستن لە ڤایرۆسی کۆرۆنا، پێنج دەروازەی سنووریی لەگەڵ ئێران، بەڕووی جموجۆڵی بازرگانی و گەشتیاراندا تا 15ی ئەم مانگە داخراون.



ئەو منداڵەی لە سەرێکانی بە هۆی بۆردومانی تورکیا جەستەی سووتا بوو حەوت نەشتەرگەریی بۆ کراوە

باوکی محەمەد: پشکنینەکانی فەرەنسا دووپاتیان کردەوە کە محەمەد بەرکەوتووی چەکی قەدەغەکراوی فۆسفۆڕی سپییە

K24/ محەمەد حەمیدی تەمەن 13 ساڵ، دوای ئەوەی لە ئۆکتۆبەری ساڵی ڕابردوودا، لە شارۆچکەی سەرێکانی لە ئاکامی بۆردومانی فڕۆکەکانی تورکیا بە چەکی فسفۆری سپی جەستەی سووتاو و هاوار و گریانی ئەو لە تاو ئازاری جەستەی سووتاوی پیشانی جیهان درا و دواتر ئەو پرسە سەرنجی میدیای جیهانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا و بووەتە پرسێکی میدیایی نێودەوڵەتی. محەمەد حەمید، دوای پەیوەندییەکی تەلەفۆنی سەرۆک مەسعود بارزانی لەگەڵ باوک و کەسوکارەکەیدا، لە ڕۆژئاوای کوردستانەوە گواستراوەتە هەرێمی کوردستان و دواتر بۆ چارەسەر ڕەوانەی دەرەوەی وڵات کرا. محەمەد حەمید، ئێستا بریندەکانی ساڕێژبوونە و لە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی ڕۆژئاوای شاری هەولێر لە ژێر چاودێریدا بووە و ڕەوشی تەندروستی زۆر باش بووە.

کوردستان 24 محەمەد حەمیدی بەسەرکردەوە، بەو پێیەی لە یەکەم چرکە ساتی دەرکەوتنییەوە، ئەو بوو هاوارەکەی گەیاندە جیهان. باوکی محەمەد لە لێدوانێکدا ڕایگەیاند، پشکنینەکان لە فەرەنسا دووپاتیان کردەوە، کە محەمەد بەرکەوتووی چەکی قەدەغەکراوی فۆسفۆڕی سپییە، کە لە لایەن تورکیاوە دژی هاووڵاتیانی ناوچەکانی ڕۆژئاوای کوردستان بەکارهاتبوو. باوکی محەمەد وتیشی: حەوت نەشتەرگەری بۆ کراوە و چیتر پێویستی بە نەشتەرگەری نەماوە.

نەخۆشخانەی ووهان کە تایبەت بوو بە تووشبووانی ڤایرۆسی کۆرۆنا بەتەواوی داخرا



دوێنێ یەکشەممە 8ی ئادار ئاژانسی "شینخوای"ی چینی ڕایگەیاند، نەخۆشخانە تایبەتییەکەی ووهان، کە تایبەت بوو بە تووشبووانی ڤایرۆسی کۆرۆنا، بەیانی ڕۆژی یەکشەممە کارەکانی تەواو کرد و پرۆسەی خاوێنکردنەوەی بۆ کرا و داخرا. ئاژانسەکە ئاماژەشی پێدا، هەموو نەخۆشەکان لە نەخۆشخانە کاتییەکەی هەرێمی هووبی لە چین چوونە دەرەوە، دوای چاکبوونەوەیان و هەندێکیان گواستراونەوە بۆ نەخۆشخانەیەکی دیکە.

ئاماژەشی پێدا، بەیانی ڕۆژی یەکشەممە کارەکان لە نەخۆشخانە کاتییەکە بەشێوەیەکی فەرمی کۆتاییهات، دوای ئەوەی گشت پرۆسەی خاوێنکردنەوەی نەخۆشخانەکە تەواوبوو.

ئاژانسەکە هەندێک وێنەی بڵاو کردەوە، کە دیمەنی نائاسایی نەخۆشخانە کاتییەکە پیشان دەدا، کە دەسەڵاتدارانی چین بە کەمتر لە 10 ڕۆژ دروستییان کرد، بە درێژایی دوو مانگی ڕابردوو پڕبوو لە تووشبووانی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ، هەروەها تیمێکی کارکردنی پزیشکی کە چەندین کاتژمێریان بەسەر برد لە سەرپەرشتیکردنی تووشبووان لە مۆڵگەی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لەم نەخۆشخانەیە.

ئەمەو، ژمارەی مردووان لە چین لەم چەند ڕۆژی ڕابردوو پاشەکشەیەکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە، کە دەسەڵاتدارانی چین ئێوارەی شەمە تەنها 27 حاڵەتی مردن و 44 حاڵەتی تووشبووی نوێ بە ڤایرۆسی کۆرۆنا ڕاگەیاند.

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان 295 کەس تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوون




بەپێی دواین ئامار کە دوێنێ یەکشەممە 2020/3/8 بڵاو کراوەتەوە لە سەرتاسەری ئێران شەش هەزار و566 کەس تووشی ڤایرۆسی کۆرۆرنا بوون و لەو ژمارەیە 295 کەسیان لە پێنج پارێزگای ڕۆژهەڵاتی کوردستانن.

هەرچەند ئامارە فەرمییەکانی ئێران، دیاریی ناکات لە هەر پارێزگا و شارێک چەند کەس گیانیان لەدەست داوە، بۆیە نازانرێت لەکۆی ئەو194 کەسەی کە لە ئێران گیانیان لەدەست داوە، چەند کەسیان لە شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانن.

بەپێی نوێترین ئاماری وەزارەتی تەندروستیی ئێران لە پێنج پارێزگای ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەرجەم295 کەس تووشی ڤایرۆسی کۆرۆرنا بوون، ژمارەی حاڵەتەکانی هەر پارێزگایەک بەم چەشنەیە:

پارێزگای ورمێ 40 حاڵەت
پارێزگای سنە 63 حاڵەت
پارێزگای کرماشان 33 حاڵەت
پارێزگای ئیلام 15 حاڵەت
پارێزگای لورستان 144 حاڵەت

جیاواز لە ئاماژە حکوومییەکان، هەندێ سەرچاوەی نافەرمیش باس لە گیانلەدەستدان لە شارەکانی سەقز، سنە، مەریوان و کرماشان دەکەن، بەڵام هێشتا هیچ ئاماڕێکی فەرمی لەمبارەوە بڵاو نەکراوەتەوە.



ئاکۆ چاوشین

ئاشتی و پێکەوەژیان

لای سەرۆک بارزانی

ئاشتی و پێکەوەژیان کاری مرۆڤەکانە، بەڵام بەداخەوە زۆرجار مرۆڤ بە ئەنقەست یان بە ناچاری تووشی هەڵەی گەورە دەبێ و لە بچووکترین دەرفەتدا بڕیاری کوشتن و بڕین دەدات و ئاشتیی نێوان گەلان یان کۆمەڵایەتیی نەتەوەیەک تێک دەدات.

گەلی کوردستانیش بە لایەنی کەمەوە سەد ساڵ زیاترە پەلامار دەدرێت و بەشێوەیەکی دڕندانە و بە پیلان ئەنفال و کیمیاباران و جینۆساید دەکرێت و کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیش تاڕادەیەکی زۆر بێدەنگ بوون، بۆیە بە ناچاری کورد و سەرکردەکانی پەنایان بۆ شۆڕش بردووە و بە توانایەکی مادی و مرۆیی کەمەوە، بەرەنگاری سەختیان کردووە و قوربانییەکی زۆریان داوە. بەڵام ئەوەی مایەی خۆشی و جێگای ڕێزە هیچ کات کورد پەنای بۆ تیرۆر و تێکدانی پەیوەندییەکانی نێوان گەلانی ناوچەکە نەبردووە و ئاشتیی نێوانیان تێک نەداوە، تەنیا بەرەنگاری حکوومەتە زاڵمەکان بوونەتەوە.

ئەم سەد ساڵەی باسی دەکەین، دەتوانین بڵێین زۆربەی بزووتنەوە و شۆڕشەکان لە بارزانەوە سەریانهەڵداوە، هەر لە سەردەمی شەهید شێخ عەبدولسەلام بارزانی و خودانی بارزان و بارزانیی نەمر کە ئێستاش سەرۆک مسعود بارزانییە. بەڵێ لەم ماوە دوور و درێژەدا و لە کاتی جەنگی خوێناوی دا کە سەروەت و سامان، ڕۆڵە خۆشەویستەکان لە بنەماڵە و گەلەکەت لە دەست دەدەیت، پەنا نەبەی بۆ کاری تیرۆر و تۆڵە و تێکدانی ئاشتیی کۆمەڵایەتی، کە زۆرجار هیچ هێزێک نەبووە دەستت بگرێت و خۆت خاوەن دەسەڵات بیت. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژوویەکی نزیک لە دەستپێکردنی شۆڕشی 26ی گوڵان تا ئێستا چەند قۆناغێکی هەستیارمان بڕیوە لە سەرکەوتن و شکست، بەڵام لە هیچ قۆناغێکدا مرۆڤدۆستی و ئاشتی و پێکەوەژیان لەبیر نەکراوە چ لە شاخ چ لەناو شاردا.

لە ساڵی 1983 ڕژێمی عێراق زیاتر لە 8000 هەزار پیاو و لاوی بارزانییەکانی لە بیابانەکانی عێراق زیندەبەچاڵکرد، بەڵام بارزانی دیلی دوژمنی ئازاد دەکرد و دیلکۆشتنی لە لایەن پێشمەرگەوە حەرام کردبوو. لە ساڵی 1988 لە داستانی خواکورکدا لەگەڵ ئەوەی دوژمن هیچ نەما لە ئەنفال و کیمیاباران و سووتاندنی گوند و شارەکانی کوردستان نەیکات، چەندین دیلی دوژمن لەدەست پێشمەرگەبوون و لە جیاتی تۆڵەکردنەوە، وەک سیفەتێکی باووباپیران و بڕوابوونی بە مافی دیلی جەنگ پاراستنی و پاشان ئازادکران.

لە ساڵی 1991 پاش ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان و ڕەوە یەک ملیۆنییەکەی کوردان، حکوومەت ناچاربوو داوای دانوستان بکات، سەرۆک بارزانی لەگەڵ حکوومەت و سەددام حوسێن کۆبۆوە بۆ بەرژەوەندیی میللەتەکەی، چونکە دەیزانی ئەو حکوومەتە چی بەسەر گەلەکەی و بنەماڵەکەی هێناو و چەندین برای لە سێدارە داوە، ئا ئەمەیە گیانی ئاشتیخوازیی و پێکەوەژیان لە جیاتی دوژمنایەتی و خۆپەرستی.

لە پێش ڕووخانی ڕژێمی سەددامیش هێزە بەرهەڵستکارەکانی عێراق کۆبوونەوە بۆ ئەوەی بڕیارێک وەربگرن، بۆ کاتی ڕووخانی بەعس، چی بکەن، ئەوەبوو سەرۆک بارزانی پێش هەموو لایەک داوای کرد لێبووردنی گشتی دەربکرێت، تا شەڕی ناوخۆ و تۆڵەکردنەوە دروست نەبێت لەنێوان خەڵک و ئەو نەتەوە و مەزهەبانەی لەلایەن ئەندامانی ڕژێمەوە زوڵمیان لێکرابوو، ئەم پێشنیارە بۆ خزمەتی گەلەکەی نەبووە، ئەوەندەی بۆ خزمەتی عەرەب و شیعە و سوننەی عێراق بوو، باوەڕ ناکەم کەسێک هەبێت لە جیهاندا لەم بڕیارە گەورەتر و مرۆڤدۆستانە و دووربینانەی بۆ ئاشتی دابێت، لە دەرەوەی گەلەکەی.


لەژێر سایەی سەرکردایەتیکردنی بەڕێزیان بووە کە هەرکات هاوواڵتییە عەرەبەکان بەهۆی بارودۆخی ناخۆشیی سروشتی یان شەڕی ناوخۆیی بە شەڕی داعشیشەوە ڕوویان لە کوردستان کردبێت، گیانی ئاشتیخوازیی و پێکەوەژیان و لێبووردن زاڵبووە بەسەر خەڵکی کوردستان بەهۆی هەڵوێستی سەرۆکەکەیانەوە(سەرۆک بارزانی) بەوەی دڵنیابوون ئەم هەنگاوانەش هەر لە خزمەت گەلەکەماندا دەبێت.

هەندێکجاریش لەلایەن هێز و پارتە سیاسییەکانی کوردستانیشەوە گێچەڵ بە پارتی و بارزانی کراوە، ئەگەر دڵسۆزی و دووربینی و ڕۆحی پێکەوەژیان و پاراستنی ئاشتیی کۆمەڵایەتی نەبێت، بۆ پاراستنی دەسکەوتە نیشتمانییەکان نەبێت لای سەرۆک بارزانی، لەو بڕوایەدام تا ئێستاش کورد، کوردی بکوشتایە و هەرچی بەخوێن دەستمان کەوتووە، لە دەستمان بدایە.

ڕاستە ئەو پێکەوەژیانەی نەتەوە و ئەدیان و مەزهەبی جیا هەیە لە کولتووری بارزانیی نەمردەوە ماوەتەوە، بەڵام ئەوە جەنابی سەرۆک بارزانییە پارێزەر و کارەکتەری بەردەوامی پێشبردنی ئەم کولتووەرە جوانەیە و هەر ئەم کولتوورەشە وای کردووە دۆستان لە دەرەوە و ناوەوە ڕێزی تایبەتییان بۆ سەرۆک بارزانی هەبێت و لەم ڕێگەیەشەوە گەلەکەمان بە ئاشتیخواز و پارێزەری هەموو خەڵکی کوردستان سەیر بکرێت. وەک نموونە پاپای ڤاتیکان ڕێزی پێ پایانی هەیە بۆ گەلەکەمان و لە پێشوازی برای گەورەمان کاک مەسرور بارزانی، ئەم پێزانینەی نیشان داین. لە بیرمە لەکاتی شۆڕشدا ڕۆژنامەنووسێکی بیانی، پرسیار لە جەنابی سەرۆک دەکات و دەڵێت: ئەو دەمانچەیەی پێتە، چییە؟ ئەویش دەفەرموێت: سمسە. ڕۆژنامەنووسەکەش دەڵێت: بەکارت هێناوە؟ سەرۆک لە وەڵامدا دەڵێت: نەخێر، هیوادارم پێویستیم بەوە نەبێت، بەکاری بهێنم.

ئەمەی سەرەوە کە من دەرکم پێیکردووە، زاتی و مشتێکە لە خەرمانی ئاشتیخوازیی و پێکەوەژیان لە لای سەرۆک و پێشمەرگەی کوردستانەوە و هیوادارم کەسانی دیکەش لەسەر ئەم بابەتە بە دیکۆمێنتارییەوە بنووسن و زیاتر بخرێتە خزمەتی گەلەلەکەمانەوە تا لە جیهاندا شانازی پێوە بکەین.

دەمیرتاش کاریکاتێر بۆ گۆڤاڕێکی تەنزئامێز دەکێشێت



ڕووداو: هاوسەرۆکی پێشووتری هەدەپە کە ئێستا لە زیندانداید، کاریکاتێرێک لە گۆڤاری "لە مان"ی تەنزئامێز بڵاوەدکاتەوە.

دوای ئەوەی لە سەرەتای ئەمساڵەدا سەڵاحەددین دەمیرتاش دەستی کرد بە گۆشەنووسی لە ڕۆژنامەی "یەنی یاشام"، ئەمجارەش کاریکاتێرێکی لە گۆڤاری تەنزئامێزی "لە مان" بە ناونیشانی "بڕچی" بڵاوکردەوە.

دەمیرتاش لە کاریکاتێرەکەدا وێنەی کەسێکی کێشاوە لە وێستگەی پاسی نزیک لە یەکێک لە گرتووخانەکانی تورکیا و کێبێکی بەدەستەوەیە و لەتەنیشت ئەو کەسەشەوە پیرەژنێک دانیشتووە و پرسیاری لێدەکات، "ڕۆڵە بۆچی هەموو ڕۆژێک چەندین کاژێر لێرە دادەنیشیت و کتێب دەخوێنیتەوە؟"

پیاوەکەش لە وەڵامی پیرەژنەکەدا دەڵێت "من لە کەشوهەوای ئازادی ڕانەهاتووم. بەردەوام لە گرتووخانەدا کتێبم دەخوێندەوە. ئێستاش کە ئازاد بووم، هەوڵ دەدەم خۆم ڕابهێنم لەگەڵ خوێندنەوە لە دەرەوەی گرتووخانە، بەڵام ڕانەهاتووم". دەمیرتاش جگە لە کەسایەتییە سیاسییەکەی، خاوەنی سێ کتێبی چیرۆک و ڕۆمانە بە ناوەکانی "سەحەر، دەوران و لەیلان" هەروەها ساز دەژەنێت، وێنەکێشە و جارجاریش شیعر دەنووسێت.

بەهۆی کۆرۆناوە هەموو دەروازەکانی مووسڵ دادەخرێن

پارێزگای نەینەوا بە بڕیارێک مۆڵەتی 24 کاتژمێر بە خەڵکی مووسڵ دەدات و هەموو دەروازەکانی شارەکە دادەخات. بەپێی نووسراوێک، کە دوێنێ یەکشەمە 2020/3/8 دەرچووە، سیروان ڕۆژبەیانی، جێگری یەکەمی پارێزگاری نەینەوا ژمارەیەک بڕیاری بۆ ڕێگرتن لە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە مووسڵ، داوە.

بڕیارەکانیش بریتین لە:

- دەبێ خەڵکی مووسڵ، کە ئێستا لە دەرەوەی شارەکەن، لە ماوەی 24 کاتژمێر بگەڕێنەوە (ئەگەر خۆیان بیانەوێ بگەڕێنەوە).
- فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنەکانی نەینەوا پابەندن بە دانانی تیمی پزیشکی لە دەروازەکانی مووسڵ، بۆ پشکنینی ئەو بەرپرسانەی سەردانی شارەکە دەکەن.
- هەموو کافتریا، قاوەخانە و هۆڵەکانی بۆنەکان لەمڕۆوە بۆ ماوەی 15 ڕۆژ دادەخرێن.
- دەزگا ئەمنییەکان ئاماری هەموو ئەو کەسانە کۆ دەکەنەوە، کە لە پارێزگاکانی دیکە سەردانی مووسڵیان کردووە.
- ژووری بەردنگاربوونەوەی کۆرۆنا لە هەموو یەکە ئیدارییەکانی نەینەوا دروست دەکرێت.
- پرسە و گردبوونەوەکان قەدەغە.
- پێویستە هاووڵاتیان لە بوونی هەر ئەگەرێکی تووشبوون بە کۆرۆنا، حکوومەتی خۆجێیی نەینەوا ئاگادار بکەنەوە.
- پێویستە سەرپەرشتیارانی پەرستگەکان هاووڵاتیان لە ڕێنماییە تەندروستییەکان ئاگادار بکەنەوە.



یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان پێکهێنانی ئەنجوومەنی سیاسی کوردستان بە پێویست دەزانێ

کۆمیتەی سەرکردایەتی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان لە بارەگای مەکتەبی سیاسی YNDK لە شاری هەولێر، کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی ئەنجامدا، لە کۆبوونەوەکەدا گفتوگۆ لەسەر بارودۆخی سیاسی کوردستان و عێراق و ناوچەکە کرا. هەر لە کۆبوونەوەکەدا یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان، بە پێویستی زانیوە کە بەزووترین کات ناوەندی سیاسی و ناومالی کوردستان ڕێک و یەکبخرێتەوە، بۆ ئەمەش پێکهێنانی (ئەنجوومەنی سیاسیی کوردستان) کە تەواوی لایەنە سیاسییەکان بگرێتەخۆ بەگرنگ دەزانێ.

هەروەها یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان، ئەنجامدانی چاکسازییەکی گشتگیر لە تەواوی بوارەکانی بەڕێوەبردنی کوردستان بەپێویست دەزانێت و داواکارە حکوومەتی کوردستان تەواوی دەزگاو دامەزراوەکانی کوردستان بەشێوەیەکی سەردەمییانە سیستماتیک بکات و، ببێتە حکوومەتی هەموو خەڵکی کوردستان. هاوکات یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان، داوا لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەکات کار بۆ گەڕاندنەوەی کەرکووک و مەخموور و هەموو ئەو شوێنانە بکات کە بەپیلانێکی نەگریس کەوتنە بندەستی سوپای داگیرکەری عێراق.

ئیتاڵیا... بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆناوە 15 پارێزگا خرانە کەرەنتینەوە



لە ئیتاڵیا ڤایرۆسی کۆرۆنا بەشێوەیەکی بەرچاو بڵاوبووەتەوە، بەمەڕیەوە تا ئێستا 233 کەس گیانیان لەدەستداوە و پێنج هەزار و 883 حاڵەتی تووشبوونیش تۆمارکراون. بە ئامانجی ڕێگریکردن لە بڵاوبوونەوەی زیاتری ڤایرۆسەکە حکوومەتی ئەو وڵاتە ڕێوشوێنی ئەمنی توندی لە لۆمباردیا و 14 شاری دیکە گرتووەتەبەر.

لەوبارەیەشەوە دوێنێ یەکشەمە سەرۆکوەزیرانی ئیتاڵیا، جوزێپێ کۆنتێ لەمیانی کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانییدا ڕایگەیاند: دوو ناوچەمان دروستکردووە، یەکێکیان تایبەتە بە لۆمباردیا و ئەوی دیکەیان تایبەتە بە پارێزگاکانی دیکە. جگە لە حاڵەتی بەپەلە هەموو چوونە دەرەوە و هاتنە ناوەوەیەک بۆ ئەم ناوچانە قەدەغەیە.

جوزێپێ کۆنتێ ئەوەشی ئاشکرا کرد کە جگە لە لۆمباردیا 14 شاری دیکەش خراونەتە کەرەنتینەوە و چالاکییە وەرزشییەکانیش لەو ناوچانە بەبێ ئامادەبی جەماوەر بەڕێوەدەچن، تەواوی چالاکییە جەماوەرییەکانی دیکەش هەڵدەپەسێردرێن.

سەرۆکوەزیرانی ئیتاڵیا باسی لەوەشکرد کە تەواوی ناوەندە کۆمەڵایەتییەکانی وەک مەلەوانگە و سینەما لەو ناوچانە داخراون و قوتابخانەکانیش تا سێی نیسان کراونەتە پشوو. شایەنی باسە ناوچەی لۆمباردیا لە ئیتاڵیا زۆرترین حاڵەتی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنای تیادا تۆمار کراوە کە 154 حاڵەتی گیانلەدەستدان و سێ هەزار و 420 حاڵەتی تووشبوونە.

www.xebat.net
دووشەممە 2020/3/9 ژمارە (5948) | خەبات

پێشتریش 50 ئەندام پەرلەمانی هەدەپە پارێزبەندییان لەسەر هەڵگیرا

تورکیا... ئاکەپە و مەهەپە هەوڵی هەڵگرتنی پارێزبەندی لەسەر پەرلەمانتارێکی جەهەدە دەدەن



پەرلەمانی تورکیا (ئێنگین ئۆوکۆچ) سەرۆکی فراکسیۆنی جەهەپە هێرشی تووندی کردە سەر رەجەب تەییب ئەردۆغان و بە بێڕەوشت و بێ ناموس ناوی برد، بۆیە ئەندام پەرلەمانەکانی ئاکەپە و مەهەپە لەسەر داوای ئەردۆغان ئامادەکاری دەکەن تا پارێزبەندیی لەسەر (ئێنگین ئۆوکۆچ) هەڵبگیرێت و پاشانیش دادگایی بکرێت.

محەمەد مەتینەر ئەندام پەرلەمانی ئاکەپە، لە لێدوانێکیدا بۆ ماڵپەڕی (CNN)ی تورکی، ئاشکرای کرد کە دۆسیەکەیان داوەتە لیژنەی یاسایی و ئەوانیش بۆ وەزارەتی دادی دەنێرن و پاشان لەناو پەرلەمان هەڵگرتنی پارێزبەندی لە (ئێنگین ئۆوکۆچ) دەخرێتە دەنگدانەوە.

پێشتر لە 2016 کاتێک پارێزبەندی لەسەر 50 ئەندام پەرلەمانی هەدەپە هێگیرا و جەهەپەش پشتگیری هەڵگرتنی ئەو پارێزبەندییەی کرد، سەلاحەدین دەمیرتاش هاوسەرۆکی هەدەپە گوتی: جەهەپە هەڵەی کرد دەنگی بە بەڵێ دا بۆ هەڵگرتنی پارێزبەندی لە ئەندام پەرلەمانەکانی هەدەپە، چونکە رۆژێک دێت ئەوانیش وەکو ئێمە دادگایی دەکرێن و پارێزبەندییان لەسەر هەڵدەگیرێت. دیارە قسەکەی دەمیرتاش بووە راست و ئێستا نۆرەی جەهەپەیە.

ئەگەر بێت و ئەوکات جەهەپە پشتگیری لە ئاکەپە و مەهەپە نەکردایە بۆ هەڵگرتنی پارێزبەندی لە ئەندام پەرلەمانەکانی هەدەپە، ئێستا سەلاحەدین دەمیرتاش و فیگەن یوکسەکداغ و 9 ئەندام پەرلەمانی تری هەدەپە لە زیندان نەدەبوون. بۆیە ئێستا هەمان سیناریۆ بەسەر جەهەپەدا هاتووە و ئەگەر هەدەپە پشتگیری لە هەڵگرتنی پارێزبەندی لە ئەندام پەرلەمانەکەیان بکات، ئەویش دەخرێتە زیندانەوە.

لە تورکیا پارێزبەندی چۆن هەڵدەگیرێت؟

بۆ هەڵگرتنی پارێزبەندی لە هەر ئەندام پەرلەمانێک، پێویستە چەند ئەندام پەرلەمانێک دۆسیەی ئەو ئەندام پەرلەمانە ئامادە بکەن کە دەیانەوێت پارێزبەندی لەسەر هەڵبگرن و بیدەنە لیژنەی یاسایی لە پەرلەمان. لیژنەش بە زۆرینەی دەنگ، دەینێرێتە وەزارەتی داد و پاشان دەدرێتە دیوانی پەرلەمان و دەنگی لەسەر دەدرێت.

بەڵام بۆ ئەوەی بتوانیت پارێزبەندی لەسەر هەر ئەندام پەرلەمانێک هەڵبگریت، پێویستت بە 50+1ی دەنگی ئەندام پەرلەمانەکان نابێت، بەڵکوو پێویستە 2 لەسەر 3ی ئەندام پەرلەمانەکان بە بەڵێ دەنگ بدەن، ئەوکات پارێزبەندی بە تەواوی هەڵدەگیرێت.

لێرەدا ئاکەپە و مەهەپە دەتوانن لە لیژنەی یاسایی دۆسیەکە تێپەڕێنن، بەڵام لەناو پەرلەمان و لە پرۆسەی دەنگداندا، ئەوان ناتوانن2 لەسەر 3ی دەنگی ئەندام پەرلەمانەکان کۆ بکەنەوە، چونکە ئاکەپە و مەهەپە 344 کورسییان هەیە، کە پێویستە400 دەنگیان هەبێت لە کۆی600 کورسی پەرلەمان. بۆیە ئەگەر بێت و هەدەپە پشتگیری لە هەڵگرتنی پارێزبەندی لە ئەندام پەرلەمانەکەی جەهەپە بکات و تۆڵەی خۆی لە جەهەپە بکاتەوە، پارێزبەندی لەسەر هەڵدەگیرێت و ئیدی دادگایی دەکرێت و دەخرێتە زیندانەوە.

عێراق پێنج دەروازەی سنووریی لەگەڵ ئێران داخست



دەستەی دەروازە سنوورییەکانی عێراق رایگەیاند کە لەچێوارچێوەی گرتنەبەری ڕێوشوێنەکان بۆ خۆپاراستن لە ڤایرۆسی کۆرۆنا، دەستیکردووە بە جێبەجێکردنی بڕیاری داخستنی پێنج دەروازەی سنوورییی لەگەڵ ئێران.

بەپێی بڕیارەکە، پێنج دەروازەی سنوورییی عێراق لەگەڵ ئێران بەڕووی جموجۆڵی بازرگانی و گەشتیاراندا تا 15ی ئەم مانگە داخراون.

لەوبارەوە گوتەبێژی دەستەی دەروازە سنوورییەکانی عێراق، عەلائەددین قەیسی لە راگەیەندراوێکدا ئاماژەی بەوەکردووە کە دەراوزە سنوورییەکانی شەلامچە لە پارێزگای بەسرە، شیب لە پارێزگای میسان، زرباتییە لە پارێزگای واست، مونزەرییە و مەندەلی لە پارێزگای دیالە لەگەڵ ئێران، بەڕووی جموجۆڵی بازرگانی و گەشتیاراندا داخراون.

عەلائەددین قەیسی باسی لەوەشکردووە، بڕیارەکە لەسەر فەرمانی ژمارەی 64ی ئەمنیداریەتی گشتی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران، لە رۆژی یەکشەمم 2020/3/8ـەوە چووەتە وای جێبەجێکردنەوە و تا15ی ئەم مانگە بەردەوام دەبێت.

ئەمەش لە کاتێکدایە کە56 حالەتی تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنا لە عێراق تۆمارکراون کە تا ئێستا پێنجیان گیانیان لەدەستداوە و چواری دیکەیان چاکبوونەتەوە. پێشتر حکوومەتی عێراق دەوامی لە ناوەندەکانی خوێندن کردە پشوو و گەشتکردنی هاووڵاتیبانی بۆ چین، ئێران، ژاپۆن، کۆریای باشوور، تایلاند، سەنگاپوور، ئیتاڵیا، کوێت، بەحرێن، فەرەنسا و ئیسپانیا تا کاتێکی نادیار قەدەغەکرد.



لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی تەحریر ئەلشام لە نێو لیستی تیرۆریستان دایە

تەحریر ئەلشام ڕێککەوتنی ئاشتی لە ئیدلیب ڕەتدەکەنەوە

لەمیانەی ڕەخنەکانی ئاڕاستەی کشانەوەیان کراوە لە شەڕی نێوان هێزەکانی ڕژێمی ئەسەد و هێزەکانی تورکیادا لە ئیدلیب، کۆمەڵەی تەحریر ئەلشام بەیاننامەیەکی مایەی نیگەرانیان دەرکرد کەتێدا باس لە ڕێککەوتنی نێوان تورکیا و ڕووسیا لە ئیدلیب دەکەن. ئەو کۆمەڵەیەی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی لە نێو لیستی تیرورستاندایە، دەڵێیت ڕێککەوتنەکەی نێوان پۆتن و ئەردۆغان تەمومژاویە و ڕوون نییە.

لە بەیاننامەیەکدا سوپاسی خۆیان ئاڕاستەی تورکیا کردووە و ئاماژەیان بەوە داوە کە تورکیا ئەو ڕێککەوتنە هەڵدەوەشێنێتەوە لەبەر دوو هۆ، یەکەمیان هەوڵی مۆسکۆ بۆ بەهێزکردنی دەستگرتنەوەی ئەسەد بەسەر ئیدلیب، و دووەمیان ئەوەی ئەو ڕێککەوتنە ڕۆن نییە. کۆمەڵە تیرۆریستییەکە داواشی لە چەکدارەکانی کردووە بەردەوامبن لە شەڕکردن دژ بە هێزەکانی ڕژێم و ڕووسیا.

بەیاننامەکەی هیئەت تەحریرئەلشامی تیرۆریست کە بەهێزترین گروپی چەکداربوو لە ئیدلیب، هاتووە لەم دەمەی ڕەخنەیان لێگیراوە لەلایەن کۆمەڵەکانی چەکداری تردە ئەوانەی بەرەی نیشتیمانی ڕزگارکردن پێکدەهێنن بەوەی دەستیان لە شەڕ لە گەڵیان بەرامبەر هێزەکانی ڕژێمی ئەسەد هەڵگرتووە.

سەرچاوە: دەنگی ئەمەریکا



لە سنووری کەرکووک دەست بەسەر دوو مۆڵگەی داعشدا گیرا

لە سنووری پارێزگای کەرکووک دەست بەسەر دوو مۆڵگەی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعشدا گیرا.

بەپێی ڕاگەیاندراوێکی پۆلیسی فیدراڵیی عێراق هێزەکانی پۆلیسی فیدراڵی لە سنووری ناحیەی ڕەشادی سەر بە پارێزگای کەرکووک دەستیان بەسەر دوو مۆڵگەی تیرۆریستانی داعشدا گرتووە. ئەوەش خراوەتە ڕوو، هاوکات لە سنووری ناوچەی "تەرفاو"ی سەر بە ناحیەی ڕەشاد دەست گیراوە بەسەر چوار بۆمبی چێندراو و چوار ڕاستەی تەقینەوە و پاشان مۆڵگەکان تێک دران، هەروەها بۆمبەکانیش لەلایەن ئەندازەی سەربازییەوە پووچەڵ کرانەوە.

هاوکات لەبارەی زۆری جموجۆڵی داعش و کردەوە تیرۆریستییەکانیانەوە، ئیدریس عادل، جێگری بەرپرسی مەڵبەندی کەرکووکی یەکێتیی، بە باسنیوزی ڕاگەیاندووە: پێشتر تیرۆریستانی داعش مووسڵ و زیندان نەدەبوون. بۆیە ئێستا هەمان سیناریۆ بەسەر جەهەپەدا هاتووە و ئەگەر هەدەپە پشتگیری لە هەڵگرتنی پارێزبەندی لە ئەندام پەرلەمانەکەیان بکات، ئەویش دەخرێتە زیندانەوە.

لە تورکیا پارێزبەندی چۆن هەڵدەگیرێت؟

بۆ هەڵگرتنی پارێزبەندی لە هەر ئەندام پەرلەمانێک، پێویستە چەند ئەندام پەرلەمانێک دۆسیەی ئەو ئەندام پەرلەمانە ئامادە بکەن کە دەیانەوێت پارێزبەندی لەسەر هەڵبگرن و بیدەنە لیژنەی یاسایی لە پەرلەمان. لیژنەش بە زۆرینەی دەنگ، دەینێرێتە وەزارەتی داد و پاشان دەدرێتە دیوانی پەرلەمان و دەنگی لەسەر دەدرێت.

بەڵام بۆ ئەوەی بتوانیت پارێزبەندی لەسەر هەر ئەندام پەرلەمانێک هەڵبگریت، پێویستت بە 50+1ی دەنگی ئەندام پەرلەمانەکان نابێت، بەڵکوو پێویستە 2 لەسەر 3ی ئەندام پەرلەمانەکان بە بەڵێ دەنگ بدەن، ئەوکات پارێزبەندی بە تەواوی هەڵدەگیرێت.

لێرەدا ئاکەپە و مەهەپە دەتوانن لە لیژنەی یاسایی دۆسیەکە تێپەڕێنن، بەڵام لەناو پەرلەمان و لە پرۆسەی دەنگداندا، ئەوان ناتوانن2 لەسەر 3ی دەنگی ئەندام پەرلەمانەکان کۆ بکەنەوە، چونکە ئاکەپە و مەهەپە 344 کورسییان هەیە، کە پێویستە400 دەنگیان هەبێت لە کۆی600 کورسی پەرلەمان. بۆیە ئەگەر بێت و هەدەپە پشتگیری لە هەڵگرتنی پارێزبەندی لە ئەندام پەرلەمانەکەی جەهەپە بکات و تۆڵەی خۆی لە جەهەپە بکاتەوە، پارێزبەندی لەسەر هەڵدەگیرێت و ئیدی دادگایی دەکرێت و دەخرێتە زیندانەوە.

سعوودیە.. دەنگۆی دەستگیرکردنی زیاتر لە 20 شازادە



دەنگۆی ئەوە بڵاوبووەتەوە کە بە فەرمانی جێنشینی سعوودیە، شازادە محەمەد بن سەلمان زیاتر لە20 شازادەی دیکە دەستگیرکراون. ئاژانسی هەواڵیی میدڵئیست ئای لە هەواڵێکدا بانگەشەی ئەوەی کردووە کە دوابەدوای دەستگیرکردنی شازادە ئەحمەد بن عەبدولعەزیز، برای شای سعوودیە، سەلمان بن عەبدولعەزیز بە فەرمانی جێنشینی ئەو وڵاتە، شازادە محەمەد بن سەلمان زیاتر لە 20 شازادەی دیکە بەتۆمەتی هەوڵدان بۆ ئەنجامدانی کودەتا دەستگیرکراون. لە هەواڵەکەدا باس لەوەشکراوە کە هەریەکە لە شازادە نایف بن ئەحمەد بن عەبدولعەزیز و جێنشینی پێشوو، شازادە محەمەد بن نایف لەنێو دەستگیرکراوەکاندان. ئاماژە بەوەش دراوە کە دوای دەستگیرکردنی ئەو شازادانە، محەمەد بن سەلمان داوای لە شازادەکانی دیکەی خێزانی ئال سعوود کردووە لە تۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەر، پشتگیری خۆیانی بۆ دووپات بکەنەوە، سێ شازادەش ئەم داواکارییەیان بەجێهێناوە.

ئاوی هەولێر کێشەی نییە

وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستان تاقیگەی ئاوی هەولێری بەسەرکردەوە



بەمەبەستی بەدواداچوون و زانینی کوالیتی ئاوی هەولێر بە تایبەتی کە ئێستا ڤایرۆسی کۆرۆنا بووەتە مەترسی و ئەگەری بڵاوبوونەوەی لە ڕێگەی هۆکارە جیاوازەکانەوە هەیە، ئەمڕۆ یەکشەممە 8ی ئاداری 2020 ساسان عەونی وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزاری حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی مەیدانی سەردانی بەشی تاقیگەی سەر بە بەڕێوەبەرایەتیی ئاوی هەولێری کرد، بۆ لە نزیکەوە ئاگادار بوون لە کاروبارەکانیان و خۆئامادەکردن بە مەبەستی گرتنەبەری ڕێکاری پێویست بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا بەهۆی ئەوەی ئاو دەچێتە هەر ماڵێکەوە. لەو بەسەرکردنەوەیەدا وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار سەردانی ژوورەکانی تاقیگە و وەرشەی کرد و بە وردی بەدواداچوونی کرد، کارمەندانی بەشی تاقیکردنەوە جەختیان کردەوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی پەتای کۆرۆنا بەکارهێنانی کلۆریان بەشێوەیەکی ستاندارد ڕێکخستووە و تیمەکانیان زیاد کردووە، وێڕای ئەوەش دڵنیایی تەواویاندایە وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار کە ئاوی هەولێر هیچ کێشەیەکی نییە و بەردەوام پشکنینی بایۆلۆجی و پشکنینی کیمیایی بۆ ئاوی بیرەکان و ئاوی ئیفراز دەکەن بە تایبەتی لە ئێستادا بەهۆی مەترسی زیاتر بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا جۆرەکانی پشکنینەکانیان زیادتر کردووە، وەک پشکنینی بایۆلۆجی و کیمیایی، پشکنینی بایۆلۆجی بۆ دەستنیشانکردن و دۆزینەوەی بەکتیریایە لە ئاوی ماڵان، ئەوەش دوای ئەوەی نموونەی ئاو لە تۆڕەکانی دابەشکردن وەردەگیرێت و لە دەزگایەکی تایبەتدا پشکنینی بۆ دەکرێت، لە ئێستاشدا ئەو پشکنینە زیاتر و وردتر دەکرێت وەک ئامادەکارییەک بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کۆرۆنا، کارمەندانی تاقیگەکە جەختیشیان لە خاوێنی ئاوی هەولێر کردەوە.

پرسە و سەرەخۆشی

بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان
بۆ مامۆستا سەلام عەبدوڵلا
بە دڵگرانییەکی زۆرەوە، هەواڵی کۆچی دوایی خاتوو (زەکیە عەبدوڵلا) خوشکی بەڕێزتانمان پێگەیشت، خۆمان بە هاوبەشی خەمی خانەوادە بەڕێزەکەتان دەزانین و سەرەخۆشی لە ئێوە و خزم و دۆست و ئاشنایانتان دەکەین.
خوای گەورە سەبر و دڵنەواییتان پێ ببەخشێت و خوالێخۆشبوو بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات.
إنا لله و إنا إليه راجعون
بارەگای بارزانی

***

بۆ عەمیدی مافپەروەر ئیدریس رەفعەت
بەڕێز عەمیدی مافپەروەر ئیدریس رەفعەت، بە دڵگرانییەکی زۆرەوە، هەواڵی کۆچی دوایی خاتوو (ساکینە نوری)دایکی بەڕێزتانمان پێگەیشت، خۆمان بە هاوبەشی خەمی خانەوادە بەڕێزەکەتان دەزانین و سەرەخۆشی لە ئێوە و خزم و دۆست و ئاشنایانتان دەکەین.
خوای گەورە سەبر و دڵنەواییتان پێ ببەخشێت و خوالێخۆشبوو بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات.
إنا لله و إنا إليه راجعون
بارەگای بارزانی

***

بۆ بەڕێز مامۆستا سەلام عەبدوڵلا
بەڕێزی کۆچی دوایی خاتوو (زەکیە عەبدوڵلا) خوشکی بەڕێزتان، بەناوی سەرجەم ستافی ڕۆژنامەکەمان، پرسە و سەرەخۆشی خۆمانتان ئاراستەی جەنابتان و خانەوادەی بەڕێزتان دەکەین و لە خوای گەورە داواکارین خوالێخۆشبوو بەبەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات و سەبووری و ئارامی بە ئێوە و خانەوادەتان ببەخشێت و دوا کۆستی بنەماڵەکەتان بێت.
إنا لله و إنا إليه راجعون
خەبات

د. فرسەت سۆفی:

هەزار و 351 کەس لە هەولێر کەرەنیتن کراون



پاریزگاری هەولێر د. فەرسەت سۆفی رایگەیاند پێش ئەوەی هیچ حاڵەتێکی کۆرۆنا لە هەرێمی کوردستان تۆمار بکرێت، حکوومەتی هەرێم دەستیکرد بە گرتنەبەری ڕێوشوێنی تایبەت بۆ بەرەنگاربوونەوەی ڤایرۆسەکە، ئێستاش کۆمەڵێک ڕێوشوێنمان گرتووەتەبەر، بێگومان ئەگەر حاڵەتێکی ئاسایی بوایە، بەدڵنیاییبیەوە ڕێوشوێنەکان قبوڵ کراو نەدەبوون، بەڵام لەبەر بەرژەوەندی خەڵک ئەو بڕیارانەمان داوە و سوپاسی خەڵکیش دەکەین زۆر هاوکاریمان دەکەن.
پاریزگاری هەولێر گوتیشی: لە 20ی شوبات تاکو دوێنێ یەکشەممە، هەزار و 351 کەس لە سنووری پاریزگای هەولێر کەرەنیتن کراون، لەو ژمارەیەش لەسەدا 95 یان ئەوانەن کە لە سنووری حاجی ئۆمەران سەردانی ئێرانیان کردبوو، بەشێکیشان ئەوانەن کە بە قاچاخ هاتبوونەوە و بەشێکیشی لە سنووری خاڵی مونزەرییە هاتبوونەوە، لەو ژمارەیەش، دوێنێ957 کەسیان لە کەرەنتین دەرچوون، بەڵام ڕۆژانە خەڵکی دیکە کەرەنتین دەکرێن. پاریزگاری هەولێر گلەیی لەوە هاوولاتییانە کرد کە بەشێوەیەکی نایاسایی و بەقاچاغ دێنەوە هەرێمی کوردستان، چونکە ئەگەر تێکەڵ بووبن ئەوا دەبێت خێزان و منداڵەکانیشیان کەرەنتین بکرێن.
داواش دەکەین هاوولاتییان هەواڵمان پێ بدەن چونکە ئەمە پەیوەندی بە تەندروستی هاوولاتییانەوە هەیە. پاریزگاری هەولێر ئاشکرایشی کرد کە لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزیران داوا دەکات هاوشێوەی عێراق، سنووردەکان بۆ هاتنەوەی هاوولاتییان دابخرێت و، مۆڵەتی چەند ڕۆژێک بدرێت بەو هاوولاتییانەی لە دەرەوەن، دوای ئەو مۆڵەتە هەرکەسێک نەگەڕێتەوە ئەوا ڕێگا بەهاتنەوەی هیچ کەسێک نادرێت. سەبارەت بە حاڵەتە تۆمارکراوەکانی پاریزگای هەولێر، فەرسەت سۆفی گوتی: تا ئێستا دوو حاڵەت لە هەولێر هەیە، یەکێکیان سەردانی ئێرانی کردووە و شێرپەنجەی هەبووە تەمەنی49 ساڵە، ژنێکی دیکەش تەمەنی 33 ساڵە بە دوای وردەکاری هۆکاری تووشبوونی دەچێن، سەرجەم ئەو شوێنانە تەعقیمکراون و هیچ کەسێک لە خێزانەکەیشی تووش نەبووە. پاریزگاری هەولێر باسی لە ڕێکارەکانی ئالۆگۆڕی بازرگانی لە دەروازەی سنووری حاجی ئۆمەران کرد و گوتی: ئەوەی هەیە ئێستا هەر لەسەر سنوور سەرجەم بارەکان لەژێر کۆنترۆڵی ئاسایش دەخرێنە بارهەڵگرەکانی خۆمان و ڕێگا بەشوفێرانی ئێرانی نادرێت تێکەڵ بە شوفێرانی ئێمە بن.

پاریزگەڕێ دهۆکێ کومبونەک دگەل زانایێن ئاینی و ڕێڤەبەرێن ئەوقافێ ییّن هەموو ئولا سازکر



دوهی سپێدێ 8/3/2020 ل کوچکا میهڤاندارێا فەرهاد ئەمین ئەتروشی پاریزگەڕێ دهۆکێ ب ئامادەبونا ماجد سەید صالح جێگرێ پاریزگەڕێ دهۆکێ ب وەکالەت و ڕێڤەبەرێ گشتی یێ ساخلەمییێ کومبونەک دگەل سەرۆکێ لقێ دهۆکێ یێ ئێکەتیا زانایێن ئاینێ ئیسلامی و ڕێڤەبەرێ گشتی یێ ئەوقافێ و زانایێن ئاینی یێن لیژنا فەتوایان و ڕێڤەبەرێن ئەوقافێ ل قەزا و ڕێڤەبەرێن کاروبارێن ئێزدیان و ڕێڤەبەرێ کاروبارێن مەسیحیان ئەنجامدا. دکومبونێدا پاریزگەڕێ دهۆکێ دەست خوشی و سوپاسیا هەموو زانایێن ئاینی و لایەنێن بەرهەڤبوی کر ل دور ڕولێ وان گێرای بو هشیارکرنا باوەرداران و گرنگیا پێگریکرنا وان ب ڕێنماییێن حکومەتا هەرێما کوردستانێ و کارگێریا پاریزگەهێ و ساخلەمیا دهۆکێ ئەوێن هاتینە دەرکرن بو خوپاراستنێ ژ ڤایروسێ کرونا و تەکەزکر کو هەموو لایەنان ڕولەکێ گرنگ دیت و هەموویان پێگریەکا بەرچاڤ ب ڕێنماییێن گشتی کر. دور کومبونێ مەلا جیهاد سەروکێ لقێ دهۆک یێ ئێکەتیا زانایێن ئاینی گوت: ئەڤرو نونەرێن هەموو ئاینان هاتبونە کومبونێ و دووبارە هەموویان پێگریا خو ب ڕێنما وبریارێن پاریزگەهێ وساخلەمیا دهۆکێ دیارکریە چونکو دایخستنا ئەو جهێن قەربالغ لێ پەیدابیت وەکو مزگەفت و دێرا و جهێن پەرستنێ کارەکێ شەرعیە بو وێ یەکێ نەفسێن مروڤا ژنەخوشیا و ڤایروسێ کرونا بهێنە پاراستن وبێ جوداهی و ئەرکێ مە هەموویانە ئەم ڕەوشەنبیریا خو پاراستن دناڤ باوەرداراندا بەلافکەین و هیڤی دارین هەموو خەلک و دیندارێن مە پێگریێ ب ڕێنماییێن خوپاراستنێ بکەن دا ئەڤ نەخوشیە بهێتە دورکرن.

هەولێر.. سازدانی دووەم کۆبوونەوەی لیژنەی بااڵی بەرەنگاربوونەوەی پەتای کۆرۆنا



پ.د.جەوهەر فەتاح سەعید سەرۆکی زانکۆی سەلاحەدین بەوەکالەت، لەدیوانی سەرۆکایەتی زانکۆدا دووەم کۆبوونەوەی لەگەڵ لیژنەی بااڵی بەرەنگاربوونەوەی پەتای کۆرۆنا لە وەزارەتی خوێندنی باڵا، وەزارەتی تەندروستی، هەر لەدرێژەی باسەکاندا هەر چوار زانکۆ هەموو ئامادەکاریەک بکەن، کاتێ دەوام دەبێتەوە و چۆن بتوانن قوتابیان و مامۆستایان هەموو ڕێنمایی و خاڵ و ئاگادارکردنەوەکان بەباشترین شێوە جێبەجێ بکەن، تا بەهیچ شێوەیەک هیچ ترس و دڵەڕاوکێیەک دروست نەبێ، هەر لەوێدا پێیان باشبوو تەنیا وەزارەتی تەندروستی بەهەموو کارەکان ئەکادیمی هەموو خاڵ و ڕێنماییەکان بخەنە ڕوو، لەپاشاندا هەموو ئەو خاڵانە بەرزبکرێتەوە بۆ لیژنەی بااڵی بەرەنگاربوونەوەی پەتای کۆرۆنا لە وەزارەتی خوێندنی باڵا، وەزارەتی تەندروستی، کە پێکهاتبوو لە سەرۆک زانکۆکانی پۆلێتەنیکی هەولێر و زانکۆی هەولێری پزیشکی و ئەنجومەنی کوردستان بۆ پسپۆڕییە پزیشکییەکان، هاوکات سەرۆکی هەر چوار زانکۆ چەندین خاڵیان خستە ڕوو، تا بەشێوەیەکی زانستی هەموو لایەنەکانی ئەو پەتایە ڕوون بکرێتەوە، خۆیان بۆ هەموو ئەگەرێک ئامادە بکەن، بەشێوەیەکی زانستی و هەڵسێ و هەرچی پێشنیاز و ڕێنماییەکان بخرێتە بەردەم وەزارەتی تەندروستی تا ئەوان بڕیار و ڕێنماییەکان دەربکەن و هەوڵبدرێ بەباشترین شێوە هاوڵاتیانی کوردستان لەهەموو پەتا و ڤایرۆسەکان بپارێزرێ.

لناڤ بازارێ دهۆکێ هەوەکا ڕەشاندنێ هاتە ئەنجامدان ژبو خوەپاراستن ژنەخۆشیا کورونا



داوود، بەرپرسێ تیمێن ڕەشاندنێ ل ڕێڤەبەریا کاروبارێن خوە پاراستنا ساخلەمیا دهۆکێ دیارکر کو ساخلەمیا دهۆکێ دگەل دام و دەزگەهییێن پەیوەندیدار حەفت تیم بۆ بەرهەنگاریا نەخۆشیا کورونا پێک ئینایە ئەڤ تیمە هاتینە بەلافکرن ل سنۆری ئاکرێ و شێخان و زاخۆ و ئامێدیێ و بەردەرش و هەموو قەزا و ناحییێن دهۆکێ ئەڤرۆکە ل ناڤ بازارێ دهۆکێ و پارک و جادەییێن دهۆکێ هاتنە ڕەشاندن ئەم هیڤدارین وەلاتی ژی دگەل مەدا هەڤکار بن بۆ خوە پاراستنێ ژ نەخۆشیا کورونا ئەم بەردەوام کاردکەین بۆ پاراستنا گیانێ وەلاتیان. ئاشکەرا کرکو هەموو جهێن گشتی و قەرەبالغ دهێنە ڕەشاندن و تافیلکرن داکو ژیانا خەلکێ مە پاراستی بیت ئەڤ هەوا ڕەشاندنێ ب هەماهەنگیی دگەل ڕێڤەبەریا فیتەرنەریا دهۆکێ و ڕێڤەبەریا بەرگیریا شارستانی هاتە ئەنجامدان دێ بەردەوام بن هەتا ئەڤ نەخۆشییە نەمینت.

ژمارەیەک بڕیار لە سەندیکای پزیشکانی کوردستانەوە

ئەنجوومەنی بااڵی سەندیکای پزیشکان بڕیاری دا بە داخستنی سەرجەم سەنتەری جوانکاری و نۆرینگەکانی نەشتەرگەری جوانکاری و سەنتەری شیاندنەوەی پزیشکی تاکو 2020/4/1 هەروەها نۆرینگەکانی پزیشکی پێست تەنها حاڵەتەکانی نەخۆشی پێست ببینن، هیچ جۆرە کارێکی جوانکاری ئەنجام نەدەن. هەروەها سەنتەرەکانی منداڵی بلووری تەنها بەدواداچوون بکەن بۆ ئەو نەخۆشانەی پێشتریان، بە هیچ جۆرێک نەخۆشی نوێ وەرنەگرن و ڕێکاری چارەسەری نەگیرێتەبەر. جەختیش لەوەکراوەتەوە کە پزیشکانی لقەکانی دیکە سەردانیکردن و مەوعیدی هەر نەخۆشێک بە تەواوی ڕێکبخەن و لە هەشت نەخۆش زیاتر نەبینن لە کاتی دەوامی نۆرینگەکانیان، تاوەکو کەمتر تێکەڵبوون و بەریەککەوتن لەنێوان نەخۆشەکاندا هەبێت.
ڕاشیگەیاندووە کە نۆرینگەی پزیشکی خێزانی و نۆرینگەی پزیشکی شارەزای گشتی دابخرێن. لە فەرمانەکەی سەندیکادا هاتووە کە ئەم بڕیارە لە 2020/3/9 کاری پێ دەکرێت و هەر کەسێک پابەند نەبێت، ئەوا هاوولاتییان دەتوانن لە ڕێگای ژمارە مۆبایلی 07507838805 سەندیکای پزیشکان ئاگادار بکەنەوە.

لەگەرمیان زیاتر حەفتا کەس کەرەنتینەیان جێهێشت

خەبات ـ سەبریە یوسف
پاش ئەوەی هەفتەی ڕابردوو زیاتر لە 50 کەس کەرەنتینەی کەلاریان بەجێهێشت و پاک دەرچوون لەڤایرۆسی کۆرۆنا، دوێنێ 77 کەسی تر لەکەرەنتینەوە نێردرانەوە ماڵەوە. عەباس عەبدولعەزیز، جێگری بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی گەرمیان و سەرپەرتشیاری کەرەنتینەی کەلار، بە خەباتی ڕاگەیاند، ئەمڕۆ 70 هاوولاتی لە کەرەنتینەی کەلار، پاش ئەوەی پشکنیانی پێویستیان بۆ کرا و ماوەی مانەوەیان لە کۆرەنتینە تەواو بوو، بە تەندروستی باشەوە گەڕانەوە ماڵەکانی خۆیان.ووتیشی، لە ئێستادا لە کەرەنتینەی کەلار زیاتر لە 150هاوڵاتی ماون و باری تەندروستیان جێگیرە، پاش تەواوکردنی ماوەی مانەوەیان ئەو هاوڵاتیانەش لە کەرەنتینە نامێنن و دەچنەوە ماڵەوە. بەگوتەی ناوبراو دەرچوونی ئەم هاوڵاتیانە لەکاتێکدایە کە هەفتەی ڕابردوو 56 هاوولاتی وەک بەشی یەکەم پاش ئەوەی پشکنینیان بۆ کرا و ماوەی مانەوەیان تەواو بوو لە کەرەنتینەی کەلار بە باری تەندروستی جێگیرەوە دەرچوون.

پزیشکێکی کورد دڵنیایی دەداتە هاووڵاتیان

د.گۆران عەبدوڵڵا: دڵنیام ڤایرۆسی کۆرۆنا کۆتایی دێت

خەبات-عەلی بانیشاری

د.گۆران عەبدوڵڵا، پسپۆڕی لە سیستمی تەندروستی نێودەوڵەتی دەڵێت: کۆرۆنا کێشەی گەورە بۆ بەسالاچووان و ئەوانە دروست دەکات کە نەخۆشی دڕێژخایانیان هەیە. د.گۆران عەبدوڵڵا یەکەم پزیشک بوو کە لە کۆتایی مانگی کانوونی دووەمی ئەمساڵ لە بەریتانیاوە هۆشداری لە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە تەواوی جیهاندا و داوای کرد هاونیشتیمانیان بە باشی خۆیان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڤایرۆسەکە ئامادە بکەن.

د.گۆران عەبدوڵڵا دەڵێت: کۆرۆنا مەترسی و هەڕەشەیەکی تەندروستی گەورەیە، چونکە هەر ناوچەیەکی جیهان پەیوەندی لەگەڵ دەوروبەری خۆی هەیە. سەبارەت بەو زانیارییانەی لەبارەی کۆرۆناوە بڵاوەدەکرێنەوە؟ ئەو پسپۆڕەی سیستەمی تەندروستی نێودەوڵەتی دەڵێت: مەترسی ڤایرۆسەکە لەوەدایە نوێیە، هەر لەبەرئەوەش زۆر شت لە بارەیەوە نازانرێت و بە خێرایەکی لەڕادەبەدەر بڵاودەبێتەوە. پرسیاری ئەوەمان لێکرد کە کۆرۆنا زیاتر تووشی چ تەمەنێک دەبێت؟ ناوبراو لە وەڵامدا گوتی: ڤایرۆسەکە کێشەی گەورە بۆ بەسالاچووان و ئەوانە دروستدەکات کە نەخۆشی دڕێژخایەنیان هەیە وەکو شەکرە و دڵ و رەبۆ و نەخۆشییەکانی هەناسە و شێرپەنجە.

د.گۆران عەبدوڵڵا دڵنیایی دەدات ڤایرۆسی کۆرۆنا کۆتایی دێت و هیوای ئەوە دەخوازێت بە کەمترین زیان گەلی کورد لێی رزگاری ببێت.

دەشڵێت: کۆرۆنا وەکو هەر پەتایەکی دیکەی زستان و بەهارە وایە. پێشی وایە لەگەڵ بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرما ڤایرۆسەکە کەم دەبێتەوە یان لەناو دەچێت. ئەوەشی گوت: لەبەر نوێیەتی کۆرۆنا تائێستا نازانرێت کە چۆن لەگەڵ کەش و هەوا هەڵسوکەوت دەکات.

لەبارەی ئامادەکارییەکانی حکوومەتی هەرێم بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا ؟ د.گۆران عەبدوڵڵا دەڵێت: بە ئامادەکارییەکان دڵخۆشم، ئەگەرچی ڕەخنەشم لەو بارەیەوە هەیە، بەڵام ترسم لەوە هەیە ژمارەی توشبووان بە کۆرۆنا لە کوردستان زیاترین و پێیان نەزانرێت، چونکە بەشێک لەوانەی تووشی ڤایرۆسەکە بوون هیچ نیشانەیەکیان لێ بەدیار ناکەوێت، هەر ئەوەش وایکردووە دەستنیشانکردنی تووشبووان ئاسان نەبێت.

لەبارەی تۆمارکردنی یەک حاڵەتی مردن لە باشووری کوردستان بەهۆی کۆرۆناوە؟ ناوبراو دەڵێت: هێشتا زووە قسە لەسەر ئەو بابەتە بکرێت.

لەبارەی هەوڵەکانی وڵاتی چین بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کۆرۆنا و کەمبوونەوەی ژمارەی تووشبووان؟ ئەو پسپۆڕەی سیستەمی تەندروستی نێودەوڵەتی گوتی: بەشێک لە هەنگاوەکانی چین بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڤایرۆسەکە جێگای ڕەخنەن، بەڵام بە گشتی پێدەچێ ئەوەی چین کردی کاریگەری هەبووبێ لەسەر کەمکردنەوەی ژمارەی تووشبووان و گیانلەدەستدان بە کۆرۆنا. ئەو دەشڵێت: هەر لەسەرەتاوە ترسی لەوەمان هەبوو ڤایرۆسەکە لە وڵاتێک بڵاوبێتەوە کە توانای ئابووری و سیستمێکی تەندروستی تۆکمەی وەکو وڵاتی چینی نەبێ، ئەوە بوو ئەوەی لێ دەترساین ڕوویدا و لە وڵاتی ئێران بڵاوبویەوە.

لەبارەی ئەو ئامارانەی ئێران لەسەر ژمارەی تووشبوان و گیانلەدەستدان بە کۆرۆنا ڕۆژانە بڵاوی دەکاتەوە؟ د.گۆران عەبدوڵڵا دەڵێت: پێدەچێ حکوومەتی ئێران داتاکانی شاردبێتەوە و ژمارەی توشبووان و گیانلەدەستدان بە ڤایرۆسەکە وەکو خۆی ئاشکرا نەکات، ئەوەیش لە ترسی ئەوەی نەکا خەڵکی ئێران نەچن بۆ هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان، دواتریش بۆ کۆنترۆڵکردنی ترس و ناڕەزایەتی خەڵک، بەڵام وەکو بینرا ئەو جۆرە سیاسەتە کارەساتی مرۆیی گەورەی لێکەوتەوە.

ناوبراو داوا دەکات هاوڵاتیانی باشووری کوردستان زۆر بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ ڤایرۆسەکە بکەن. ئەو پسپۆڕەی سیستمی تەندروستی نێودەوڵەتی چەند ڕێنمایەک بە هاوڵاتیان دەدات و دەڵێت: پێویستە لە جاران زیاتر خەڵکی ئاگاداری پاکو خاوێنی بین، زوو زوو دەست بشۆن، کلێنکس بەکاربهێنین بۆ کۆکە و پژمە، ئاو و شلەمەنی زۆر بخۆینەوە، سەوزە و میوە زۆر بخۆین، وەرزش بکەین، جگەرە و نیرگەلە نەکێشین، ئەگەر کۆکە و پژمە و پەسیو هەبوو نەچنە ناو خەڵکەوە و لە ماڵەوە بمێنینەوە.

د.گۆران عەبدوڵڵا زیاتر لەوبارەیەوە گوتی: ئەگەر کەسێک هەناسە تووندی و تای هەبوو پێویستە سەردانی نەخۆشخانە بکات، زۆر گرینگیشە کە بە مێشکێکی سارد و دڵێکی گەرمەوە ڕووبەڕووی ئەم هەڕەشەیە ببینەوە. گوتیشی: پێویست ناکا بتۆقین، ئەگەر پابەندبین بە ڕێنماییەکانی سەرەوە دڵنیام دەتوانین ئەم بەڵایەش تێپەڕێنین، گەلی قارەمانی کورد چۆن توانی بەسەر بەڵایەکی وەکو داعش سەرکەوێ، دڵنیام بەسەر ئەم بەڵایەشدا سەردەکەوێ.



پسپۆڕێکی سیستەمی تەندروستی نێودەوڵەتی بۆ خەبات:

دەبێت هاووڵاتیان زۆر بە وریاییەوە مامەڵەی لەگەڵ بکەن



لەبارەی چەند تووشبوویەکی کۆرۆنا لە شاری سلێمانی و نەبوونی نیشانەکانی وەکو(کۆکە و پژمین و تای قورس و سوک) تێیاندا؟ ئەو پسپۆڕەی سیستمی تەندروستی نێودەوڵەتی دەڵێت: هیچ سەیروسەمەرەیەک لەو بابەتەدا نییە، بە هیچ جۆرێک جێگای سەرسوڕمان نییە، لە ڕاستیدا زۆرێک لەوانەی هەڵگری ڤایرۆسەکەن هیچ نیشانەیەکیان نییە، ئەوەش هۆکاری ئەوەیە کەوا بەخێرایی بڵاودەبێتەوە.

پشکنینی تەندروستیش لەسنورەکان ئەنجام دەدرێت

بەڕێوەبەری گشتی بازرگانی هەرێم بۆ «خەبات»: سنوورەکان دانەخراون و جموجۆڵی بازرگانی نێوان هەرێمی کوردستان و وڵاتانی دراوسێ بەردەوامی هەیە

ڕاپۆرتی/ سەید فاتیح بەرزنجی

دوابەدوای بڵاو بوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لەسەرتاسەری جیهان وئەو ڤایرۆسە گەیشتە وڵاتانی دراوسێ و کار گەیشتە ئەو ڕادەیەی کە ڤایرۆسە بگاتە عێراق و ژمارەیەک لە شارەکان و لەترسی ئەو ڤایرۆسە جموجۆڵی بازرگانی گۆڕانکاری بەسەرداهات، لەلایەن وەزارەتی تەندروستی و وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان چەندین ڕێنمایی گرنگ دەرچوو لەپێناو پاراستنی گیانی هاوواڵتیان شێوازی جموجۆڵی بازرگانی بەپێی ڕێنماییە تەندروستیەکان کاری لەسەرکرا سەبارەت بە چۆنیەتی ئاڵوگۆڕی بازرگانی لەنێوان سنورەکان سەردانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی بازرگانی هەرێمی کوردستانمان کردو لەو ڕاپۆرتەدا نەوزاد ئەدهەم بەڕێوەبەری گشتی بازرگانی هەرێم بۆ ڕۆژنامەی خەبات وردەکاری ڕێنمایی و ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێوان کوردستان و دەروازەکانی سنور ڕوونیکردەوە:




لە نەوزاد ئەدهەم بەڕێوەبەری گشتی بازرگانی هەرێم دەڵێت: ئەو ترسەی لەلایەن هاوواڵتیانەوە هەبوو کە تا ماوەیەک جموجۆڵی بازرگانی سستی تێبکەوێت، بەڵام دوای ئەوەی کەحکومەتی هەرێمی کوردستان چەند ئیجراائاتێکی پێویستی گرتەبەر سەبارەت بە خۆپاراستن ودەرکردنی چەندین ڕێنمایی گرنگی دەرکرد لەپێناو پاراستنی گیانی هاوواڵتیان لەو نەخۆشیە وای کرد کە ئەودڵە ڕاوکێیە بڕەوێتەوە هەربۆیە ئێمەش وەکو وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی ئەوئەرکە گرنگەی کە لەسەرشانمانە بەجێی بگەیەنین بۆئەوەی لەو بارودۆخەدا کاروبارو جموجۆڵی بازرگانی دڕێژەی هەبێت ڕۆژی 2/26ی ئەمساڵ لەسەر فەرمان و ڕاسپاردەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان چەند ڕێککارێک بۆ ئاڵوگۆڕی بازرگانی بگیرێتەبەر تاوەکو بەهۆی بڕیارەکانی پێشگرتن لە ڤایرسی کۆرۆنا کێشە بۆ خۆراک دروست نەبێت ئەوەبوو کۆبوونەوەیەکمان لەوەزارەتی بازرگانی لەگەڵ کۆمەڵێک بازرگانی خۆراک و خواردەمەنی و ئەوانەی کە ئالیک و پێداویستی دەهێنن لەگەڵ ژووری بازرگانی و یەکێتی هەناردەو هاوردەکاران ئەنجامداو تیایدا باسی خۆپاراستن لە ڤایرۆسی کۆرۆناوئەو ڕێنماییە گرنگانەی کە هەردوو وەزارەتی تەندروستی و ناوخۆی هەرێم دەیانکردووە دواتر باس لەکاری ئێستای ئاڵوگۆڕی بازرگانی کرا لەگەڵ بازرگانان و کۆمپانیاکانی هاوردەی خۆراک لەسنورەکانی وڵاتانی ئێران تورکیا ئەوان جەختیان لەوەکردەوە کە لەکۆگاکانیان بۆماوەی شەش مانگ خۆراکی وشکیان هەیە وەکو برنج و ڕۆن و شەکرو چا و دۆشاوی تەماتەو هەموو پێداویستیە گرنگەکانی ڕۆژانەیان هەیە بۆ هاوواڵتیان و قەیرانی خۆراک دروست نابێت و پێویستە هاوڵاتیان ئەوە بزانن کە ئەو نەخۆشیە کاتییەو ئەرکێکی نیشتیمانییە کە هەر دامەزگایەکی حکومی وهاونیشتمانیەک لە کوردستان پێشگیری لەو نەخۆشییە بکات و پابەندی ڕێنماییە تەندروستیەکان بێت و لەڕۆژی 2/29ی ئەمساڵ حکومەتی تورکیا بڕیارێکی دەرکرد بەڕاگرتنی هەناردەکردن و هاوردەکردنی کەل و پێداویستی و هاتوچۆکردنی هاوواڵتیان لە نێوان هەرێم و تورکیا دیارە بەهۆی ئەو بڕیارە لە ڕۆژی 3/1ی ئەمساڵ کۆبوونەوەیەکمان لەگەڵ کونسولی گشتی وڵاتی تورکیا بەئامادەبوونی کەمال موسلیم وەزیری بازرگانی و پیشەسازی هەرێم و وەزیری تەندروستی هەرێم و لەکۆبوونەوەکەدا باس لە ڕێگری کردن لە هاوردەو هەناردەی مەوادو پێداویستیەکان و کارو جموجۆڵی بازرگانی کرا لەکوردستان جا ئەگەر هاتوو جموجۆڵی بازرگانی لە نێوان هەردوو لا بوەستێت ئەوا هەردوو لا زەرەر مەند دەبن لەبەر ئەوەی بارودۆخی ئابووری وڵاتی تورکیا بەرەو خراپی دەڕوات وجا ڕێگریکردن لە هەناردەکردنی ئەو کەل و پەلانەو دەکات کە کۆمپانیایەکی زۆری ئەو وڵاتە زەرەرمەند بن لەو بابەتە بڕیە لەو کۆبوونەوەیە وابە پێویست زانرا باس لە گرتنەبەری ڕێککاری گرنگ بکرێت تا هەردوولا زەرەرمەند نەبن و کێشەش لەکوردستان دروست نەبێت هەرلەو کۆبوونەوەیەدا یەکەم بابەت کە جەختی لەسەر کرا ئێمە لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی بازرگانی هەرێم داوامانکرد کە ئەو ئوتومبێلانەی کە نزیکەی سێ تا چوار هەزار ئوتومبیلی بارهەڵگرلە دەروازەی تورکیاو لە گۆڕەپانی والی ئەو وڵاتە وەستاون و داوامانکرد کە سەرە تڕێلەکان داخیلی هەرێم نەبن بەڵکو سەرە تڕێلەی کوردستان بچێتە دیوی وڵاتی تورکیا چ لەچوون یاخود گەڕانەوە لەهەردوولا پشکنینی تەندروستی و خۆپارێزی بۆئەو شوفێرانە بکرێت کە دەپەڕنەوە دەکرێ ئەو پشکنینە لە هەردوولا ئەنجام بدرێت دژی ڤایرۆسی کۆرۆنا و ئەو سەرە تڕێلەیە دەگۆڕدرێت و عەرەبانە بارهەڵگرتنەکەی کە پرپەتی لەکەل و پەل دەتونرێت بگوازرێتەوە و کێشەی نییەو دەتوانرێت بەو شێوەیە ئوتومبیلی بارهەڵگر بێتە کوردستان و بەشێک لەوانە نوێنەریشیان لەگەڵ دەنێردرێت بۆشوێنی پێویست و لەوێ کەل و پەلەکان بەتاڵ دەکرێت دیارە ئەو پرۆسەیە چەند ڕۆژێکە دەستی پێکردووەو بەردەوامە تا ئەو هەموو ئوتومبیلە بارهەڵگرانە بە کەل و پەلەوە دێنە کوردستان و لەبڕگەی دووەمی کۆبوونەوەکەدا باسلەوە کرا کە ئەو مەوادو کەل و پەلانەی کە زۆر پێویستن ئەوانیش ڕێگەیان پێ بدرێت تا بێنە ناوکوردستان کەواتە بەشێوەیەکی گشتی کۆبوونەوەیەکی گرنگ بوو جگەلەوەش باس لە پابەند بوونی هەردوولاکرا لە پشکنینی تەندروستی و پزیشکی لەپێنا و سەلامەتی هەردوولا

دواتر نەوزاد ئەدهەم بەڕێوبەری گشتی بازرگانی هەرێم دەربارەی هەرسێ دەوازەکانی سنوری وڵاتی ئێران ڕوونیکردەوە: هەرسێ دەروازەکانی پەروێزخان و باشماخ و حاجی ئۆمەران ڕۆژانە لەکارکردنی جموجۆڵی بازرگانی لەکارکرندا بەردەوامن دیارە لەو دەروازانەئیجراائاتێکی جیاوازتر لە سنوری دەروازەی وڵاتی تورکیا پیادەدەکرێت ئەوەیش ئەوەیە کە بارهەڵگرەکانی هەرێم ئەوانەی کە دەچنە وڵاتی ئێران لەپێش چوون و هاتنەوەیان پشکنینی تەندروستیان بۆ ئەنجام دەدرێت ئینجا ئالوگۆڕی کالان دەکرێت.







د. سامان سۆرانی

ئایا دەستەکارکێشانەوەی عەلاوی کێشەکانی عێراق چارەسەر دەکات؟

لەگەڵ ئەوەی خۆپیشاندانەکان لە شارەکانی ناوەڕاست و باشووری عیراق بەردەوامە، کە مایەی هەژاندنی لێکدانەوەی هێزە سیاسیەکانی بەشداربوو لە دەسەلآت، بێجگە لە لێکدانەوەی بەرژەوەندیەکانی هەرێمی و نێودەوڵەتی، دەستەکارکێشانەوەی محمد توفیق عەلاوی بۆ پێکهێنانی کابینەی حکومەتی عیراق هاوکێشەکانی وەکو خۆی هێشتەوە.

پێ دەچێت ساڵی 2020 بە درێژایی خۆی هەڵگری ڕووداوی چاوەڕوان نەکراوی تر بێت بۆ عیراق، بەتایبەتی کاتێ دەوروبەرەی پڕ بێت لە یەکتربڕینی بەرژەوەندی و سیاسەتەکانی نێوان زلهێزە سەرەکیەکانی کاریگەر لە ڕۆژهەلآتی ناڤین.

عەلاوی بۆ پێکهێنانی حکومەتەکەی سەرکەوتوو نەبوو لە بەدەستهێنانی متمانەی پەرلەمان، هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ڕێزنەگرتن لە پێکهاتە دەستوریەکان و پڕنەکردنەوەی ئەو مەرجانەی، کە شەقامی خۆپیشاندەر بەرزی کردۆتەوە.

بەردەوامی خۆپیشاندانەکان دژ بە دەسەلآت لە بەغدا دەگەڕێتەوە بۆ گەورەیی گرفتە ئابوریەکان و لاوازی دەسەلآت لە جێبەجێکردنی یاسا، بەهۆی هەبوونی هێزی سیاسی و سەربازی تر، کە خۆی لەسەرووی دەوڵەت و یاسای و دامەزراوە دەستوریەکان دادەنێت، سەرەڕای دەستێوەردانی هەرێمی و نێودەوڵەتی لە کاروباری ناوخۆی عیراق و کەڵەگایی کەندەڵی کارگێڕی و دارایی و گرێدانی بە مافیاکانی سیاسەت و ئاسایش، کە هەژموونێکی فراوانیان لەناو حکومەت هەیە.

دەستەکارکێشانەوەی عەلاوی بۆ پێکهێنانی حکومەت قەیرانێکی نوێی دروستکردووە، کە ئاڵۆزترە، چونکە ئەو لایەنانەی هۆکاربوون بۆ دەستەکارکێشانەوەی سەرۆک وەزیرانی پێشوو عادل عبدالمهدی هێشتا هەر لەسەر گۆڕەپانن و دەبنە بەربەست لەبەردەم هەر کەسێکی تر، کە هەڵبژێردرێت بۆ ئەو پۆستە، واتە دۆخی سیاسی لە عیراق گەمترەدەبێت، چونکە دابڕانێک دروست دەبێت لە نێوان ئەو لایەنانەی کە پالپشتیان لە عەلاوی دەکرد لەگەڵ ئەو لایەنانەی کە دژ بە هەڵبژاردنی بوون بۆ پۆستی سەرۆکی حکومەت، هەروەها درزی نێوان پێکهاتەکان تا دێت گەورەتر دەبێت و نێومااڵی شیعە دووچاری دابەشبوون بووە. ئەم قەیرانە نوێیە زەمینە بۆ شەقامی تورە خۆش دەکات تا تورەیی و یاخیبوونی خۆی دژ بە دەسەلآت زیاتربکات بەمەبەستی ڕووخاندن و گۆڕینی.

سیناریۆیەک وەکو خۆی دەمێنێتەوە، کە بریتیە لە بەردەوامبوونی دۆخەکە بەو شێوەیەی کە ماوەی دوو ساڵە بوونی هەیە. خزمەتگوزاریە سەرەتاییەکان بۆ هاوڵاتی بەخراپی دەمێننەوە، ژێرخان پەراوێز دەخرێت و هێزە هەرێمی و نێودەوڵەتیەکان بەردەوام دەبن لە دەستێوەردان و کارتێکردن لە ڕووداوەکان لە پێناو بەرژەوەندی خۆیان. مەلمانێی نێوان هێزە سیاسیەکان دەبنە هۆکاری دارمانی ئەو هاوپەیمانێتیانەی، کە هەیە، هاوپەیمانێتی نوێ دروست دەبێت.

ژمارەیەکی زۆر لە سەرکردەکانی ئێستای عیراق، خاوەندی میلیشیای چەکدارن، هەست دەکەن هێشتا کلیلی گەمەکانیان بەدەستەوەیە و ئامادەنین دەستبەرداری بەرژەوەندیە تەسکەکانیان ببنەوە، ئەوانە لە سروشتی گۆڕانکاریەکان ناگەن، کە لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی ڕووەدەدن و توانای خۆگونجاندیان نیە لەگەڵ ژینگەی سیاسی نوێ.

پێویستە لەسەر حکومەت و هێزە سیاسیەکان لە هەرێم بەردەوام بێت لەسەر هاندانی یەکڕیزی و زیاتر تەکەز لەسەر مافە دەستوریەکانی گەلی کوردستان بکات، چونکە هەندێ هێزی سیاسی لە عیراق هێشتا کار لەسەر وروژاندنی هەستی شەقام دەکات دژ بە هەرێم و مەبەستیە کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان هەرێم و حکومەتی فیدراڵ وەکو کێشەی ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم و دۆسیەی داهاتی نەوت بەکاربهێنێت بۆ زیاترکردنی ناکۆکیەکان.

لەکۆتاییدا، سەرۆک بارزانی، هەمیشە هەوڵی یەکڕیزی و کۆدەنگیی داوە، چونکە دەزانێت کوردستانێکی بەهێز لەعیراق و ناوچەکە و جیهان پێویستی بە یەکڕیزی و تەبایی هەیە، کە زەرورەتێکی بابەتیە بو تێپەڕاندنی ئەم قۆناغە.

سیمای حکومەتی داهاتووی عێراق و ڕۆڵی کورد لە کابینەی نوێدا

خەبات: تریفە ئازاد

شاراوە نییە کە حکومەتی پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق کارێکی ئاسان نابێت، لەبەر ئەوەی تاکو ئێستا هەمان ئەگەر و هۆکار و گرێ کوێرە و ئاستنگەکانی بەردەم دەسەلآت و ناوەندی بڕیاری عێراق هەمان ئەگەر و هۆکار و گرێ و ئاستەنگن. بەڵام ئەگەر ناوەندی بڕیاری عێراق بیەوێ (بتوانێ؟!) دوور لە ئەجیندای ئەقلیمی حکومەتێکی عێراقی نیشتیمانی (عێراقێک بۆ هەمووان) پێک بهێنێ، ئەوا بەسوود وەرگرتن لە ئەزموون و هەڵەکانی پێشووی (حکومەتەکانی پێشوو)، دەتوانرێ حکوومەتێکی نوێ نیشتیمانی پێک بهێنرێ کە بێتە جێگای ڕەزامەندی هەموو لایەک واتا هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینی و ئانزاکانی کەلە عێراق دەژین. بۆ تاوتوێکردنی ئەم مژارە، بەفەرمانزانی ڕاوبۆچوونی شارەزا و پسپۆڕانی بواری سیاسەت بۆ خوێنەران بخەینەروو.

دەستنیشانکردنی کەسایەتیەکی سەربەخۆ بۆ سەرۆکایەتی حکومەت

د. سولاف کاکەیی ماموستا لە کۆلێژی یاسا زانکۆی سەلآحەددین لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: هۆکارەکانی شکستی پێکهێنانی حکومەتی محەمەد عەلاوی لە ماوە دەستوورییە دیاریکراوەکە (1) مانگ لە ڕۆژی تەکلیفکردنی بە پۆستی سەرۆکی حکومەت لە لایەن سەرۆکی کۆماری ئیتیحادی مادەی /76دووەم لە دەستوری هەمیشەیی عێراق بۆ ساڵی 2005) دەگەڕێتەوە بۆ چەندین فاکتەر، هەوڵدانی عەلاوی لە پێکهێنانی حکومەتێکی تیکنۆقرات، سەربەخۆ ناحزبی کە پێویستە متمانەی پێ ببەخشرێ لەلایەن پەرلەمانێکی حزبی، مللانێ نیوان پێکهاتەی شیعە بۆ ڕێگری لە هەوڵەکانی تەیاری سەدری.

کە دەیەوێ ڕۆڵی سەرەکی وکاریگەری هەبێت لە حکومەتی نوێ دابڕتکردنەوەی دەنگدان لە سەر کابینە حکومیەکە لە لایەن سوننەکان کە لە گفتوگۆ دا بوون لە پێناوی وەرگرتنی پۆستی سیادی شان بە شانی لایەنەکانی تروە ناڕەزایی شەقامی عێراقی لە خودی عەلاوی وەکو بژاردەی جێگرەوەی عەبدول مەهدی، هەروەها بەرودەوامبوونی خۆپیشانەکان لە دژی خۆی وکابینەکەی، کە داوایان دەکرد کەسایەتیەکی سەربەخۆ دەستنیشان بکرێ بۆ پۆستی سەرۆکایەتی حکومەت.فشاری کوتلەی کوردی _کە یەکڕیزی وبەکدەنگی یان نواند لە پێناوی گەڕانەوەی شکۆی کورد لە کەرکوک,لێرەدا، وە بە پێی ئەو ئالیاتە دەستوریەی دیاریکراون لە دەستوری هەمیشەیی عێراق بۆ ساڵی 2005 دەربارەی وەرگرتنی متمانە لە لایەن ئەنجومەنی نوێنەرانی هەڵبژێردراو (ماددەی /76چوارەم) لە دەستوری عێراقی، مەحاڵ بوو ئەو کابینە وەزاری یە دەستنیشانکردنی سەرۆکی حکومەتی داهاتوو، هەموو لایەنەکان (کوتلە سیاسیەکان و جەماوەری خۆپێشاندەر) بە پێویستی دەزانن ئەم خاڵانەی خوارەوە ڕەچاو بکرێ:

1- دەستنیشانکردنی کەسایەتیەکی سەربەخۆ بۆ سەرۆکایەتی حکومەتێکی کاتی گواستراو کە کابینەیەکی وەزاری تکنۆقرات، سەربەخۆ نا حزبی پێکبهێنرێت.ئەم دۆخە بووە مایەی گەڕانەوەی حاڵەتی قەیرانی دەستووریەکە بە پێی (ماددەی /76پێنجەم) لە دەستور چاردەسەر دەکرێت ئەویش دەسەلآتی سەرۆکی کۆماری ئیتیحادی بۆ دیاریکردنی کاندیدێکی نوێ بۆ پۆستی سەرۆکایەتی حکومەت لە ماوەی 15ڕۆژ دابە پێی ئەو دەستکەوتانەی لە ئاراداید لە نەخشەی سیاسی عێراقی، لە پرسی شێوەیەک توانای ووڵاتەکە لە قەیرانی سیاسی وئابووری ڕزگار بکات کە بە دەرئەنجامی موحاصەصەی تایفەگەری پەیڕەوکراو لە ساڵی 2003 وەی دەزانن.

2- هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنی نوێنەران و ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی پێشوەختە لە سەر ڕۆشنایی یاسای هەڵبژاردنی هەمواکراو بۆ ساڵی 2019. سەرەڕای هەموو هۆکارەکانی شکستی حکومەتی عەلاوی، وئەگەرەکانی پێکهێنانی حکومەتی نوێ، وەدەسەلآتەکانی عەبدول مەهدی وەک سەرۆک وەزیرانی حکومەتێکی (تەصریف أعمال) ,لە هەمووی گرنگتر یەکڕیزی کوتلەی کوردی لە پرسی نەتەوەییەکان، بە تایبەتی پرسی کەرکوک وگەڕانەوەی پێشمەرگە بۆ ناوچەکانی ماددەی 140وە جەختکردن لەسەر پێویستی جێبەجێکردنی ئەم مادە دەستوورییە لە لایەن هەر حکومەتێک لە ئایندە.پرسە نەتەوەییەکانی گەلی کورد کە هەمیشە بووەتە یەکەم داواکاری کوتلە کوردستانیەکان وەکو مەرجێک پێش چوونە ناو کوتلەی سیاسی بۆ دەنگدان لە سەر هەرچەندە ژمارەی کورسی یەکانی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی کەمتر بووەوە لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی 2018 بە بەراوورد لەگەڵ خولەکانی پێشوو لە هەڵبژاردنەکانی ساڵەکانی 2005.

عێراق بە قۆناخێکی سیاسی دژوار تێپەڕدەبێت

د. نەدا مێرگەسۆری ئەندامی پێشووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: دوای ئەوەی کە (محەمەد تۆفیق عەللاوی) وەک کاندیدی ڕاسپێردراو بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێ نەیتوانی لە ماوەی دەستوری خۆی دەنگی پێویست بۆ نیسابی یاسایی دانیشتنی پەرلەمانی کۆبکاتەوە، پاشەکەشەی کرد.ئێستا سەرۆک کۆمار لە ماوەی (15) ڕۆژ دەبێت کاندیدێکی دیکە ڕابپسپێرێت بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەت. ڕاستە کە پۆستی سەرۆک وەزیران لە پشکی شیعەیە، بەڵآم گومانی تێدا نییە کە دەبێت ڕەزامەندی هەموو لایەن و پێکهاتەکانی دیکەی عێراقیشی لەسەر بێت.

پێویستە ئەو کەسەی کە دەستنیشان دەکرێت، هەڵەی (عەللاوی) دوبارە نەکاتەوەو غرور نەیگرێت، پێویستە سەیری هەرێمی کوردستان بکات وەک کیانێکی دەستوری، نەک داخوازی نەتەوەیەکی سەرەکی و سەرکردایەتیە سیاسییەکەی پشتگوێ بخات و لەسەر حیسابی کورد خۆی بە تکنوکرات پیشان بدات.

عێراق بە قۆناخێکی سیاسیی دژوار تێپەڕدەبێت و ئوبالی ئەم دۆخە ئاڵۆزەی ئێستاش لە ئەستۆی خودی شیعەو نێومااڵی شیعەیە، ئەوان دەبێت خۆیان یەکلابکەنەوە لەچارەسەرکردنی گرفتە سیاسییەکانی عێراق.

گەر ئەوان عێراقیان وەک ئەو سیستەمە دەستوورییەکەی کە هەیە، دەوێت، دەبێت ڕێز لە پێکهاتەکان دیکەش بگرین، ڕێز لە هەر سێ پرنسیپی(شەراکەت و تەوازون و تەوافوق) بگرن، عێراقی دوای (سەدام حوسێن) لەسەر ئەم پرنسیپانە بنیاتنرایەوە. دەبێت ڕێز لە بەند بە بەندی دەستور بگرن. مادام عێراق وڵاتی پێکهاتەکانە، دەبێت هەموو پێکهاتەکان تێیدا ئاسودە بن و مافیان پارێزراو بێت. ناکرێت هەر سەرۆک وەزیرانێک یان کاندیدێکی ڕاسپێردراو بۆ ئەو پۆستە کە حوکمی گرتە دەست بە میزاجی کەسی ڕەفتار بکات و بەرژەوەندییەکانی گەلێک و هەرێمێک بکاتە قوربانی غرورو ئەجێندای هاوردە کراو. هەڵوێستی لایەنە کوردستانییەکان بەرامبەر بە میکانیزمی دەست نیشان کردنی کابینەکەی (عەللاوی) جێگەی ڕێز بوو، ئەوان پەیامێکیان بە (عەللاوی) و هەر کەسێکی دوای (عەللاوی)یش دا، کە هەرێمی کوردستان تایبەتمەندی خۆیی هەیە، و بە پشتگوێ خستنی هەرێم و نەخوێندنەوەی لە هاوکێشە سیاسییەکان کارێکی مەترسیدارەو بەم کارە هاوسەنگی سیاسیی لە عێراق تێکدەچێت و لەم جۆرە هەڵسوکەوتەی هەندێک لایەن و کەس لە بەغدا دەیگرتە بەر، ناتوانن وا بەئاسانی مەرام و بەرنامەکانیان جێبەجێ بکەن.

دۆخی عێراق ڕۆژ بە ڕۆژ ئاڵۆزتر دەبێت و دەرهاوێشتەکان پێمان دەڵێن کە ئەم گرفتە سیاسیەی بەرۆکی عێراقی گرتۆتەوە، وا بە ئاسانی چارەسەر نابێت و ئەم گرفتە سیاسیەش کاریگەری بەسەر زۆر لایەنی دیکەوە هەیە، بە تایبەت ئابووری و ئەمنی، کە هۆکارە بۆ زۆرتربوونی بۆشایی ئەمنی، ئەمەش دەرفەتێکە بۆ جموجۆلی زیاتری گروپە تیرۆریستییەکانی داعەش و ئەوانەی حەزیان لە تێکدانی ئاسایشی ناوچەکەیە.



د.سۆلاف کاکەیی: کوتلەی کوردی کەمینەیەکی سیاسی بەهێزن لە بەرامبەر کوتلەی شیعی لە ناو پەرلەمانی عێراق



نەدا مێرگەسۆری: بە پشتگوێ خستنی هەرێم و نەخوێندنەوەی لە هاوکێشە سیاسییەکان هاوسەنگی سیاسیی لە عێراق تێکدەچێت


دوایین فیشەکی نا بەخۆیەوە

حەمەی سەید عەلی حافز سەرکردەیەکی ئازا و چاونەترس بوو

شەهیدبوونی بووە وێردی سەرزاری جەماوەری کوردستان و رۆشنبیران و شاعیران بەشانازییەوە لێی دەدوان

زانیار سەردار قرگەیی/ سلێمانی

لە دەرەنجامی زوڵم و زۆر و ستەم و ئازاردان و زەوتکردنی مافی نەتەوایەتی لەلایەن دوژمنانی گەل و وڵاتەوە، کەسانێکی لەخۆبردوو، تێکۆشەر و خۆنەویست هەڵدەکەون، کە ئامادەی گیانبەخشین دەبن بۆ بەرگرتن و سنووردانان بۆ دوژمنان و ناحەزان و بەرپەرچدانەوەیان. دەبنە کوانووی شۆڕش و خەبات، لەپێناو دەستەبەرکردنی ماف و ئازادی بۆ گەلەکەیان. شۆڕشەکانی کوردستانیش بەڵگەی ئەم جۆرە هەڵوێستانەن، بەتایبەت شۆڕشی مەزنی ئەیلوول، کە بووە قوتابخانەیەک بۆ پەروەردە و کۆکەرەوەی ئەو پێشمەرگە و جەنگاوەرە قارەمانانە، کە بە دەیان داستانی قارەمانی و مەردانەیان تۆمار کرد و سەدان فەرماندە و پێشمەرگەی ئازا و لەخۆبردوو گیانیان بەخشییە نەتەوەکەیان، لە پێناو پاراستنی خاکی پیرۆزی کوردستان و شکۆی گەلێکی ستەمدیدە.



لەو سەروبەندەشدا مەبەستمانە لە هەڵوێست و ئاکار و ئازایەتی و کوردپەروەریی شەهیدی فەرماندەی شۆڕشی ئەیلوول (محەمەد سەید عەلی حافز)، ناسراو بە (معاون شێخ محەمەد) یا (حەمەی سەید عەلی)، ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش بدوێین، کە لە رۆژگارە سەختەکانی شۆڕشدا، ئازایانە بەرەنگاری دوژمنانی کورد بووەتەوە و چەندین داستانی کەموێنەی تۆمار کردووە، هەتا ئێستاش خەڵکی بەشەرەفی سلێمانی ئەوەیان لەیادە، لە ساڵی 1963دا هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەسەرپەرشتیی حەمەی سید عەلی حافز، لووتی سوپا سەرشۆڕەکەی (زەعیم سدیق)یان لە چیای ئەزمڕدا شکاند.

لەدوا ساتەکانی داستانێکی قارەمانێتیشدا وەک فەرماندەی هێز، بۆ ئەوەی نەکەوێتە چنگ دوژمنان، ئامادەنابێت خۆی بدات بەدەستەوە و دواجار بە دەمانچەکەی دەستی خۆی، خۆی شەهید دەکات. لەو کاتەدا ئەو هەڵوێستە جوامێرانەیەی دەنگدانەوەی گەورە بەدوای خۆیدا دەهێنێت، لە هەمان کاتدا بووە وێردی سەرزاری هەموو خەڵکێکی بەشەرەفی کوردستان و بەشانازییەوە باسیان دەکرد.. تەنانەت مامۆستا شێرکۆ بێکەس هۆنراوەیەکی بۆ دەهۆنێتەوە، دواتریش چەند شاعیری دیکەش، هۆنراوە و لاوانەوەی بۆ دەکەن. لەم ساڵانەی دواتریشدا بووە بابەتێکی بەنرخ و سەنگین لە تۆماری بیرەوەرییەکانی زۆربەی شۆڕشگێڕان و سیاسییەکاندا و ئەو هەڵوێستەی بەرز نرخێندرا، تەنانەت جەنابی سەرۆک (مەسعود بارزانی)ش چەند دێڕێکی لەسەر نووسیوە و بە قارەمان و ئازا وەسفی دەکات. لە کتێبی (البارزانی والحرکه التحرریه الکردیه- الجزء الثالث- ثوره أیلول -1961 1975)دا و لە لاپەڕەکانی (136،72 ، 138، 145، 148،214)دا چەندین جار سەرۆک بارزانی ئاماژەی بۆ هەڵوێستی ئازایانەی ئەم سەرکردە قارەمانە کردووە.

مامۆستا محەمەد مەلا قادر، لە یەکێک لە کتێبەکانیدا دەنووسێت: "لە کۆنفرانسێکی حزبدا، کە جەنابی بارزانیی ئامادەی بوو، من بەو هەڤاڵە قارەمانە ئاشنا بووم و لە خەباتنامەی کورتە میژووی پارتی و توراسی بارزانیی نەمر ناوی زۆربەی ئەو کەسانەم نووسیوە، کە بەشداریی ئەم کۆنفرانسە هەولێریان بەدڵسۆزییەوە دەپاراست.

بەندەش ئەوکات بەرپرسی لقی 2ی پارتی دیموکراتی کوردستان بووم، بەتەواوەتی شاهیدی کارەکانی ئەم سێ کەسە بووم، بەڵام لەدوایدا و لەدوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول عەبدولوهاب گەڕایەوە بەغدا. شەهید محەمەد لەو ماوەی بەرپرسیاریەتیی پۆلیسی دارستانی هەولێری وەرگرتبوو، کاری زۆری ئەنجامدا، بەعسییەکان زۆر ڕقیان لێتهەڵگرتبوو، دەیانویست لە هەولێر بیگوازنەوە، بەڵام لەلایەن پارێزگار و حزبەوە واتە (پارتی) بەرگریی لێ دەکرا. بەعسییەکان نەیانتوانی دەربیکەن و بیگوازنەوە.

من و حەمەی سەید عەلی حافز زۆر برادەر بووین، بەڕاستی بیروباوەڕێکی خاوێن و پاک و پێشکەوتنخوازیی هەبوو، لە زۆر شتی باش هاوهەڵوێست بووین، سەیدا ساڵح یوسفی لەو سەردەمەدا ڕەمزی ئاشتیخوازی و کوردایەتیی ڕاستەقینە بوو لە مەکتەبی سیاسیی پارتی و وەک ڕەوتی پێشکەوتنخوازیی پارتی ناسرابوو، ڕۆژێک لە دانیشتنێکی تایبەتدا باسی سەیدا ساڵح یوسفی کرا و زۆربەی زۆری پێشمەرگەکانی بریتی بوون لە پۆلیسەکانی پارێزگای سلێمانی، کە هاتبوونە ناو شۆڕشەوە و هێزێکیان لێ دروست کرابوو، حەمەی سەید عەلی باشترین کەس بوو بۆ ئەم هێزە. جا بەداخەوە دوای نسکۆی ئەیلوول، لە شەڕێکی دەستە و یەخەدا لە ناوچەی (سەید سادق) هێزەکانی پێشمەرگە شکست دەخۆن و کاکە حەمە بوو. کاکە حەمەگیان ڕۆحی ڕەوان و پەروانەئاسا پەروازی کرد بۆ کۆمەڵگای شەهیدە نەمرەکانی کوردستان.

ئازادی کاک مستەفا، دەنووسێت: کاکە حەمەی سەید عەلی حافز لە ساڵی1937 لە گەڕەکی کانێسکان لە سلێمانی چاوی بە ژیان هەڵێناوە، قۆناغەکانی خوێندنی تا دواناوەندی لە شاری سلێمانی تەواو کردووە.



یەکێکیش لە کۆڕەکەدا وەک بیەوێت دژی سەیدا قسە بکات، شەهید حەمەی سەید عەلی هەڵیدایە و گوتی: (پیاوی وەک سەیدا ساڵح لێرەدا پەیدا نابێت). ئەو کابرایە هەرچەندە دۆستی کاکە حەمە بوو، بەڵام نەیتوانی هیچ مشتومڕی لەگەڵدا بکات. زۆر بەداخەوە حەمەی سەید عەلی تەمەنی کورت بوو، دوای تەواوبوونی چوار ساڵەکەی 11ی ئازاری/ 1970، واتە لە 1974 شەڕ لە کوردستان دەستی پێکردەوە، حەمەی سەید عەلی بڕیاری ئامیر هێزی ئەزمڕی بۆ دەرچوو، ئەویش لەگەڵ هێزێکی بچووکی پاسەوانەکانی خۆی گەمارۆ دەدرێت، تەقەمەنییشیان کۆتایی دێت، هەڤاڵەکانی سەرپشک دەکات ئەوان خۆیان بەدەستەوە بدەن یان نا، بەڵام حەمەی سەید عەلی حافز ئامادە نابێ خۆی تەسلیم بکات و خۆی بەدەستی خۆی کۆتایی بە ژیانی خۆی دێنێت و خۆی شەهید دەکات، تا دەگاتە کاروانی نەپساوەی شەهیدانی کورد و کوردستان. سەروەریی و گەورەیی بۆ ئەم شەهیدە و بۆ هەڤاڵان و بۆ خانەوادەکەیشی، کە نموونە و سیمبولی ئازایەتی و بەرخودان هەر لە قۆناغی قوتابێتیدا هەستی پیرۆزی بەرامبەر بە خاک و میللەتەکەی لە ناخدا سەوز بووە و هەوڵی بێ وچانی بۆ داوە، هەر لەو کاتەدا هاوبەشی مانگرتنە مەزنەکەی قوتابیانی ساڵی 1950ی کردووە، لە ساڵی 1959 لە کۆلێژی ئەفسەرانی پۆلیس لە بەغدا دەرچووە، مانگی شوباتی 1963پەیوەندیی بە شۆڕشی ئەیلوولەوە کردووە و کراوە بە سەرلقی سیوەیل لە ناوچەی ئەزمڕ و گۆزپە و قەیوان و چوارتا، هەر لەو کاتەوە جێدەستی کاکە حەمەی پێشمەرگە دیار و بەرچاو بووە، هەر ڕۆژە لە لایەکەوە تەنگی بە دوژمن هەڵچنیوە. ساڵی 1963 بە بەرچاوی زۆر لە خەڵکی شاری هەڵەمەت و قوربانییەوە، سوپا دڕندەکەی (زەعیم سدیق) بە هەموو هێز و چەکی قورسەوە، سەربازەکانیش گوش کرابوون بە لەنێوبردنی ڕۆڵەکانی گەلی کورد، هێرشێکی بەرفراوانیان کردە سەر چیای ئەزمڕ لە شاری سلێمانی، لەوکاتەدا کاکە حەمە سەرکردەی هێزی پێشمەرگە بوو، پێشمەرگەکانیش کۆمەڵێ لاوی هەڵکەوتووی شار بوون و بە پەنجەی دەست ئەژمێردران، بەڵام بە وردەکی بەرز و گەورەوە بەرەنگاری ئەو سوپا گەورەیەی (زەعیم سدیق) بوونەوە، لە شەڕێکی قارەمانانەدا و لە ئەنجامدا لووتی لەخۆبایی بوونیان پێ نواندن و بە سەرشۆڕی بەرەو شار هەڵهاتن، ئا لەو کاتەدا خەڵکی شار لە سەربانەکانیانەوە سەیری ئەو شەڕەیان ئەکرد، کاتێک هەڵهاتنی دوژمنیان بینی، خەڵکی کەوتنە چەپڵەلێدان و هەڵپەڕکێ، ئەو ڕۆژە ڕۆژێکی گەورە و خۆش بوو بۆ هەمووان، هەر بۆیە سوپا بەزیوەکە وەک سەگی هار کەوتنە گیانی خەڵکی شار، لەپاشدا ڕۆژی 9ی حوزەیرانی 1963، کە بە ڕۆژی (قەدەغەکردنی هاتوچۆ- مەنعە تەجەول) بەناوبانگە، کە لە سلێمانی هاتە ئاراوە.

کاکە حەمە لە 4ی نۆکتۆبەری 1964 کراوە بە ئەندامی لیژنەی سەرکردایەتیی شۆڕش، لە هەمان ساڵدا کراوە بە ئامر بەتالیۆنی چوارتا، لەوکاتەدا (عەبدولسەلام عارف) سەرۆک کۆماری عێراق، هێرشێکی فراوانی کردە سەر ناوچەی (بەرواری باڵا)، بە فەرمانی خولیەخۆشبوو بارزانی، حەمەی سەید عەلی و پۆلێک لە پێشمەرگەکانی دەگوێزێتەوە بۆ ئەو ناوچەیە، (حافز) ماوەی سااڵێک لەوێ ئەمێنێتەوە و زۆر بە سەرکەوتووانە بەشداریی شەڕەکان دەکات و ڕۆڵی بەرچاوی دەبێت، پاشان گەڕاوەتەوە بۆ ناوچەی بەرزنجە و بووە بە ئامر بەتالیۆنی 10 لە پێنجوێن و شارەزوور، تا ساڵی 1968 کراوە بە یاریدەدەری ئامر هێزی خەبات، ساڵی 1969 ئامر هێزی قەرەداغ بووە، 1974 ئامر هێزی ئەزمڕ بووە لە 1975/3/9دا هێزە داگیرکەرەکەی بەعس هێرشێکی بەرفراوان و کوتوپڕی کردەسەر ناوچەی (سەید سادق) وەک ئامر هێزێکی بەتوانا خۆی سەرپەرشتیی هێزی پێشمەرگەی ئەکرد، شەڕەکە زۆر نابەرامبەر بووە لە ڕووی چەک و ئیمکانیات و ژمارەوە، سەرەڕای ئەوەش ناوچەکە دەشتایی بوو، دوای شەڕ و پێکدادانێکی زۆر، کاکە حەمە لە (شانەدەری) گەمارۆ ئەدرێت، خولیەخۆشبوو غەفوور مایاوایی وعوسمانی ئامۆزای کاکە حەمە و یوسف لەگەڵیدا دەبن، عوسمان شەهید ئەبێت، کاک غەفوور و کاک یوسف بریندار ئەبن، کاک غەفوور هەمیشە لەگەڵ کاکە حەمەی سەید عەلی دا بووە وەک هاوڕێیەک و پێشمەرگەیەک. کاتێک کاکە حەمە دەبابەکان ئەبینێت زۆر نزیک ئەبنەوە، بە کاک غەفوور ئەڵێت: فیشەکێک بنێ بەسەرمەوە کاک غەفوور دڵی نایەت نایکات. لەو شەڕەشدا خولیەخۆشبوو د. کەمال خۆشناو لەوێ ئەبێت و بریندار ئەبێت، بەڵام توانیبووی ڕزگاری بکا، شەهیدی قارەمان (ئەنوەر مەجید سوڵتان) لە ڕووی پێشمەرگایەتی و ئازایەتییەوە بێوێنە بووە. جێبێکی پێ ئەبێت و خۆی لێی ئەخوڕێ لەناو شەڕەکەدا، پێشمەرگەیەک لەپشتەوە شەڕ سااڵێک لەوێ ئەمێنێتەوە و زۆر بە سەرکەوتووانە بەشداریی شەڕەکان دەکات و ڕۆڵی بەرچاوی دەبێت، پاشان گەڕاوەتەوە بۆ ناوچەی بەرزنجە و بووە بە ئامر بەتالیۆنی 10 لە پێنجوێن و شارەزوور، تا ساڵی 1968 کراوە بە یاریدەدەری ئامر هێزی خەبات، ساڵی 1969 ئامر هێزی قەرەداغ بووە، 1974 ئامر هێزی ئەزمڕ بووە لە 1975/3/9دا هێزە داگیرکەرەکەی بەعس هێرشێکی بەرفراوان و کوتوپڕی کردەسەر ناوچەی (سەید سادق) وەک ئامر هێزێکی بەتوانا خۆی سەرپەرشتیی هێزی پێشمەرگەی ئەکرد، شەڕەکە زۆر نابەرامبەر بووە لە ڕووی چەک و ئیمکانیات و ژمارەوە، سەرەڕای ئەوەش ناوچەکە دەشتایی بوو، دوای شەڕ و پێکدادانێکی زۆر، کاکە حەمە لە (شانەدەری) گەمارۆ ئەدرێت، خولیەخۆشبوو غەفوور مایاوایی وعوسمانی ئامۆزای کاکە حەمە و یوسف لەگەڵیدا دەبن، عوسمان شەهید ئەبێت، کاک غەفوور و کاک یوسف بریندار ئەبن، کاک غەفوور هەمیشە لەگەڵ کاکە حەمەی سەید عەلی دا بووە وەک هاوڕێیەک و پێشمەرگەیەک. کاتێک کاکە حەمە دەبابەکان ئەبینێت زۆر نزیک ئەبنەوە، بە کاک غەفوور ئەڵێت: فیشەکێک بنێ بەسەرمەوە کاک غەفوور دڵی نایەت نایکات. لەو شەڕەشدا خولیەخۆشبوو د. کەمال خۆشناو لەوێ ئەبێت و بریندار ئەبێت، بەڵام توانیبووی ڕزگاری بکا، شەهیدی قارەمان (ئەنوەر مەجید سوڵتان) لە ڕووی پێشمەرگایەتی و ئازایەتییەوە بێوێنە بووە. جێبێکی پێ ئەبێت و خۆی لێی ئەخوڕێ لەناو شەڕەکەدا، پێشمەرگەیەک لەپشتەوە شەڕ

من ئاڵایەک لە شۆڕش و لە پێشمەرگە و لە بارزانیم وەرگرتبێ لە بیرما هەڵیکەندبێ چۆن ئەهێڵم بینەوێن، داگیری کەن چۆن ئەهێڵم دەستتان کەوێ من لێرەدا ئازادی بۆ کوردستان و خۆکوشتنم بۆ خۆم ئەوێ...

ڕاستیی ئەم قسانەی شاعیریش لەم بۆچوونەی جەنابی سەرۆک (مەسعود بارزانی)دا دەردەکەوێ، کە لە کتێبەکەی خۆیدا باس لە قارەمانێتیی ئەم شەهیدە دەکات، کە بەدەستی خۆی و بە دەمانچەکەیەوە، گوللەیەکی ناوە بە سەریەوە و خۆی شەهید کردووە و چووەتە ڕیزی کاروانی شەهیدانی کوردستان.

وون بوون

ناسنامەی پێشمەرگەی فەرماندەی فەلەك یەکەی (٨٠) (یەکەی سفین ٤٦) بەناوی دیدار عبداللە حمدامین وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

پسوولەی شارەوانی ٣ هەولێر ژمارەی پسوولە ٠٤٩٧٣٢٢ بەرواری ٢٠١٣/٣/١ بەبڕی ٣٠٠٠٠٠ بەناوی کریم دیوالی عولا / رحمان دیوالی عولا وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

KURAZ INSURANCE

الرقم: ٠٠٠٤٤

التاريخ: ٢٠٢٠/٣/٣

الى/ السادة المساهمين في شركة KURAZ INSURANCE للتأمين العام/ مساهمة خاصة

م/ دعوة لاجتماع الهيئة العامة

بعد التحية:

ندعوكم الي اجتماع الهيئة العامة للشركتنا بتاريخ ٢٠٢٠/٤/١٢ المصادف ليوم الاحد في تمام الساعة العاشرة صباحا في مقرها الكائن في اربيل/ غلوبال بزنس سنتر و ذالك لمناقشة جدول الاعمال المتضمن.

١- زيادة رأس المال الشركة.

ولكم فائق الشكر والتقدير

كامران باغيروف

المدير المفوض

***

المديرية العامة للدوائر العدلية

مديرية تنفيذ زاخو

العدد/ ٣٨٦/تنفيذ/ ٢٠١٨

التاريخ/ ٢٠٢٠/٣/٨

اعلان

قررت هذه المديرية الاعلان عن بيع العقار المرقم (٢٤٨٢/٥) مقاطعة ١٤ عباسية) الواقع منطقة زاخو والمسجل باسم المدين (جهور عمر عيسى) وللمحجوز لقاء دين الدائن (مهفان مدحي مصطفى) والبالغ (٧٩٦٢٨٨٤٣) تسعة و سبعون مليون و ستمائة و ثمانية و عشرون الف و ثمانمائة و ثلاثة و اربعون دينار عراقي فعلى الراغب بالشراء مراجعة هذه المديرية خلال مدة ٣٠ ثلاثون يوم تبدأ من اليوم التالي للنشر مستصحبا معه التأمينات القانونية البالغة ١٠٪ من القيمة المقدرة و البالغة ٧٩٦٢٨٨٤ سبعة ملايين و تسعمائة و اثنان و ستون الف و ثمانمائة و اربعة و ثمانون دينار عراقي و كذالك جلب شهادة الجنسية العراقية علما ان رسم الستجيل و الدلالية تقع على عاتق المشتري.

الموصفات:

١- دار سكن المرقم ٢٤٨٢/٥ مقاطعة ١٤ عباسية مساحتها ١٨٥,٥م٢.

٢- طابقين: الارضي: استقبال و هول داخلي و غرفتين و هول صغير و مطبخ و حمام داخلي و مرافق عامة.

٣- القيمة المقدرة (٧٩٦٢٨٨٤) سبعة ملايين و تسعمائة و اثنان و ستون الف و ثمانمائة و اربعة و ثمانون دينار عراقي.

جێبەجێکاری داد/ خضر محمد حسن

***

دادگای بەرایی دەشتی هەولێر

ژمارەی داوا:١٨/ب/٢٠٢٠

رێکەوت: ٢٠٢٠/٢/٢٠

جاردان

بۆ داوالێکراو (نەوزاد خورشید مصطفی) شوێنی دانیشتنت نادیارە

داواکار (هیمن عبدالخالق محمد) داوای ژمارە ١٨/ب/٢٠٢٠ لەسەرت تۆمارکردووە کەتیایدا داوای (کرێی چوار مانگ هەر یەك لە مانگەکانی ١٠ و ١١ و١٢/٢٠١٩) وە مانگی ٢٠٢٠/١ بۆ هەرمانگێ ١٧٥٠٠٠ سەدو حەفتا و پێنج هەزار دینار دەکات لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی نیشعاری موختاری گەرەکی (هاوکاری) بۆیە دادگا بریاری دا کە پێت رابگەیەنرێت لەرێگەی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە بۆ ئامادەبوونی خۆت یان بریکارێکی یاسایی لەدادبینی رۆژی (٢٠٢٠/٣/٢٩) کاتژمێر (٩)ی سەرلەبەیانی وە بە پێچەوانەوە دادبینی پاشملە و ئاشکرا دەرهەقتان ئەنجام دەدرێت بەپێی یاسا.

دادوەر/ نیگار احمد محمد ئاغا

***

دادگای باری کەسی هەولێر/١

ژمارە:٩٦٣/ش/٢٠٢٠

رێکەوت:٢٠٢٠/٣/٤

جاردان

بۆ/ داوالێکراو (سێرینە سەنسونی) شوێنی دانیشتنت نادیارە.

داواکاری هاوسەرت (فرياد فؤاد نوری) داوای ژمارە (٩٦٣/ش/٢٠٢٠)ی لەم دادگایە تۆمارکردووە لە داواکە داوای (پەسندکردنی ئەم طەلاقة دەکات) کە لە بەرواری ٢٠١٣/١٢/٤ ئەنجام دراوە وە لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بەپێی اشعاری مختاری (هەولێر گەرەکی هاوکاری) بۆیە دادگا بریاری دا لە رێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە ئاگادارت بکاتەوە لەرێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە کە لە هەرێمی کوردستان دەردەچێت بۆ نامادەبوونت خۆت یان جێگرێکی یاسایی لە رۆژی دادبینی ٢٠٢٠/٣/٣١ کاتژمێر ٩ی بەیانی بەپێچەوانەوە دادبینی دەرحەقت بەشێوەی ئاشکرا و پاشملە ئەنجام دەدرێت.

دادوەری یەکەم/ دیار محمد علی

***

دادگای باری کەسی هەولێر/٢

ژمارە: ٤٥٢/ش/٢٠٢٠

بەروار:٢٠٢٠/٣/٨

جاردان

بۆ/ داوالێکراو (ئالا طلعت حسن) شوێنی دانیشتنت نادیارە

داواکار (عبداللە انور محمد) داوای ژمارە ٤٥٢/ش/٢٠٢٠ی لەم دادگایە لەسەرت تۆماکردووە تیایدا داوای (تفريق للضرر) دەکات وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری مختاری (هەولێر-گەرەکی ١٥٩ گولان) بۆیە دادگا بریاریدا بەپێراگەیاندنت بەهۆی دوو رۆژنامەی ناوخۆ و رۆژانە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەم دادگایە لەرۆژی دادبینی ٢٠٢٠/٣/٢٥ بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێ بەشێوەی ئاشکراو پاشملە.

دادوەر/ صباح قادر کاملا

***

پەیانگای تەکنیکی شەقلاوە

هۆبەی راگەیاندن و چالاکیەکان

ژمارە: ٩٩٧

رێکەوت: ٢٠٢٠/٣/٨

ئاگادارییەك لە پەیانگەی تەکنیکی شەقلاوە

پەیانگەی تەکنیکی شەقلاوە هەڵدەستێت بەفرۆشتنی تەندەری (خزمەت گوزاری پاککردنەوەی بەشە ناوخۆیەکانی پەیانگەی تەکنیکی شەقلاوە بۆ ماوەی یەك ساڵ جا هەر کۆمپانیایەك ئارەزووی وەرگرتنی تەندەری هەیە و شارەزایی تەواوی لەم بواردا هەیە با سەردانی پەیانگەکەمان بکات (بەشی دارایی) بەمەبەستی کرینی تەندەر لە بەروارى ٢٠٢٠/٣/٩ تاکو ٢٠٢٠/٣/١٩ تا کاتژمێر ١٢ی نیوەرۆ کە دوا مۆڵەتە بۆ وەرگرتنەوەی تەندەرەکان وە لەلایەن لێژنەیەکی تایبەت دەکرێتەوە.

تێبینی:

١- خاوەن تەندەرەکە نابێت فەرمانبەر بێت لەهیچ دامەو دەزگایەکی حکومەت

٢- کرێی بڵاوکردنەوەی تەندەر دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.

د. عبدالهادی عمر قۆجە/ راگری پەیانگە

راگەیاندنی پەیانگەی تەکنیکی شەقلاوە

***

هەلی کار

کۆمپانیای (سیدروس) پێویستی بە (٥) کەس هەیە کە شارەزایبان هەبێت لە نیشپێکەری ئامێر بە موچەی مانگانەی (٥٠٠٠٠٠) پێنج سەد هەزار دیناری عێراقی لە رۆژێکدا (٨) کات ژمێری کارکردن کاتژمێر (١) ی نیوەرۆ بۆ (٩) ی شەو، هەر کەس خوازیاری کارکردنە لە ماوەی (١٥) پانزە رۆژدا سەردانی بەڕێوبەرایەتی کاری سلێمانی بکات لە شەقامی مەولەوی - سەرووی بەریدەکە، تەلاری بەڕێوبەرایەتی دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکاران - نهۆمی سێیەم یان پەیوەندی بکات بەم ژمارە تەلەفونەوە (٠٧٧٠٧٧٢٨٠٠٠) .

***

دادگەها باری کەسایەتی ل زاخو

ژمارە / ٦١/ ش/ ٢٠٢٠

رێکەوتی / ٣/٨ / ٢٠٢٠

راگەهاندن

بو / داوالێکراو : شفان عجیل محمد

ئێ دادگەهێ بریاردا ل کێشا ژمارە (٦١/ ش/٢٠٢٠) ل روژا (٢/٤/ ٢٠٢٠) بو گەهاندنا رها زاروکێ ناڤدار (امیر) ژ دایك بوویە ل (٢٠١٦/٨/١٠) جهێ بوونا وی امیریکا ولایە کونیکتیکن بوتە و بو داوالیکراوێ (خوخی غازی رشید) و ژبەر نەدیار بوونا جهێ ئاکنجیبوونا تە ول دویف دەقێ یاسایی کو پێتقیە ئاگەهداریا تە دەمێ

دەرکەتنا بریاری زی ئاگەهداریا تە بێتە کرن بر رێکا دوو روژنامەیێت روژانە و تە مافێ نەرازیبونێ وپێداچوونی یێ هەیی دماوەی یاسایدا و بەروڤاژیا ڤێ چەندێ بریار پلا بنەبر وەرگرت .

دادوەر/ دارا طاهر توفیق

***

دادگای کەتن لە کۆیە

ژمارە/ ٧٨/ج غم/٢٠٢٠

رێکەوت ٢٠٢٠/٣/٤

بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ شوان صابر حمه

دادگای لێکۆڵینەوەی کۆیە بە بڕیاری ژمارە (٧١/ه/٢٠٢٠) لە ٢٠٢٠/٢/٢٦ هەوالّەی ئەم دادگایە کراوە بۆ دادگایی کردنت بەنەهاتووی بەگوێرەی ماده (٤٥٦) لەیاسای سزادانی عێراقی بەژمارە (١١١) ی ساڵی ١٩٦٩ لە سەر سکاڵای (هونەر شیروان محمدأمین) لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێ بوونت ئەم دادگایە بڕیاریدا ئاگادارت بکاتەوە لەرێگەی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگانامەیە لەدوو رۆژنامەی ناوخۆی رۆژانە، کەلەرێکەوتی ٢٠٢٠/٤/٢٩ کاتژمێر (٩) ی سەرلەبەیانی لەم دادگایە ئامادەبن بەپێچەوانەوە بەپاشملە بەگوێرەی یاسا دادگایی دەکرێن، وەئەگەر رۆژی دادگایەکەبوو بەپشووی فەرمی ئەوا رۆژی دواتر دەبێتە وادەی دادگایی کردنەکە، پێویستە ئەو کات ئامادەبن.

دادوەر/ جاسم حمد رضا

***

دادگای باری کەسی خەبات

ژمارە: ١١٣/ش/٢٠٢٠

رێکەوت: ٢٠٢٠/٣/١

جاردان

بۆ داوالێکراو (محمود احمد الديری)

ئامازە بە داوای ژمارە (١١٣/ش/٢٠٢٠) کە تایبەتە بە داواکار (ایە ولید العمر) کە جۆری داواکەی بریتییە لە (تفريق) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە، بەدەلالەتی داواکار (بۆیە ئەم دادگایە بڕیاریدا لە بەرواری (٢٠٢٠/٢/٢٥) بە پێراگەیاندنت بەرێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆیی بۆ ئامادەبوونی خودی خۆت یاخود بریکاردارت لەجیاتی خۆت رەوانە بکەی لەرۆژی دادگایی رێکەوتی ٢٠٢٠/٣/١٦) کاتژمێر (٩)ی بەیانی بە پێچەوانەوە دادگایی پاشملەو ئاشکرا دەرهەقت ئەنجام دەدرێت بە پێی یاسا.

دادوەر/مسعود سعید صدیق

***

دادگای بەرایی هەولێر/٢

ژمارە/ ٨١/ ب/٢/ ٢٠٢٠

رێکەوت/ ٢٠٢٠/٢/٢٧

جاردان

بۆ/ داوالێکراو (رواد وسیم شعبان)

داواکار (نایف عبدالکریم محمد شریف) داوای ژمارە ٨١/ ب/٢/ ٢٠٢٠ لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەر داوالێکراو (رواد وسیم شعبان) وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنی نادیارە بەپێی اشعاری موختاری گەرەکی سەربەستی و رۆیال تاوەر و گوندی ایطالی یەك و گوندی ئنگلیزی لە ٢٠٢٠/١/١٦ بۆیە ئەم دادگایە بریاری دا بە پێراگەیاندنت لەرێگای دوو رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆیی بەمەبەستی بەڕێوبەرایەتی ئاوەدانی وە ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە (تفريق) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە، بەدەلالەتی داواکار (بۆیە ئەم دادگایە بڕیاریدا لە بەرواری (٢٠٢٠/٢/٢٥) بە پێراگەیاندنت بەرێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە، کەلەرێکەوتی ٢٠٢٠/٤/٢٩ کاتژمێر (٩) ی سەرلەبەیانی لەم دادگایە ئامادەبن بەپێچەوانەوە بەپاشملە بەگوێرەی یاسا دادگایی دەکرێن، وەئەگەر رۆژی دادگایەکەبوو بەپشووی فەرمی ئەوا رۆژی دواتر دەبێتە وادەی دادگایی کردنەکە، پێویستە ئەو کات ئامادەبن.

دادوەر/ جاسم حمد رضا

***

موختاری گەرەکی سەربەستی و رۆیال تاوەر و گوندی ایطالی یەك و گوندی ئنگلیزی لە ٢٠٢٠/١/١٦ بۆیە ئەم دادگایە بریاری دا بە پێراگەیاندنت لەرێگای دوو رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆیی بەمەبەستی بەڕێوبەرایەتی ئاوەدانی وە ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە (تفريق) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە، بەدەلالەتی داواکار (بۆیە ئەم دادگایە بڕیاریدا لە بەرواری (٢٠٢٠/٢/٢٥) بە پێراگەیاندنت بەرێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە، کەلەرێکەوتی ٢٠٢٠/٤/٢٩ کاتژمێر (٩)ی بەیانی بە پێچەوانەوە دادگایی پاشملەو ئاشکرا دەرهەقت ئەنجام دەدرێت بە پێی یاسا.

دادوەر/ قباد شێرزاد نوری

***

دادگای باری کەسی هەولێر/١

ژمارە:٧٢٨/ش/٢٠٢٠/١

رێکەوت:٢٠٢٠/٣/٨

جاردان

بۆ/ داوالێکراو (مافی اکرم موسی)

داواکار (مخلص محمد علی) داوای ژمارە (٧٢٨/ش/٢٠٢٠/١)ی لەم دادگایە لەسەرت تۆمارکردووە تیایدا داوای (اثبات زواج) دەکات لە تۆ وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری مختاری (هەولێر/ گەڕەکی شاویس) بۆیە دادگا بڕیاری دا بەپێ راگەیاندنت بەهۆی دوو رۆژنامەی رۆژانە ئاگادارت بکاتەوە بۆ نامادەبوونت خۆت یان بریکارێکی یاسایی لەرۆژی دادبینی ٢٠٢٠/٣/٣١ کاتژمێر ٩:٣٠ بەیانی بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێ بەشێوەی ئاشکراو پاشملە.

دادوەری یەکەم/ دیار محمد علی

***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان

بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون وپشکنین

ژمارە / ١٢٧٠

رێکەوت /٢٠٢٠/٢/١٨

بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیای (سنووردار)

دوای تەواوکردنی سەرجەم رێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (Kws / بۆ پەروەردە وفێرکردن وپێ گەیاندن / سنووردار) وە پاڵپشت بە ئەحکامی مادەی (١٧٧) لە یاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو

من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بڕیارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بە مەرجێك ئەم بڕیارە بلاوبکرێتەوە بە پێ ی ئەحکامێ ماددەی (١٦٠) لە یاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ ی هەمووارکراو ئەم بڕیارە نووسراوە لە بەرواری ٢٠٢٠/٢/١٨

أراس رؤوف عارف

بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان / بەوەکالەت

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان

بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر

هۆبەی یاسایی

ژمارە: ٤٥٤٦

رێکەوت: ٢٠٢٠/٣/٤

بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیا (Neide Telecom)

بۆ خزمەتگوزاری گەیاندن/ سنوردار)

پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیا (Neide Telecom) بۆ خزمەتگوزاری گەیاندن/ سنوردار) لە رێکەوتی (٢٠٢٠/٢/٢٣) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەڕێڕپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (ئاکام عباس محمود) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر بڕیاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.

ئەم بڕیارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠٢٠/٣/٤

پشتیوان مصطفی قادر

بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیا (GEDIZ) بۆ بازرگانی گشتی/ سنوردار) بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە (پارێزگاری هەولێر/ برج عدالە)

پاکتاوکار/ نجاة اسماعیل صالح

ناونیشان/ هەولێر – برج عدالە

ژمارەی مۆبایل/ ٠٧٥٠٧٩٥٢٥٢٠

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان

بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر

هۆبەی یاسایی

ژمارە: ٤٥١٤

رێکەوت: ٢٠٢٠/٣/٤

بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیا (GEDIZ) بۆ بازرگانی گشتی/ سنوردار)

پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیا (GEDIZ) بۆ بازرگانی گشتی/ سنوردار) لە رێکەوتی (٢٠٢٠/٢/٢٥) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەڕێڕپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (نجاة اسماعیل صالح) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر بڕیاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.

ئەم بڕیارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠٢٠/٣/٤

پشتیوان مصطفی قادر

بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیا (BIMAK) بۆ بازرگانی گشتی/ سنوردار)

بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە (پارێزگاری هەولێر/ برج عدالە)

پاکتاوکار/ نجاة اسماعیل صالح

ناونیشان/ هەولێر – گەرەکی زیلان

ژمارەی مۆبایل/ ٠٧٥٠٧٩٥٢٥٢٠

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان

بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر

هۆبەی یاسایی

ژمارە: ٤٥١٧

رێکەوت: ٢٠٢٠/٣/٤

بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیا (BIMAK) بۆ بازرگانی گشتی/ سنوردار)

پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیا (BIMAK) بۆ بازرگانی گشتی/ سنوردار) لە رێکەوتی (٢٠٢٠/٢/٢٥) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەڕێڕپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (نجاة اسماعیل صالح) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر بڕیاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.

ئەم بڕیارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠٢٠/٣/٤

پشتیوان مصطفی قادر

بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیا (Neide Telecom) بۆ خزمەتگوزاری گەیاندن/ سنوردار) بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە (پارێزگاری هەولێر)

پاکتاوکار/ ئاکام عباس محمود

ناونیشان/ هەولێر – گەرەکی زیلان

ژمارەی مۆبایل/ ٠٧٥٠٧٤٩٤٩٧٥

www.xebat.net
دووشەممە 2020/3/9 ژمارە (5948)

ڤایرۆسی کۆرۆنا بە ناو پەرلەمانی فەڕەنسادا بڵاوەبێتەوە



دەنگی ئەمەریکا/
سەرۆکایەتی پەرلەمانی فەڕەنسا ڕایگەیاند دووەمین ئەندام پەرلەمانی فەڕەنسا ڕەوانەی نەخۆشخانە کراوە دوای ئەوەی تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بووە، پێنج پەرلەمانتاری دیکەش پشکنینیان بۆ کراوە.
پەرلەمانی فەڕەنسا ناوی ئەو پەرلەمانتارانەی ئاشکرا نەکرد کە تووشی ڤایرۆسەکە بوون بەڵام میدیایەکی ناوخۆیی لە ڕۆژهەڵاتی هەرێمی ئالاساک بڵاویکردەوە یەکێک لە پەرلەمانتارە تووشبووەکان ژان لوک ڕێتزەرە کە نوێنەرایەتی ناوچەیەک دەکات زۆرینەی تووشبووان بە ڤایرۆسی کۆرۆنا لەو ناوچەیەدان، هەروەها ئەوەشی خستەڕوو لە ئێستا ئەو پەرلەمانتارە لە ژێر چاودێری ورد دایە.
لە بەیاننامەکەی پەرلەمانی فەڕەنسادا هاتووە دەڵێت پەرلەمانتارەکەی دیکە ئافرەتێکە، ئاماژەشی بەوەدا کارمەندێکی دیکەش تووشی ڤایرۆسەکە بووە. لەلایەکی دیکەوە بەرپرسی بالای خزمەتگوزاری تەندروستی گشتی فەڕەنسا جیرۆم سالۆمۆن ڕۆژی شەممە گوتی پێنج کەسی دیکە بەهۆی ڤایرۆسەکەوە گیانیان لەدەستداوە، بەمەش ژمارەی گیان لە دەستدانەکان بەهۆی ڤایرۆسەکەوە لە فەڕەنسا گەیشتە 16 کەس. سالۆمۆن گوتیشی لە ئێستادا فەڕەنسا 949 حاڵەتی تووشبوونی بە ڤایرۆسی کۆرۆنا هەیە.

چین.. ڕووخانی کەرەنتینەیەک دەیان قوربانی لێکەوتەوە



میدیاکانی چین بڵاویانکردەوە، لە ئاکامی ڕووخانی ئەو هۆتێلەی کە لە ڕۆژهەڵاتی ئەو وڵاتە بۆ کەرەنتینەکردنی ئەو کەسانەی کە گومانی تووشبوون بە کۆرۆنایان لێدەکرا بەکارهێنرا، چوار کەس گیانیان لەدەستداوە. ڕۆژنامەی "چاینا دەیلی" بڵاویکردەوە، ڕووداوەکە لە شاری شوانچۆ سەربە هەرێمی فۆجیان ڕوویداوە و لە کۆی ئەو 70 کەسەی کە کەوتوونەتە ژێر داروپەردووی هۆتێلە ڕووخاوەکەوە، تا ئێستا 42یان ڕزگارکراون و چواری دیکە گیانیان لەدەستداوە و ڕەوشی پێنجی دیکەیان خراپە.
پێشتر کەنالی تەلەڤیزیۆنی فەرمی چین بڵاویکردبوویەوە، لەو 70 کەسەی کە کەوتوونەتە ژێر داروپەردووی هۆتێلە ڕووخاوەکە گیانیان لەدەستداوە، 43یان ڕزگارکراون. ئاماژەی بەوەشکردبوو کە هەوڵی لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ ڕزگارکردنی ئەو کەسانەی دیکە کە لەژێر داروپەردووی هۆتێلە ڕووخاوەکە گیریان خواردووە، بەردەوامە.
جێی باسە شەممە، هۆتێلێکی پێنج نهۆمی لە شاری شوانچۆ سەربە هەرێمی فۆجیان ڕۆژهەڵاتی چین بۆ کەرەنتینەکردنی ئەو کەسانەی کە گومانی تووشبوون بە کۆرۆنایان لێدەکرا دیاریکرابوو، ڕووخا. کاربەدەستانی چین ڕایانگەیاندبوو کە 70 کەس لەناو هۆتێلەکەدان. تا ئێستا هیچ ڕوونکردنەوەیەک لەبارەی هۆکاری ڕووخانی هۆتێلەکە نەدراوە.



سەرجەم مزگەوتەکانی ئێران داخران

K24/ بەهۆی مەترسییەکانی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا، سەرجەم مزگەوتەکان لە سەرتاسەری ئێران تا کاتێکی نادیار دادەخرێن. ناوەندی کاروباری مزگەوتەکانی ئێران لە ڕاگەیەندراوێکدا بڵاویکردەوە، لەپێناو ڕێگریکردن لە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا، مزگەوتەکان تا کاتێکی نادیار دادەخرێن و داواشی لە مامۆستایانی ئایینی کرد سەرجەم بۆنە و ڕێورەسمێکی ئایینیەکان ڕابگرن.
ئاماژە بەوەش کراوە، بە هیچ شێوەیەک نوێژی بە کۆمەڵ لە مزگەوتەکاندا بەڕێوە نەبەن. جێی باسە پێشتریش بەڕێوەچوونی گوتاری نوێژی هەینی لە شارەکانی ئێران قەدەغەکرابوو.

ئێران.. ژمارەی ئەو کەسانەی بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆناوە گیانیان لەدەستداوە گەیشتە 194 کەس

ژمارەی تووشبووانیش گەیشتۆتە شەش هەزار و 566 حاڵەت



دوێنێ یەکشەممە بەرپرسی پەیوەندییەکان لە وەزارەتی تەندروستی ئێران، کیانوش جیهانپور لە لێدوانێکدا ئەوەی ئاشکرا کرد، تەنها لەمیانی24 کاتژمێری ڕابردوودا، 49 کەسی دیکە بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆناوە گیانیان لەدەستداوە، بەمەش ژمارەی قوربانییانی ڤایرۆسەکە گەیشتووەتە 194 کەس و تا ئێستاش شەش هەزار و 566 حاڵەتی تووشبوون تۆمارکراون.
کیانوش جیهانپور ئەوەشی خستەڕوو کە زۆرینەی حاڵەتەکان لە پارێزگاکانی تاران، قوم، گیلان، مازەندەران، ئەسفەهان، ئەلبورز، مەرکەزی و قەزوین تۆمارکراون، دوو هەزار و134 کەسیش دوای وەرگرتنی چارەسەری پێویست چاکبوونەتەوە و ڕەوانەی ماڵەوە کراون.
ئێران یەکێکە لەو وڵاتانەی لەدوای چین زۆرترین کەس تیایدا بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆناوە گیانیان لەدەستداوە، یەکەم حاڵەتیش لە 19ی شوباتدا لە پارێزگای قوم تۆمارکرا و بەخێرایی بە هەموو ئەو وڵاتەدا بڵاوبوونەوە، تەنانەت چەندین بەرپرسی بالای ئێران دووچاری ئەم ڤایرۆسە بوون.
لەچوارچێوەی هەوڵەکان بۆ ڕێگریکردن لە تەشەنەکردنی زیاتری کۆرۆنا، هاتوچۆ بۆ گەورەشارەکان سنووردار کراوە و چوون بۆ 17 پارێزگا قەدەغە کراوە کە سالانە لە پێش پشووەکانی نەورۆزدا، زۆرترین سەردان دەکران. هەروەها دەوامی تەواوی قوتابخانە و زانکۆکان کراونەتە پشوو و سەرجەم چالاکییە وەرزشی و هونەرییەکانیش تا 20ی ئادار هەڵپەسێردراون.

ڤایرۆسی کۆرۆنا (کۆڤید 19)

ڤایرۆسی کۆرۆنا
ئەو ڤایرۆسە کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر کۆئەندامی هەناسە (وەک ئەنفلۆنزا).

ڕێگاکانی بڵاوبوونەوە:
ڤایرۆسەکە بە بەریەکەوتنی ڕاستەوخۆ لەگەڵ کەسی تووشبوودا بڵاودەبێتەوە، کاتێک کەسی تووشبوو دەپژمێت یان دەکۆکن، یان بەریەکەوتن و یان ئەو شلانەی لە دەم و لووتەوە دەردەچن.

جیاکەرەوەکانی:
جیاکەرەوە و ناسەرەوەی ئاسانی ئەم ڤایرۆسە ئەوەیە کە کەسی تووشبوو ئاو لە لووتی دێت و لەوزەکانی دەناوسێن و دەپژمێت و تا دەگرێت، لە هەندێ کەسدا سیپەکانی دەناوسێن و هەناسەدانی زەحمەت دەبێت.
نەخۆشییەکە ئاسان بڵاودەبێتەوە (زۆر کوشندە نییە)، مەترسی زۆر لەسەر بەساڵاچوان و ئەو کەسانە هەیە کە نەخۆشی (وەک ڕەبۆ و شەکرە و نەخۆشییەکانی دڵ)یان هەیە.

نیشانە سەرەکییەکان



تەنگە نەفەسی (حاڵەتی تووندی نەخۆشییەکە)

خۆپارێزی لە دەرەوە
لەئێستا هیچ پێکوتەیەکی خۆپارێزی نییە بۆ نەخۆشی ڤایرۆسی کۆرۆنا.
بەشێوەیە دەتوانیت خۆت بپارێزی لە ڤایرۆسی کۆرۆنا:
- شۆردنی دەستەکان بەبەردەوامی (کانزەمێری جارێک) بە جێلێ تایبەتی کهولی یان بە ئاو و سابوون.
- لەکاتی کۆکین و پژمیندا دەم و لووتت داپۆشە.
- لەکاتی وەستان و گفتوگۆدا لەگەڵ کەسی بەرامبەر (بەتایبەت ئەگەر ئەنفلۆنزا یان هەر نەخۆشییەکی وەرزی هەبێت) بەدووری (1 مەتر) بووەستە.
- باشترە خۆت بپارێزی لە بەریەکەوتنی ڕاستەوخۆ لەگەڵ خەڵکدا (وەک تۆقەکردن و ماچکردن ...).
- بەکارهێنانی ماسک لە شوێنی قەرەباڵغدا.

خۆپارێزی لە ماڵەوە
ئەگەر نیشانەی نەخۆشی سەرەتاییت هەیە یانیش هەست بە ماندووبوون و داهێزان دەکەیت، باشترە:
- پشوو وەربگریت و بخەویت.
- خۆت گەرم دابپۆشە.
- شلەمەنیەکان زۆر بخۆرەوە.
- گۆشت زۆر بکوڵێنەو و سەوزە و میوە جوان بشۆرەوە.
- ماڵ و ژوورەکان بەگەرمی بهێڵەوە تاوەکو زاڵ بیت بەسەر هەورکردنی لەوزەکان و نەهێشتنی کۆکە.


سەرچاوە: ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی

چارەسەرییە پزیشکییەکان
ئەگەر هەست بە تا و کۆکە کرد، بۆماوەی 14 ڕۆژ لەماڵەوە بمێنەوە بۆ پارێزگاریکردن لە تە ندروستی خۆت و خەڵکی.
ئەگەر لەو ماوەیە باری تەندروستیت باشتر نە بوو، پێویستە سەردانی نەخۆشخانە بکەیت و حاڵەتەکەت بە پزیشک ڕابگەیەنیت تاوەکو چارە سەری پێویست وەربگریت.

ئەمڕۆ لە مێژوودا



سالی 1796:
ناپلیۆن پۆناپرتی ئیمپراتۆری فەرەنسی و شاژن جۆزفین هاوسەرگیریان کرد.



سالی 1919:
میسریەکان بە سەرکردایەتی سەعد زەغلول شۆڕشیان لە دژی داگیرکاریی بەریتانیا بەرپا کرد.



سالی 1956:
شانشینی یەکگرتوو مەکاریۆسی سێیەمی سەرکردەی قوبرسیان بۆ دوورگەی سیشیل نەفی کرد.



سالی 1970:
یاسر عەرەفاتی سەرۆکی فەتح بۆ یەکەم جار سەردانی مۆسکۆی کرد.



سالی 1973:
گەلی ئیرلەندا بە زۆرینەی دەنگ بڕیاری دا لە چوارچێوەی شانشینی یەکگرتوو بمێننەوە.



سالی 2015:
لە ئەرژەنتین بەریەککەوتنی دوو هێلیکۆپتەر بووە هۆی کوژرانی 10کەس.



باشووری سوودان.. هەوڵێک بۆ ئاشتەوایی

باشووری سوودان ناتوانێت لە شەو ورۆژێکدا لە ڕەوشی دەوڵەتێکی شکستخواردوودا دەربچێت. کارەکە پێویستی بە کارکردنی چەندین نەوە، بۆ کۆکردنەوەی بەشە دارماوەکاندا هەیە

ماکس بیراک

لە ڕۆژی 22 شوباتی ڕابردوودا، لایەنە شەڕەکەرەکان لە باشووری سوودان، حکومەتی یەکێتیی نیشتمانیان پێکهێنا، کە ریاک مشار، سەرکردەی یاخیبووەکان، پۆستی جێگری سەرۆکی وەرگرت. ئەوەش گرنگترین هەوڵی چەند ساڵی ڕابردووە، بۆ کۆتایی هێنان بە جەنگی ئەهلیی جەرگبڕ، کە بووەتە هۆی کوژرانی نزیکەی 400 هەزار کەس و پەرتەوازە بوونی ملیۆنەها کەس و دووركەوتنەوەیان لە ماڵەکانیان. ئەو ڕێکەوتنە لە نێوان مشار و سەرۆکی باشووری سوودان، سیلڤا کێر، دوای دوو هەوڵی سەرنەگرتوو دێت، کە بوونە هۆی دەستکردنەوە بە جەنگ.

ئەمەو گوشاری نێودەوڵەتی لەسەر هەردوو سەرۆک زیادی کرد، دوای وادەی کۆتایی بۆ گەیشتن بە ڕێکەوتنی ئاشتیی، بە دڕێژایی ساڵی ڕابردوودا. بەڵام نەوەی کێشانی بەرچاو لە ماوەی دواییدا، ڕێگەی بۆ ئەو ڕێکەوتنە خۆشکرد. کێر، لە ڕێوڕەسمی واژووکردن لەسەر ڕێکەوتنەکەدا ڕایگەیاند، ئەو جوولەکردنە کۆتایی هاتنی فەرمی جەنگ تۆمار دەکات، دەتوانین ئێستا سپێدەیەکی تازە لە باشووری سوودان ڕابگەێنین. ئاشتی هاتووە بۆ ئەوەی بمێنێتەوە، نەوەکوو جارێک دیکە شەڕ لەنێو ئەو گەلەدا سەر هەڵبداتەوە.ئەمەو جەنگی ئەهلیی لە باشووری سوودانـدا، بووە هۆی هەڵلووشینی گیانی ژمارەیەک دانیشتووان، کە هاوتای ژمارەی کوژراوانی جەنگی ئەهلیی سووریایە، هەرچەندە ماوەکەشی کورتترە. ئەو ململانێیەش لە سەرتاسەری وڵاتدا، خەڵکی خستە نێو برسیەتییەکی کوشندەوە، ئەوەش نزیکەی 2.2 ملیۆن کەسی ناچارکرد، بەرەو وڵاتانی دراوسێ ڕابکەن، 1.4ملیۆن کەس بێنەوا مانەوە و 190 هەزار کەسیش، لە ژێر چاودێری ڕاستەوخۆی نەتەوە یەکگرتووەکاندا دەژین. ئۆت دینگ ئەکویل، وەزیری دەرەوەی باشووری سوودان، لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا باسی لەوە کرد:"ئەو ڕێکەوتنە بە وەرچەرخانێکی مێژوویی دادەنرێت، بڕکۆژانی گەلەکەمان کۆتایی دێت، دەست بە گێڕانەوەی خەڵک لە وڵاتانی دراوسێدا دەکەین". بەرگەگرتنی ڕێکەوتنەکەش لەسەر دوو خاڵی گرنگ وەستاوە: یەکەم: داواکردن لە مشار بە کەمکردنەوەی ژمارەی ویلایەتەکانی وڵات لە 32 ویلایەتەوە بۆ 10ویلایەت، باس لەوەش دەکرێت دەستکاری سنووری ویلایەتەکان کراوە بۆ بەرژەوەندی هۆزی (دینکا)، کە سەرۆک کێر سەر بەو هۆزەیە. دووەم: موکرپوونی کێر لەسەر ڕێگەنەدان بە مشار، بە هێنانی هێزی تایبەتی خۆی بۆ جوبای پایتەخت، لە ترسی دووبارە بوونەوەی تووندوتیژی، کە لە ماڵگی تەموزی ساڵی 2016دا، ئەو شارەی هەژاند، دوای لەبارچوونی ڕێککەوتنی پێشووی ئاشتیی.ئالان بۆسویل، شرۆڤەکاری شارەزا لە کاروباری باشووری سوودان، لە گرووپی قەیرانەکانی نێودەوڵەتی، کە بۆ ئامادەبوون لە ڕێوڕەسمی ڕێکەوتنەکە لە جوبا بوو، دوای گەڕانەوەی لەو ناوچانەی کە هێزەکانی کێر و مشار، دەیانەوێت خۆیان لە نێو یەک هێزی یەکگرتوودا تێکەڵاو بکەن، پێی وایە، ئەوەیان تاکە ڕێگەی بینراو بوو بۆ پێشەوە. ئەو ڕۆژە ڕۆژێکی زۆر گرنگە، بەڵام بە شێوازێکی دیکەدا، بە ڕێگەیەکی خاو بۆ پێشەوە دادەنرێت و پێناچێت گۆڕانکارییەکی زۆر لە ڕەوشی ئەو وڵاتەدا بکات. باشووری سوودان، ناتوانێت لە شەو ورۆژێکدا لە ڕەوشی دەوڵەتێکی شکستخواردوودا دەربچێت. کارەکە پێویستی بە کارکردنی چەندین نەوە، بۆ کۆکردنەوەی بەشە دارماوەکاندا هەیە، تەنیا بۆ گەڕانەوە بۆ ڕەوشی سەروبەندی سەربەخۆیی. ئەمەو باشووری سوودان، لە ساڵی 2011دا، وەکوو نوێترین وڵات لە جیهاندا دەرکەوت، دوای ململانێیەکی خوێناوی بۆ جیابوونەوە لە وڵاتی سوودانداد. بەڵام رکابەریی لە ساڵی 2013دا، لە نێوان سەرۆک کێر و مشاردا، کە ئەوەدم جێگری بوو، بۆ تووندتیژی گۆڕا و وڵاتی لەگەڵ خۆی خزاندە نێو جەنگێکی سەرتاسەریی، هەردوو لاش چەندین پێشێلکاریی فراوانیان ئەنجام داوە.ڕاپۆرتێکی نەتەوە یەکگرتووەکان، کە لە ڕۆژانی ڕابردوودا بڵاو بووەتەوە، باس لە وردەکارییەکان دەکات و ئاماژەش بەوە دەکات، هەرچەندە جوولەکردن بۆ حکوومەتەکەی کێر سەپاندووە، وەکو هەوڵێک بۆ بەرەوپێش بردنی پرۆسەکە. هەتا پاپای ڤاتیکانیش، پارەکە هاتە دەنگ، کاتێک قاچەکانی کێر و مشاری ماچکرد، لە ساتێکدا کە وەکوو وێنە لە سەرەتای ڕێوڕەسمی گەیشتن بە ڕێکەوتن لێدرایەوە، لە ڕۆژی 22شوباتی ڕابردوو لە جوبادا. لە پەیامی پیرۆزبایی باڵێۆزخانەی ئەمریکاشدا هاتووە: ڕاستە هێشتا کارێکی زۆر ماوە، کە دەبێت پێی هەڵسن، بەڵام ئەو قۆناغە لە ڕێگەی گەیشتن بە ئاشتیی زۆر گرنگە. وەزیری دەرەوەی باشووری سوودانیش وتی، وڵاتەکەی و ئەمریکا دوژمن نین، پێویستیشە پەیوەندییەکان ئاسایی بکرێنەوە، تاکوو باشووری سوودان بتوانێت بە تەواوی چاک بێتەوە.ئەمەو مشار، ڕکابەرەکەی کێر، بەوە تۆمەتبار دەکات، بەشێکی دەوڵەمەند بە نەوتی لە ولایەتی دایکی سەرکردەی یاخیبووەکان دابڕیووە و کردوویەتی بە ناوچەیەک، کە بەفیدراڵی بەڕێوە دەبردرێت، ئەوەش بە تەواوی لە ژێر کۆنترۆڵی ئەوی دوور دەخاتەوە. لەلایەکی دیکەوە، کێر، پارێزگاری هەر 32 ویلایەتەکە و تیمی فەرمانبەرەکانیانی لە پۆستەکانیان دوور خستەوە، کە هەندێکیان میلیشیای تایبەت بەویان بەڕێوە دەبرد. کێر و مشار، ئێستا کار لەسەر کۆکردنەوەی پارە، بۆ پشتیوانیکردن لە هەوڵەکانی چاکبوونەوە و لێکدانی هێزەکانی ئاسایشیان لەنێو یەک سوپای یەکگرتوو و ڕێگە خۆشکردن بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی نەتەوەیی دەکەن. پێشبینش دەکرێت، وەکوو دوو پالێوراو، رکابەریی لەسەر پۆستی سەرۆکی وڵاتدا بکەن.


و: ڕەمزی میرەکانی سەرچاوە:
www.alittihad.ae



پێناسەی وڵاتان

سلڤادۆر

ناوی فەرمی : کۆماری سلڤادۆر.
کیشوەر: ئەمەریکای باکوور و ناوەڕاست.
پێگەی جوگرافی: لە ڕۆژئاوا گواتیمالا و هیندۆراس لە لە باکوور و ڕۆژهەڵات و ئۆقیانووسی هێمن لە باشوور هەن .
جۆری دەسەڵات: کۆماری.
پایتەخت: سان سلڤادۆر.
ڕووبەر: 21.40 کیلۆمەتر دووجا .
ژمارەی دانیشتووان: 5.752.067 کەس.
ئاین : کریستیان.
دراو: کولونی سلڤادۆری.
زمان: ئیسپانی.
ئەندامێتی لە نەتەوە یەکگرتووەکان: . 1945 -10- 24



ئیدلب... ڕێگەی هات و نەهات



ساپیر حوسێن

بەرپەککەوتنی هێزەکانی سوپای سووریا و تورکیا لە ئیدلب خەریکە هاوکێشەکانی هێز لە ناوچەکە دەگۆڕێ و جگە لە سووریا و تورکیا، روسیاش کەمەندەکێش دەکرێتە ناو جەنگەکەوە، ئەگەرچی تورکیا بەردەوام ئەوە دووپات دەکاتەوە کە مەیلی ڕووبەڕووبوونەوەیان نییە لەگەڵ هێزەکانی روسیا، بەڵام روسیا لەلایەن خۆیەوە شەرعیەتی داوەتە هێزەکانی سوریا کەوا گرووپە تیرۆرستیەکان لە خاکی وڵاتەکەی وەدەر بنێ، ئەو گرووپە چەکدارانەش بە ئەجیندای تورکیا خۆیان خزاندۆتە ئیدلبەوە....

ڕێککەوتنی مۆسکۆ و ئەنکەرە

دوای کۆششی زۆری تورکیا و بەگەڕخستنی هەوڵە دیپلۆماسییەکان ، دواجار دیداری نێوان ئەردۆگان و پۆتین ئەنجام دارا، هەرچەندە هەردوو لا بە گومانەوە لە سەرەنجامی ڕێککەوتنەکان دەڕوانن بە تایبەتی ڕووسیا کە ئەزموونی پێشوتری لەگەڵ ئەنکەرەدا هەیە، بەڵام لە کۆتاییدا هەریەک لە سێرگی لاڤرۆڤی وەزیری دەرەوەی ڕوسیا و مەولود چاوش ئۆغلۆی وەزیری دەرەوەی تورکیا خاڵەکانی ڕێککەوتنی نێوان تورکیا و ڕوسیایان ڕاگەیاند، کە بەگوێرەی ڕێککەوتنەکە ڕوسیا پۆلیسی سەربازی لە ناوچەی تارام لە سوریا بلاو دەکاتەوە. هاوکات دەبێت هێزە کوردییەکان لە ماوەی 150 کاتژمێر 30 کیلۆمەتر لە ناوچەکە دوور بکەونەوە. لەدوای تەواوبوونی 150 کاتژمێرەکە سوپای تورکیا و ڕوسیا پێکەوە دەورییە بە قولایی 10کیلۆمەتر لەسەر سنووری وتورکیا لێدەدەن. هەردولاش بەردەوام دەبن بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێکی سیاسی بۆ دۆخی سوریا لە چوارچێوەی ڕێککەوتنی ئاستانە و کارکردنی لیژنە هاوبەشەکانی هەردوو وڵات تایبەت بە لیژنەی دەستوری سوریا. چەندین خاڵی دیکە کە پێویستە هەردوو لا پابەندی بن.

ئەردۆگان تیرۆرستەکانی بە گەشتیارەکان نەگۆڕیەوە

ماڵپەڕی ڕوسیا ئەلیەوم، بە ناونیشانی (ئەردۆگان تیرۆرستەکانی بە گەشتیارەکان نەگۆڕیەوە) بابەتێکی بڵاوکردۆتەوە و لە ناوەڕۆکیدا دەربارەی تورکیا و کێشەی سوریا دووپاتی کردۆتەوە کە ئەنکەرە ناتوانێ بەردەوامی بەو ململانێیانە بدات، هاوکات تورکیا لە مەسەلەی ئیدلیبی سوری کەوتۆتە دوو فاقیەوە لەلایەک دەڵێ: لە جەنگ بەردەوام دەبین و لەلایەکی دیکە بوونە. لە هەمو ئەوانەش ناخۆشتر ئەو ڕاستیەیە کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە ئاستی ئەو کوشتارانەی ئیدلب کە بەرژەوەندی وڵاتانی ئیقلیمی تێدایە خۆی بێ دەنگ کردووە. بەتایبەتی ئەو ململانێیەی نێوان تورکیا و ڕوسیا کە لەسەر خاکی سوریا بەڕێوە دەچێت.

تورکیا لە کودەتایەکی نوێ نیگەرانە

ماڵپەڕی ڕوسیا ئەلیەوم بە ناونیشانی (تورکیا لە کودەتایەکی نوێ نیگەرانە) بابەتێکی بڵاوکردۆتەوە لە ناوەڕۆکیدا باس لە داهشبونی نوخبەی ناوخۆی تورکیا دەکات سەبارەت بە هەڵوێستی ئەردۆگان لە سوریا. لەم بارەوە بە گوێرەی ڕاپۆرتێکی دامەزراوەی (ڕەند) ئەو سیاسەتەی تورکیا گرتوویەتیە بەر ڕەنگە کودەتایەکی نوێی لێ بکەوێتەوە. حکوومەتی ئەنکەرەش لەمە نیگەرانە، هەر لە ڕاپۆرتەکەی دامەزراوەی (ڕەند) دووپاتکراوەتەوە سوپاش بەم دۆخە شڵەژاوە، جەختیش لەسەر ئەوە کراوەتەوە کە ڕاپۆرتەکەی دامەزراوەی (ڕەند) بەهەند وەرگیراوە، چونکە بە دوور نازانرێ کە ئەوە گوزارشت لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا بکات و خوێندنەوەی ئەوان بێت بۆ دۆخی ئایندەی تورکیا.

ئاوێنەی ڕاگەیاندنی شێواو

ماڵپەڕی ڕوسیا ئەلیەوم بە ناونیشانی (ئاوێنەی ڕاگەیاندنی شێواو) بابەتێکی بڵاوکردۆتەوە لە ناوەڕۆکیدا باس لە دۆخی هەنوکەی ئیدلبی سوری دەکات و جەخت لەسەر هەڵوێستی ڕوسیا دەکاتەوە کە لەم جەنگدا بردنەوەی ڕژێمی ئەسەد لە بەرامبەر تورکیا کارێکی حەتمیە، ئەمەش وەکو ئاماژەیەک بۆ ئەو ڕکابەریەی لە نێوان مۆسکۆ و ئەنکەرە سەری هەڵداوە لەسەر پرسی ئیدلبی سوری. ئەم هەڵوێستەی ڕوسیا تورکیای زۆر نیگەران کردووە و دۆخە سیاسیەکەی ئەوندەی تر ئاڵۆزتر کردووە.

ئەردۆگان لە لیبیا وانەی ئێرانی خوێندۆتەوە

ماڵپەڕی ئەلعەرەبیە نت، بە ناونیشانی (ئەردۆگان لە لیبیا وانەی ئێرانی خوێندۆتەوە) بابەتێکی بڵاوکردۆتەوە و لە ناوەڕۆکیدا نووسەر بەو پرسیارە دەست پێ دەکات کە بۆچی ئەردۆگان بەم شێوەیە سەرکێشی دەکات لە لیبیا، لە یەک کاتیشدا عەرەب و ئەفریقی و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەخۆی تورە دەکات، دواتر هەر خۆی وڵام دەداتەوە و دەڵێ: چونکە ئەردۆگان وانەی ئێرانی لە وڵاتی لیبیا خوێندۆتەوە. نوسەر پێ وایە ئەردۆگان لەسەر پرۆسەی تەماعکاری خۆی لە لیبیا بەردەوام دەبێت و گوێ بە هیچ بەهایەک نادات، تەنها بۆ ئەوەی خەونی ئیمپراتۆریەتی جاران بگێڕێتەوە. هەموو ئەوانەش لەژێر چەتری ئیسلام ئەنجام دەدات. بۆیە وەک نوسەر دەڵێ: ئەمڕۆ ئەردۆگان هیچ جیاوازیەکی نییە لەگەڵ مورشیدی ئێرانی عەلی خامەنەئی، چونکە هەردووکیان هەمان سیاسەتی فراوانخوازی بەناوی ئیسلامەوە جێ بەجێ دەکەن.

ئیدلب و ئیستیحقاقی ڕوسیا

ماڵپەڕی ئەلوتەن، لەژێر ناونیشانی (ئیدلب و ئیستیحقاقی ڕوسیا) بابەتێکی بڵاو کردۆتەوە، تێیدا نوسەر دەربارەی ئیدلبی سوری، جەخت لەسەر هەڵمەتی توندی ئیعلامی نێوان مۆسکۆ و ئەنکەرە دەکاتەوە، کە خەریکە هەوڵە دیپلۆماسییەکان شکست دەخۆن و زمانی جەنگ بەرزتر خۆی دەنوێنێ. لەو نێوەندەشدا فەرەنسا و ئەڵمانیا لە هەوڵە دیپلۆماسییەکانی خۆیان بەردەوامن. ڕوسیا هەموو مافەکان بە هی خۆی دەزانێ کەچی تورکیا سەر دانانوێنێ و لەگەڵ سوپای سوریا کە ڕوسیا پاڵپشتی دەکات جەنگی بەرپا کردووە و خەریکە دۆخەکە لە دەست دەردەچێ و وڵاتانی دیکەش بە جەنگەکەوە سەرقاڵ دەکات. لە هەموو ئەوانەش گرنگتر ئیدارەی ئێستای ئەمریکا بابەتی ئیدلبی بۆ ڕوسیا بەجێهێشتووە و خۆی بە پرسی دیکەوە سەرقاڵ کردووە.

ئاماژەکانی دۆڕانی تورکیا

ماڵپەڕی ئەلوەتەن، لەژێر ناونیشانی (ئاماژەکانی دۆڕانی تورکیا) بابەتێکی بڵاو کردۆتەوە، لە ناوەڕۆکیدا جەخت لەسەر ئەوە کراوەتەوە کە دەستکەوتەکانی سوپای سوریا لە ئیدلب ڕەنگدانەوەی دەبێت بەسەر هەموو دۆسیە هەڵپەسێردراوەکانی سوریا، لەم دۆخەشدا تورکیا بە گەورەترین زەرەرمەند لە جەنگەکە دەردەچێت. بۆیە تورکیا هەموو هەوڵێکی لە ئیدلب خستۆتە گەڕ تاوەکو سوپای سوریا بەڵادەستی خۆی لە ئیدلب ڕانەگەیێنێ. نوسەر دووپاتی دەکاتەوە کە ئیستیفزازی سەربازی نێوان تورکیا و سوریا لەسەر ئەم بنەمایە کوشتاری لێ کەوتۆتەوە. هاوکات ڕوسیاش بە هەموو شێوەیەک لە دژی ئەو گرووپە تووندڕەوانەیە کە تورکیا پاڵپشتیان دەکات و پاڵپشتی سوپای سوریا دەکات لەبەرکانی ڕووبەڕوو بوونەوەکاندا. ئەگەر تورکیاش لە هەوڵەکانی خۆی بەردەوامە بۆ ڕازیکردنی ڕوسیا تاوەکو پاڵپشتی سوریا نەکات، بەڵام هەڵوێستی ڕوسیا بە ڕاشکاوی دژ بە تورکیایە و لایەنگیری سوریایە.

مووشەکی پاتریۆت و موراوەغاتەکانی ئەردۆگان

ڕۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت، لەژێر ناونیشانی (مووشەکی پاتریۆت و موراوەغاتەکانی ئەردۆگان) بابەتێکی بڵاو کردۆتەوە، تێیدا نوسەر باس لە گەمەی سیاسی ڕەجەب تەیب ئەردۆگان دەکات. بەتایبەتی ئەو پرسەی پەیوەندی بە بڵاوەپێکردنی سیستەمی مووشەکی پاتریۆتی ئەمەریکی لە سنورەکانی باشوری تورکیا و سووریادا. ئەم داخوازیەش پێشکەشی جیمس جفری نێردەی تایبەتی ئەمریکی بۆ سوریا کراوە، ئەم هەڵوێستەی تورکیاش ڕوسیای زۆر نیگەران کردووە و نیگەرانیەکەش لەپاڵپشتیکردنی سوپای سوریا لە ئیدلب ڕەنگی داوەتەوە. هاوکات تورکیاش جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئەم هەنگاوەیان دژ بە ڕوسیایە چونکە پاڵپشتی لە مانەوەی بەشار ئەسەد دەکات. ئێستاش پەیوەندییەکانی تورکیا و ڕوسیا لەسەر پرسی ئیدلب کەوتۆتە مەترسییەوە.

کاریکاتێر



مانشێت



سکای نیوز:
لە ئەنجامی ڕووداوێکی هاتوچۆدا لە شاری حمسی سوریا 32 کەس گیانیان لەدەست دا و 77ی دیکە بریندار بوون.




ئەی ئێف پی:
بەهۆی دارمانی هوتێلێک لە ڕۆژهەڵاتی چین کە بۆ تووشبووانی قایرۆسی کورۆنا بەکار دەهێنرا 4 کەس گیانیان لەدەست دا.



ئیلاف:
پۆلیسی سوید لە ستۆکهۆلم دوو کەسی ڕووسیان بە تۆمەتی دەستدرێژیکردن بۆ سەر کەسێکی بەرهەڵستکاری چیچانی دەستگیر کرد.



ڕۆیتەرز:
تورکیا ڕایگەیاند کە دەسەڵاتدارانی یۆنان لەسەر سنوور تەقە لە خۆپیشاندەران دەکەن، یۆنانیش ئەو تۆمەتەی ڕەت کردەوە.




ڕۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:
حکوومەتی چین ئەو هەواڵانەی ڕەت کردەوە کە باسیان لەوە کردبوو مانگی ڕابردوو تیشکی لێزەری ئاراستەی فڕۆکەیەکی ئەمەریکی کردووە.



کەنالی ئار تی:
بینی گانتسی سەرۆکی پارتی (شین، سپی) ڕایگەیاند کە بەنیازی پێکهێنانی حکوومەتێکە ئیسرائیل لە هەموو کێشە و گرفتێک ڕزگار بکات.

ڕووبەڕووبونەوەی (ڕێکخراوی فەلەکناسی کوردستان)

دەربارەی ئەگەری بەرکەوتنی هەسارۆکەیەک بە زەوی لە کۆتایی مانگ نیسانی داهاتوودا



لەماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا، جارێکی دیکەش، وەک چەند جارەی پێشووتر، پروپاگندەی بەرکەوتنی هەسارۆکەیەک کراوە بەر ڕووی زەوی و سەرچاوەی هەواڵەکەش، گوایە، لەلایەن پسپۆڕانی ناسا وە بووە.

لە ڕاستیدا، ئەو هەواڵەی کە بەم شێوەیە بڵاوکراوەتەوە ڕاست نییە، بەڵکو بە شێوەیەکی نادروست مامەڵەی لەگەڵدا کراوەو بەشێوەیەکی دوور لە ڕاستیی و بنەما زانستییە ڕاستەقینەکەیدا بڵاوکراوەتەوە.

لەم بارەیەوە (ڕێکخراوی فەلەکناسی کوردستان - KAO) بەدواداچوونێکی وردی بۆ ئەم پروپاگندەیە کردو بەم شێوەیە ڕاستییەکان بۆ هاوڵاتیانی ئازیزو دەزگاکانی بەڕێزی ڕاگەیاندن دەخاتە ڕوو:

1- هەسارۆکەکە ناوی چییەو سیفاتە فیزیا فەلەکییەکانی چین؟

هەسارۆکەکە ناسراوە بە 52768 (1998 OR2) یەکێکە لە ئەندامەکانی نێو گروپی ناسراو بە (هەسارۆکە ئەپۆلۆییەکان) کە دەکەونە نێو ناوچەی ناسراو بە (پڕێنی هەسارۆکەکان) لەنێوان هەسارەی (مەریخ) و (موشتەری). بڕێکەمجار 24ی تەموزی 1998دۆزرایەوە، ئەویش لە چوارچێوەی پڕۆگرامی (بەدواداچوونی هەسارۆکە نزیکەکانی زەوی - NEAT) و بەبەکارهێنانی (ڕوانگەی فەلەکناسی هالیکالا) لە (دورگەکانی هاوای).

تیرەی نزیکەی 2 کیلۆمەترو 457 مەترە، بەماوەی 3.67 ساڵ جارێک خولێک بەدەوری خۆردا تەواو دەکات، وە بە ماوەی 3کاتژمێر خولێک بە دەوری خۆیدا تەواو دەکات و بەخێرای 8 کیلۆمەترو 700مەتر لە کاتژمێرێکدا لەنێو بۆشایی ئاسمانیدا دەڕوات.

2- ئایا مەودای نێوانمان هێندە کەم دەبێتەوە تا هەڕشەی بەرکەوتنی لێ بکرێت؟

سەرەتای وەڵام ... نەخێر، ئینجا، لە ڕووی ڕوانگەییەوە، ئاژانسی (ناسا) پڕۆگرامێکی زۆر پێشکەوتووی هەیە بۆ ڕوانگەکردنی نزیکەی 20هەزار تەنی ئاسمانی ((گومان لێکراو)) کەوا نەوەک بە مانای هەرەشەن، بەڵکو تا ڕادەیەکی کەم، مام ناوەندی یان زۆر لە زەوی نزیک دەکەونەوە، وە ناسراوە بە (سەنتەری لێکۆڵینەوەی تەنی نزیکی زەوی، واتە: CENTER FOR NEAR EARTH OBJECT STUDIES بۆیە، بە پشت بەستن بە پێوانەکارییە فەلەکییە وردەکان بۆ خولگەو جوڵەی ئەو تەنە ئاسمانییە، دەردەکەوێ کەوا نزیکترین خاڵ لەگەڵ زەوی کە لە 2020.4.29دا تۆمار دەکرێت دەگاتە 6ملیۆن و 304 هەزارو 160 کیلۆمەتر، واتە 16.4 جار ئەوەندەی مەودای نێوان زەوی و مانگ، هەر بۆیە، هیچ مەترسییەکی بەرکەوتنی نییە لەگەڵ زەوی.

جێگای ئاماژە پێدانە کەوا ئەم هەسارۆکەیە دووبارە لە 2031.5.18 جارێکی دیکەش دەگاتەوە نزیکترین خاڵ لەگەڵ زەوی و ئەوکاتیش هیچ هەڕشەیەکی بۆ سەر زەوی نابێت.


3- ئایا لە داهاتوودا هیچ ئەگەری بەرکەوتنی هەسارۆکەیی یان نەیزەکیی گەورە هەیە؟

بە مانای هەرەشەی ڕاستەقینە نا، بەڵام بەهۆی گۆڕانێکی ڕیشەیی ئاوو هەوای هەسارەکەو لە دەستەدانی پێکهاتە سەرەکییەکانی بەرگە هەوایەکەی، ئاوی شل لەسەر ڕووی مەریخ دا نەماو هەموو دیارو ڕووبارو دەریاچەکان وشک بوون، بەڵام لەدوای خۆیاندا بەردەوامە ڕایانگەیاند کەوا بەڵگەی جیۆلۆجی ڕوون ئاشکرایان کەوتە دەست دەربارەی بوونی ئاسەوارەی دەریاچەیەکی زۆر کۆنی مەریخی لە شوێنی گەڕان و پشکنینی ئەو گەڕۆکەدا.

چاڵی نەیزەکی مەزنی گیێڵ تیرکەی 150 کیلۆمەترەو لە ناوەڕاستیدا شاخێکی بەرز هەیەو لوتکەکەی دەگاتە 5کیلۆمەتر کە پێشبینی دەکرێت بەرلە نزیکەی 3.5 شەلیار ساڵ پێش ئێستا لە دەرەنجامی بەرکەوتنی هەسارۆکەیەکدا دروست بووبێ، ئا لەو چاخەشدا، مەریخ هەسارەیەکی پڕ ئاوی شل بووە، لە بوونی دەریاو دەریاچەو ڕووبارو کانی و زۆنگاوەکان، هەر ئەوەش وایکردووە کەوا لە قەپاڵی بەرزاییەکانی دەوروبەری ئەو چاڵەدا، ئاو بڕژێتە نێوی و لە چەندەها جار ئاوەکە دکەمی کردووەو ووشکی کردووەو پڕ بۆتەوە لە دوای خۆیدا چین لە دوای چین نیشتەنییەکانی قوڕو لیتەی جیا جیا جێهێشتووە، بەڵام بەهۆی گۆڕانێکی ریشەیی ئاوو هەوای هەسارەکەو لە دەستەدانی پێکهاتە سەرەکییەکانی بەرگە هەوایەکەی، ئاوی شل لەسەر ڕووی مەریخ دا نەماو هەموو دیارو ڕووبارو دەریاچەکان وشک بوون، بەڵام لەدوای خۆیاندا بەردەوامە ڕایانگەیاند کەوا بەڵگەی جیۆلۆجی ڕوون ئاشکرایان کەوتە دەست دەربارەی بوونی ئاسەوارەی دەریاچەیەکی زۆر کۆنی مەریخی لە شوێنی گەڕان و پشکنینی ئەو گەڕۆکەدا.

تیمی پسپۆڕانی گەڕۆکی (کریۆسیتی) کە لە 5ی ئابی 2012دەوە لەنێو چاڵی نەیزەکی مەزنی (گیێڵ) ی مەریخیدا نیشتۆتەوەو تا ئێستاش بە کارامەیی لە کارکردنی خۆیدا بەردەوامە ڕایانگەیاند کەوا بەڵگەی جیۆلۆجی ڕوون ئاشکرایان کەوتە دەست دەربارەی بوونی ئاسەوارەی دەریاچەیەکی زۆر کۆنی مەریخی لە شوێنی گەڕان و پشکنینی ئەو گەڕۆکەدا.

چاڵی نەیزەکی مەزنی گیێڵ تیرکەی 150 کیلۆمەترەو لە ناوەڕاستیدا شاخێکی بەرز هەیەو لوتکەکەی دەگاتە 5کیلۆمەتر کە پێشبینی دەکرێت بەرلە نزیکەی 3.5 شەلیار ساڵ پێش ئێستا لە دەرەنجامی بەرکەوتنی هەسارۆکەیەکدا دروست بووبێ، ئا لەو چاخەشدا، مەریخ هەسارەیەکی پڕ ئاوی شل بووە، لە بوونی دەریاو دەریاچەو ڕووبارو کانی و زۆنگاوەکان، هەر ئەوەش وایکردووە کەوا لە قەپاڵی بەرزاییەکانی دەوروبەری ئەو چاڵەدا، ئاو بڕژێتە نێوی و لە چەندەها جار ئاوەکە دکەمی کردووەو ووشکی کردووەو پڕ بۆتەوە لە دوای خۆیدا چین لە دوای چین نیشتەنییەکانی قوڕو لیتەی جیا جیا جێهێشتووە، بەڵام بەهۆی گۆڕانێکی ریشەیی ئاوو هەوای هەسارەکەو لە دەستەدانی پێکهاتە سەرەکییەکانی بەرگە هەوایەکەی، ئاوی شل لەسەر ڕووی مەریخ دا نەماو هەموو دیارو ڕووبارو دەریاچەکان وشک بوون، بەڵام لەدوای خۆیاندا بەردەوامە ڕایانگەیاند کەوا بەڵگەی جیۆلۆجی ڕوون ئاشکرایان کەوتە دەست دەربارەی بوونی ئاسەوارەی دەریاچەیەکی زۆر کۆنی مەریخی لە شوێنی گەڕان و پشکنینی ئەو گەڕۆکەدا.



گەڕۆکی کریۆسیتی ئاسەواری دەریاچەیەکی کۆنی مەریخی دۆزییەوە

تیمی پسپۆڕانی گەڕۆکی (کریۆسیتی) کە لە 5ی ئابی 2012دەوە لەنێو چاڵی نەیزەکی مەزنی (گیێڵ) ی مەریخیدا نیشتۆتەوەو تا ئێستاش بە کارامەیی لە کارکردنی خۆیدا بەردەوامە ڕایانگەیاند کەوا بەڵگەی جیۆلۆجی ڕوون ئاشکرایان کەوتە دەست دەربارەی بوونی ئاسەوارەی دەریاچەیەکی زۆر کۆنی مەریخی لە شوێنی گەڕان و پشکنینی ئەو گەڕۆکەدا.

چاڵی نەیزەکی مەزنی گیێڵ تیرکەی 150 کیلۆمەترەو لە ناوەڕاستیدا شاخێکی بەرز هەیەو لوتکەکەی دەگاتە 5کیلۆمەتر کە پێشبینی دەکرێت بەرلە نزیکەی 3.5 شەلیار ساڵ پێش ئێستا لە دەرەنجامی بەرکەوتنی هەسارۆکەیەکدا دروست بووبێ، ئا لەو چاخەشدا، مەریخ هەسارەیەکی پڕ ئاوی شل بووە، لە بوونی دەریاو دەریاچەو ڕووبارو کانی و زۆنگاوەکان، هەر ئەوەش وایکردووە کەوا لە قەپاڵی بەرزاییەکانی دەوروبەری ئەو چاڵەدا، ئاو بڕژێتە نێوی و لە چەندەها جار ئاوەکە دکەمی کردووەو ووشکی کردووەو پڕ بۆتەوە لە دوای خۆیدا چین لە دوای چین نیشتەنییەکانی قوڕو لیتەی جیا جیا جێهێشتووە، بەڵام بەهۆی گۆڕانێکی ریشەیی ئاوو هەوای هەسارەکەو لە دەستەدانی پێکهاتە سەرەکییەکانی بەرگە هەوایەکەی، ئاوی شل لەسەر ڕووی مەریخ دا نەماو هەموو دیارو ڕووبارو دەریاچەکان وشک بوون، بەڵام لەدوای خۆیاندا بەردەوامە ڕایانگەیاند کەوا بەڵگەی جیۆلۆجی ڕوون ئاشکرایان کەوتە دەست دەربارەی بوونی ئاسەوارەی دەریاچەیەکی زۆر کۆنی مەریخی لە شوێنی گەڕان و پشکنینی ئەو گەڕۆکەدا.

ئاسەواری ڕۆژانێکی پڕ ئاویان جێهێشتووەو تا ئەوڕۆش ماونەتەوە.

پسپۆڕان ئەو دەرەنجامەیان وەک لێکۆڵینەوەیەک لەنێو کۆنفرانسی (سروشتی زانستە جیۆلۆجییەکان) ی تایبەت بە ئاژانسی (ناسا) دا بڵاوکردۆتەوەو تیایدا هاتووە، ئامێرەکانی تایبەت بە گەڕۆکی (کریۆسیتی) چینی بەردینی دەوڵەمەند بە خوێیە کانزاییەکانی دۆزییەوە کە بەڵگەیەکی ڕوون و ئاشکرایە لەسەر بوونی ڕووبەری ئاویی سوێر بە قۆڵایی کەم لەو ناوچەیەدا کە پێشتر بەردەوام ماوەیەک پڕ بووە لە ئاو پاشان وشک بۆتەوەو ئێنجا دووبارە پڕبۆتەوە، وە لە دەرەنجامێکی هەر کردارێکی پڕبوونی بە ئاوو و پاشان وشکبوونی، چینێکی نیشتەنی لەدوای خۆیدا جێهێشتووە کە ئەوە جگە لە ئاشکرکردنی بوونی ئاوو چالاکییەکانی لە میژووی هەرە کۆنی مەریخدا، بەڵکو وەک گەنجینەیەکی زانیاریی بۆ حاڵی بوون لە ریتمی کەش و هەوای هەرە کۆنی ئەو هەسارەیە پێش سەدان ملیۆن ساڵدا.

پسپۆڕان ناویان لەو ناوچەیە ناوە (دوورگەی سۆتۆن) بریتییە لە چینە بەردێکی نیشتەنیی بە درێژیی 150مەتر کە خۆی بەشێکی لە ڕووبەرێکی زۆر فراوانتری قوڕینی بەبەردبووی پڕ لە درزو کەلەبەر کە ناسراوە (OLD SOAK-ER)، بەڵام وەک پسپۆڕان ڕوونیان کردۆتەوە کەوا پێکهاتەی خوێیی ناوچەی (دوورگەی سوتون) جیاوازە لەگەڵ ناوچەکانی دیکە کە پێکهاتەی خوێی کانزایی (نەوەک خوێی چێشتلێنانی ئاسایی) تیادابووەن چونکە تێکەڵبووە لەگەڵ نیشتەنییەکان، کە ئەمەش بەڵگەیە لەسەر بە بلووربوون - کریستاڵبوون - ی ئەو خوێیانە لەنێو ژینگەیەکی زۆر شیدارو تەڕدا، واتە، لە بنکەی دەریاچەو حەوزە پڕ ئاوە سوێرە تەنکەکان کە پێش 3 ملیار ساڵ لەو ناوچەیەدا بەردەوام هەبووە.

شوێن و ناوچەی لێکچوو وەک ئەوەی مەریخ لەسەر ڕووی هەسارەکەماندا لە هەزارەها شوێن و بەڵکو گەلێ زیاتریش هەیە، بۆ نمونە، پسپۆڕان دەڵێن لە ڕووی سروشتی جیۆلۆجی و تۆپۆگرافیدا، لێکچوونێکی زۆر هەیە لەنێوان نزماییەکانی پڕ ئاوە تەنکەکانی ناسراو بە (کیسکوێرۆ) لە بانی (ئالتیبلانۆ) کە دەکەوێتە نێوان (ئەرجەنتین و شیلی و پڕلیڤیاو پیرۆ) لە (ئەمریکای باشوور) لەگەڵ دورگەی (سۆتۆن) ی ناوچەی (OLD SOAKER) ڕووی مەریخ.

ماوە ماوە ئاژانسێکی وەک ناسا هەواڵی دۆزینەوەی پاشکۆی نوێ و نەناسراو بە دەوری هەسارەکانی نێو سیستەمی خۆردا بڵاودەکاتەوە، بەڵام ئەمجارەیان موفاجەئەیەکی دیکە دۆزرایەوە، ئەویش بوونی پاشکۆیەکی دیکە لە دەوری زەوی خۆمان سەردڕای ئەوەی قەبارەکەی یەگجار زۆریش بچووکە بە بەراورد بە خودی مانگ.

بە پێی ڕۆژنامەی (ئیندیپێندینت) ی بەریتانی، ئەم دۆزینەوەیە لە ڕێگەی پسپۆڕانی (سەنتەری هەسارە بچووکەکان) ی تایبەت بە (یەکێتی فەلەکناسی نێودەوڵەتی) و (ڕوانگەی سیمسۆنیانی فیزیای فەلەکی) ڕاگەیاندراو ناویان ناوە CD3 2020و وەک پاشکۆیەکی دیکەی سروشتی زەوی ژمێردراوە.

لە لێدوانێکی (بۆریس شۆستۆڤ) ی سەرۆکی (پەیمانگەی فەلەکناسی) ی تایبەت بە (ئەکادیمیای زانستی ڕووسیی) بۆ (ئاژانسی هەواڵی نۆڤۆستی) گوتی: "بێگومان ئەو یەکەم پاشکۆ نییە کە جگە لە مانگ بە دەوری زەویدا دەخولێتەوە، بەڵکو هی دیکەش هەن، بەڵام خاوەن خولگەی زۆر ئاڵۆزن، بەڵام کە باسی مانگ دەکەین ئەوا مانگ زۆر جیایە، چونکە وەک چۆن وێستگەی ئاسمانی نیو دەوڵەتی (ئینەدوارد ڤان وینکڵ جۆنز) یەکەم کەس بوو کە پڕوپاگندەی ونبوونی لەناکاوی کەشتی و فڕۆکە لە بەرمۆدا لە 16ی ئەیلولی ساڵی 1950و لە گۆڤاری (ئەسۆشییێتد پرێس) ی ئەوکاتەدا بڵاوکردەوەو دوای دوو ساڵ و لە تشرینی یەکەمی 1952دا، هەمان جۆرە بابەت بە قەڵەمی (جۆرج ئێکس ساند) لە گۆڤاری (FATE) و بەناونیشانی (Sea Mystery at Our Back Door) واتە (نهێنییەکی دەریایی لە دەرگاکانی دواوەمان) بڵاوکرایەوە کە باسی لە ونبوونی چەندین کەشتی و فڕۆکە دەکرد لە بەرمۆدا لەوانە گەشتی ژمارە 19ی تایبەت بە 5فڕۆکەی بۆمبهاوێژی ئەمریکی.

لە ساڵی 1964نووسەرێک بەناوی (ڤینسنت گادس) بابەتێکی بڵاوکردەوە کە بریتی بوو لە تەواوی بیروڕاو بیردۆزەکانی بەناو نیشانی (The deadly Bermuda Triangle) واتە (سێگۆشەی مەرگی بەرمۆدا)، کە باسی لە هۆکارەکانی وونبوونی چەند فڕۆکەو کەشتییەکی دەریایی کردبوو لە چەند ساڵی پێشووتردا لەو ناوچەیەدا، ئیدی لە دوای ئەو چەندین چیرۆک و ئەفسانە لەنێو چەندین بابەت و گوتار و گتێب و گۆڤار و ڕۆژنامەو و بەرنامەی ڕادیۆیی و تەلەڤزیۆنی لەبارەیەوە نووسراوەو بەرهەمهات، گوایە چەندین فڕۆکەو کەشتی دەریایی لەو شوێنەداو هەتا هەتایە ون دەبن و نابێ لێی نزیک بکەوینەوە، هەندێک دەڵێن بنکەی دەفرە فڕیوەکان ... یان هێزی کریستاڵەکانی وزەو هێزی کێشوەری نقوومبووی (ئەلانتس) ە، دەشڵێن خاڵێکی هێزی ناسروشتی و نەناسراوەو... هەندێکی دیکەش دەڵێن مۆلگەی گیانەشەڕانگێزەکانەو یان ... تەختی ئیبلیسە.


(سیگۆشەی بەرمۆدا)، یان (سیگۆشەی شەیتان) کە هەندێ جاریش بە (بنکەی نهێنی UFOیەکان، بریتییە لە ناوچەیەکی جوگرافی و لەسەر شێوەی سێگۆشەیەکی سێ لا یەکسانە و دەڕێژی هەر لایەکیشی دەگاتە 1500کم و ڕووبەریشی 1ملیۆن کم چوارگۆشەیە، دەکەوێتە نێوان دوورگەکانی (بەرمۆدا و پۆرتەریکۆ و فۆڕت لۆدەردیڵ لە ویلایەتی فلۆریدای ئەمریکییەوە.

بەڵام سەرژمێرییەکانی دەزگا زانستی و ئاسایشییەکانی ئەمریکا وەک (ناسا) و دەزگای (ئێشکگری کەناری ئەمریکی) تاوەکو ئێستا هیچ تۆمارێکی نا ئاسایی و لە ناسروشتی دەربارەی ونبوونی فڕۆکەو نقومبوونی کەشتییان تۆمار نەکردووە، بەڵکو ڕووداوەکانی نقومبوون و کەوتنە خوارەوەی فڕۆکەکان لەنێو ناوچەی ناسراو بە سێگۆشەی بەرمۆدا هیچ جیاوازییەکی ئەوتۆی نەبووە لەگەڵ تەواوی ڕووبەرە دەریایی و زەریاییەکانی دیکەی جیهانیدا.

بۆیە چەندین بەرنامەی دیکۆمینتاری کە لەو ناوچەیەدا ئەنجام دراون هیچ جۆرە حاڵەتێکی نائاسایی وەک بوونی لەم ناوچەیەدا نەدۆزیوەتەوە، پاشان چەندین ئاژانسی فڕین و دەریاوانی دانیان بە ڕووداتی چەند هەڵەیەکی مرۆیی بە پلەی یەکەم نەناوە، بەڵام وەک زۆرێک لە ناوچەکانی جیهاندا، چەند هۆکارێکی سروشتی وەک، ڕووداتی گێژەڵوکەی لەناکاو و نادیار یاخود کاریگەری ناسراو بە تەقینەوەکانی هایدرایتی گازی میتان لەوێ تۆمارکراوەو بەردەوامیش تۆمار دەکرێت، ئەمەش لەسەر شێوەی بڵقی گازی زۆر گەورە لە ناخی زەوی و لەڕێگای چەند درزێکی ژێر زەمینی قوڵ لە بنکەی دەریادا دەردڕچن و کاتێک سەر دەکەون ڕەنگی ئاوەکە دەگۆڕن بۆ سپی و هەڵبەزین و دابەزینی وا دروستدەکات کە بە ئاسانی کەشتییەکانی ئەو کاتە وەربگەڕێنی و نقومیان بکات بێ هیچ ئاگادارییونێکی پێشوەختانە، خودی ئەم دیاردەیەش ناسراوە بە (گڕکانە قورینیەکان) و لەم بارەیەوەش (کەناری ڕۆژهەڵاتی ئەمریکا) بە یەکێک لەناوچە هەرە دەوڵەمەندەکانی بوونی هایدرایت لە جیهاندا دەژمێردرێت.

ئەوەی سەیرە و جێگای تێڕامانە کەوا بەدێژایی حەفتایەکانی سەدەی 20 بیستەم تاوەکو ئێستا تەنانەت یەک ڕووداوی تەم و مژاویی ونبوونی کەشتییەک یان فڕۆکەیەک لەنێو بەرمۆدا وە تۆمارنەکراوە! ، بێ گومان ئەو پانتاییەی ناوچەی (سیگۆشەی بەرمۆدا) ش تا ئەمڕۆکە چەندین هێڵی ئاسمانی و دەریاوانیشی بەسەر و نێویدا دەڕوات، کەوابوو سێگۆشەی بەرمۆدا وەکو کۆتاییهاتنی دونیا لە 2012و دەرکەوتنی یوفۆ یەکان لە خەیاڵ و پڕوپاگندە بەولاوە هیچی دیکە نییە.

دوای مانگ، ئێستا زەوی پاشکۆیەکی دیکەشی هەیە!



یان مانگە دەستکردەکان بە دەوری زەویدا دەخولێنەوە، ئەوا مانگیش بە دەوری زەویدا دەخولێتەوە، بەڵام خولگەی ئەو پاشکۆیە بچووکە نوێیەش ئاڵۆزدو پێشبینی دەکرێ بە شێوەیەکی کاتیی لەو خولگەیەدا بۆماوەی دەیان ساڵ بمێنێتەوە، پاشان دوور دەکەوێتەوە".

ئەو پاشکۆیە بچووکە لە 15ی شوباتی ئەمساڵ لە ڕێگەی ڕوانگەی فەلەکیی (کاتالینای ئاسمانیی) بۆ یەکەمجار دۆزرایەوەو تیرەی لەنێوان 1تا 6 مەترەو لە ڕووی پۆلێنە زانستییەکەیدا، لە جۆری هەسارۆکە (ئامۆزی یان ئەپۆلۆییەکان) ە و سەردڕای بچووکییەکەی، بەڵام تیشکی خۆر بە شێوەیەکی نامۆ دەداتەوەو پێشبینیش دەکرێت ماوەی 3ساڵە لەسەر خولگەی زەویدایە.

جێگای ئاماژەیە کەوا پێشتر هەسارۆکەیەکی دیکەی بچووک لە 2006.9.14دۆزرابۆوەو ناونرابوو (2006 RH 120)، بەڵام لە حوزەیرانی 2007لە خولگەی زەوی دەڕچوو و دورکەوتەوە.

وەبە هەمان شێوە، پسپۆڕان دەڵێن ڕەنگە لە مانگی نیسانی داهاتووی ئەمساڵ، پاشکۆی بچووکی CD3 2020یش لە زەوی دوور بکەوێتەوە.



لە شووقەیەکی رووسیا

پاڵەوانەکەی ئۆکرانیا و خۆشەویستەکەی بەمردوویی دۆزرانەوە

لە یەکێ لە شووقەکانی مۆسکۆ لە رووسیا، هەرێەک لە ستانیسلاڤ بۆگدانۆڤیچی هەڵگری گراند ماستەری ئۆکرانی و ئەلیکساندرا ڤێرنیگۆرای خۆشەویستەکەی بەمردوویی دۆزرانەوە.

بەپێی لێکۆڵینەوە بەراییەکان کە کەنالی تەلەفزیۆنی تیلیگرامی رووسی بڵاوی کردۆتەوە، ئەمانە بەهۆی گازی ئۆکسیدی نیترۆس کە لەژوورەکەیان بووە خنکاون و گیانیان لەدەستداوە، ئەویش دوای ئەوی چوونەتە شووقەکە و ژوورەکە پر بووە لە گاز.

ستانیسلاڤ بۆگدانۆڤیچی تەمەن 27 ساڵ چووەتە سەردانی ئەلیکساندرای خۆشەویستەکەی کە لە یەکێ لە زانکۆکانی مۆسکۆ دەخوێنێ، و هەردووکیان یاریزانی شەترەنجن، و دوا رەیتینگی ستانیسلاڤ 2715ی بلیتز بوو، هەڵگری نازناوی پاڵەوانی ئۆکرانیا بوو.

هاری کین

دڵنیایە بەشداری لە یۆرۆدا دەکات

هاری کین، هێرشبەری هەڵبژاردەی ئینگلتەرا و یانەی تۆتنهام، دڵنیاییە لەوەی دەتوانێت چاک بێتەوە و بەشداریی لە پاڵەوانیەتی جامی نەتەوەکانی ئەورووپا (یۆرۆ) بکات لە هاوینی داهاتوودا، ئامانجیشی ئەوەیە، لەگەڵ سەرەتای مانگی نیسانی داهاتوودا، بگەڕێتەوە ریزەکانی یانەی تۆتنهام و دەست بە یاریکردن بکاتەوە. کین، لە سەرەتای ساڵی تازەوە بە هۆی پێکان لە یاریکردن دوور کەوتووەتەوە. لە بارەی گەڕانەوەشی لێدوانی بۆ ماڵپەڕی (سکای سپۆرتس) دا و وتی: لە مێشکی خۆمدا، بە دڵنیاییەوە من لە یۆرۆ بەشداریی دەکەم، تەنیا ئەگەر شتێک لەو ماوەیە، لە ئێستاوە تاکو کاتی پاڵەوانیەتییەکە روو بدات. وتیشی: هێشتا بۆ نێو مەشقەکانی تیپی یەکەم نەگەڕاومەتەوە، بەڵام لە نێو هۆڵی وەرزشیدابە بەتوندی کار دەکەم و رۆژ بە رۆژ بە هێزتر دەبم. هەروەها وتی: دوای چەند هەفتەیەکی دیکە، دووبارە دەست بە یاریکردن دەکەمەوە، نامەوێت پێشبینی بکەم لە کامە یاری دەگەڕێمەوە، بەڵام بە ئومێدم ئەوە لە سەرەتا و نیوەی مانگی نیسانی داهاتوودا روو بدات. شیاوی باسکردنە، لە دوای پێکانی هاری کین، یانەی تۆتنهام تووشی کێشەی گۆڵ تۆمار کردن بووە، یانەکە لەمبارەیەوە لە رەوشێکی خراپ دایە و ئەنجامەکانی وەکو پێویست نییە، یانەکە ئێستا لە پلەی حەوتەم دێت و بە جیاوازی 5 خاڵ لە دوای یانەی چێڵسی، خاوەنی پلەی چوارەم دێت، کە بۆ خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا سەر دەکەوێت.

رەمزی میرەکانی

کۆڕۆنا دواگورزی لە وەرزش دەدات!

زاگرۆس نانەکەلی

پرسیارێکە هەموو جیهان چاوەڕێی وڵامە، ناکرێت پارێزگاری لە گیانی هاندەران ویاریزانان و داوەران و سەرپەرشتیارانی گشتی سێ پاڵەوانیەتی زەبەلاحی جیهان کە کوپا ئەمریکا و یورۆ و ئۆڵۆمپیادە نەکەین، لەهەمان کاتدا گەورەترین گورزی کوشندەی ئابووری بەرێکخەرانی ئەم پاڵەوانیەتیانە دەکەوێت گەر بەرێوەنەچێت، کۆڕۆنا دوا گورزی خۆی لە وەرزش دەدات. چەندین کۆمپانیای جیهانی جل وبەرگ و ریکلام و گواستنەوەی یارییەکان و کەناڵەکانی جیهانی و سەدان کۆمپانیای تری جۆراوجۆری بەشداری بووی ئەم سێ پاڵەوانیەتیە،هەموویان لە چاوەڕوانی گۆدۆن، چونکە زیانەکەی بێ شوماڕە، جگەلەوەی جیهان لەگەڵ ئەنجام نەدانی ئەم سێ پاڵەوانیەتیە پەکی دەکەوێت و باری دەروونی مرۆڤەکانی گۆی زەوی زیاتر پاڵەپەستۆی دەکەوێتە سەر و تووشی دڵە راوکێیان دەکات، زیانەکان لەهەموو رووێکەوە هێرش دێنێت، لەکۆتایی هەمووی بەراورد ناکرێت بە گیانی یەک مرۆڤ، لەنێوان بەرێوەنەچوون وبەرێوەچوون هەموان واقیان ورماوە، ئەنجامدانی لەوانەیە کارەساتی مرۆڤ قڕکردنی لێ بکەوێتەوە، ئەنجام نەدانی گەورەترین گورزی کوشندە بە وەرزش دەکەوێت و مرۆڤەکان بۆ ئاقاری ترس ودڵە راوکێ دەبات،بۆیە دەکرێت لەنێوان هەردوو پلان،گەر ڤایرۆسی کۆڕۆنا بەردەوامی هەبوو پلانی سێیەم هەڵبژێرن،ئەویش بۆ ماوەیەکی کاتی دوابخرێت،چونکە هەموو وڵاتان ماوەی سێ ساڵ زیاترە خۆیان ئامادە دەکەن و یاریزانەکان بەو هەموو مەشق وراهێنان وخۆئامادەکردنە گەورە ترین زیانیان پێدەکەوێت. دەکرێت لەئێستادا باشترین چارەسەربێت بۆ هەمووان، بۆیە لە هەنگاوی یەکەمی خۆپاراستن لەم ڤایرۆسە، پاڵاوتنی ئاسیا بۆ مۆندیالی 2022بۆ کاتی نادیار وەستێندرا!، وێرای دڵ تەنگی وخەمناکیم بۆ تێکڕایی ئەو مرۆڤانەی گیانیان سپارد بە ڤایرۆسی کۆڕۆنا ،ئومێد دەکەم هەسارەکەمان ئەم نەهامەتیەش بە کۆتاییەکی باش بەرێبکات و مرۆڤایەتی لە لوتکەی خۆشبەختی وخۆشگوزەرانی بێت،ئەم سێ پاڵەوانیەتیەی بڕیارە ئەم ساڵە بەرێوەبچێت بەم شێوەیە.

کوپا ئەمریکای چل وحەوتەمین لە 12-6-2020لە هەردوو وڵاتی ئەرژەنتین و کۆلۆمبیا بەرێوەدەچێت.

یۆرۆی شانزەمین لەرێکەوتی 12-6-2020لە سێزدە شاری ئەورووپی بەرێوە دەچێت.

سی و دووەمین ئۆلۆمپیاد لە تۆکیۆی پایتەختی ژاپۆن لەرێکەوتی 24-7-2020بەرێوەدەچێت.

کچە کاراتێی یانەی پێشمەرگە لە دیمانەیەکی خەباتدا

لانە کامەران: پێویستە وەرزشوان متمانەی بە خۆی هەبێت

دیمانە: سولێن سلێمان

لانە کامەران جەمال کچە یاریزانە بە تواناکەی وەرزشی هونەری کاراتێیە لە جۆری بەرگری و شەڕکەریدا، کە لە یانەی پێشمەرگە یاری دەکات، لەهەمان کاتیش قوتابی قۆناغی سێیەمە لە پەیمانگای وەرزشی سلێمانی، لە دیمانەیەکدا بۆ لاپەڕەی وەرزشی ڕۆژنامەی خەبات دەڵێت: ماوەی 5ساڵ دەبێت دەستم بەو یارییە کردووە، هەر لە منداڵییەوە حەزم لێی بووە، بەڵام درفەت نەبووە کە بچم، هەر چۆنێک بێت ئێستا زۆر دڵخۆشم کە یاریزانی ئەو جۆرە یارییەم و بەهۆی مامۆستایەکەمەوە کاتێک لە پەیمانگاکەم زانی کاراتێ حەزو خولیامە، ئەو بووە ڕێنیشاندەرم و لێرەوە زۆر سوپاسی دەکەم کە بە هاوکاری ئەو یانەکەم دەستنیشانکرد.

هەروەها لانە کامەران سەبارەت بەم یارییە گوتی: پێویستە گرنگی زیاتر بە یاریزانان بدرێت، پێویستە لەسەر یاریزان باوەری بەخۆی هە بێت و بوونی هێزو توانایەکی باش و بەردەوام مەشق و راهێنان بکات و هیچ کات پشتگوێیان نەخات، هەروەها گوتی: بوونی وەر و هێمنی و زوو هەڵنەچوونی یاریزان و راهێنەر، چونکە دەبێتە مایەی زیان بۆ خۆی و یانەکەی، دواتر ئەو کچە کاراتێیە دەڵێت: کێشەو گرفت لە کۆمەڵگای ئێمەدا هەردەم هە بووە و کچ بوون زۆر کاری کردۆتە سەر ژیانمان و بیرکردنەوە لە قسەی خەڵکی و تانە و تەشهیر، زیانی پێ گەیاندوین و پێویستە لەسەر هەر تاکێکی کۆمەڵگاکەمان وەرزش پشتگوێ نەخەن و هە ردەم بایەخی پێ بدرێت چ لەرووی تەندروستییەوە و چ لە رووی ئارەزوەوە، هەروەها باس لەو پاڵەوانێتییانە دەکات کە تێیدا بەشداری کردووە و سەرکەوتووبوە دەڵێت: لە پاڵەوانێتی شاری دهۆک پلەی سێیەمم بەدەست هێناوە و لە شەرکەریدا لە کێشی 53دا یاریم کردووە لە لایەن پارێزگاری باشووری بەغداد جام و بڕوانامەم پێبەخشراوە و لە پاڵەوانێتی شاری هە لەبجە بەشداربووم و چەندین یاری دۆستانەشم ئەنجام داوە.

لە کۆتاییدا دەڵێت: نەبوونی کەلو پەلی پێویست بووتە هۆی کێشە، هەرچەندە راهێنەرەکانمان زۆر یارمەتیمان دەدات، بەڵام هەبوونی شوێنی باشتر و بوونی کەلوپەل سەرکەوتوترمان دەکات و خواردنی تەندروست و خەوتنی پێویست و راهێنانی چڕ کاریگەری لەسەر سەرکەوتنی یاریزان هەیە و پێویستە لەسەر راهێنانەکان بەردەوام بیت بۆ بەدەستهێنانی باشترین ئەنجام.



تازەپێگەیشتوویەکی پۆڵەندا خەون بە گراندماستەرەوە دەبینێت

ڤۆیچ سۆنیڤسکی: لەداهاتوویەکی نزیکدا یاریزانی پۆڵەندی لە 10یەکەمەکەی جیهان دەبینن



دیمانە: هاوار مورتکەیی

ئەگەرچی ڤۆیچ سۆنیڤسکی منداڵێکی تەمەن 10ساڵانی وڵاتی پۆڵەندایە، بەڵام خەونی ئایندەی ئەوەیە نازناوی گراندماستەر بەدەست بهێنێت، ئەو تازەپێگەیشتووە لە دیمانەیەکی لاپەڕەی وەرزشی ڕۆژنامەی خەبات زۆر بڕوای بەخۆی هەیە کە بتوانێت ببێتە دیارترین شەترەنجزان لە وڵاتەکەی.

حەز لە رکابەری دەکەم

سەرەتا ڤۆیچ سۆنیڤسکی کە لە دایکبووی ساڵی 2010ی وارشۆی پایتەختی پۆڵەندایە، باس لە خۆشەویستی بۆ شەترەنج دەکات و دەڵێت: خانەوادەکەم شەترەنجیان زۆر خۆش دەوێت و هەر هەموویان شەترەنج دەکەن، باوکم، دایکم، خوشکم، برایەکەم، هیچ کەسێک لەمانەی نییە شەترەنج نەزانن، جگە لەدایکم نەبێت، هەر هەمومان بەشداری پاڵەوانێتیەکان دەکەین، هەربۆیە منیش ئەو وەرزشەم هەڵبژارد، بۆیە شەترەنجیشم خۆش دەوێ چونکە رکابەری تێدایە و منیش حەزم لە رکابەرییە، هەروەها دەڵێت: لەبەر ئەوەی قوتابیم توانیومە هاوسەنگییەک لەنێوان قوتابخانە و شەترەنج دروست کردووە، مالەوەشمان تەواو هاوکارمن.

ببرم نەکردۆتەوە وازبێنم

دواتر ئەو تازەپێگەیشتووەی پۆڵەندا لەبارەی بەشداربیەکانی لە پاڵەوانێتییەکاندا گوتی: بەشداری 33پاڵەوانێتیم لە شوینە جیاجیاکاندا کردووە، لەهەردوو ناوچەی ماڕزیا و شڤینەتۆگرجسکی توانیومە پلەی یەکەم بەدەست بهێنم، ئەمە سەرەتای بەشداریەکانمە، بەڵام خەونی گەورەی من بەدەستهێنانی نازناوی گراندماستەرە لە داهاتوودا، بۆ ئەمەش متمانەم بەخۆم هەیە، چونکە بیرم لەوەنەکردۆتەوە ڕۆژی لە ڕۆژان واز لەو یارییە بهێنم،بۆ گەیشتن بەم خەونەشم، ڕاهێنەرێکی هەڵگری بڕوانامیە IM بەردەوام لەگەڵمدایە، هەروەها زیاتر دەڵێت: شەترەنج لە وڵاتەکەم جەماوەرو هەوادارێکی باشی هەیە و ژمارەی ئەوانەی ئەو یارییە دەکەن ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لە زیادبوونداید، پاڵەوانێتی زۆر لێرەو لەوێ دەکرێتەوە، ئەمەش بەرهەمی دەبێت و چاوەڕوانی ئەوەدەکەین یاریزانی پۆڵەندی لە 10 یەکەمەکەی جیهان ببینرێت.

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Mon.9. Mar. 2020 No: (5948)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

دەرهێنەری لاو (لازیۆ زانا) بۆ «خەبات»: مەرج نییە هونەرمەند ئەکادیمی بێت، هونەر لە ناخدا ئەجەنگێ و جەنگ هەڵەگیرسێنێ





دیدار: بەرهەم شێخ عزەدین

لازیۆ زانا خاوەنی 3فیلم کە کاری دەرهێنانی بۆ کردووە و بەشداربووە لە چەندین فیلمی سینەمای کوردی وەک ستافی پشت کامێرا و ئەکتەر و خەلاتی باشترین ئەکتەری وەرگرتوە لە فیستڤاڵی فیلم لە ئیسپانیا و براوەی 3یەم باشترین دەرهێنەر بووە لە وڵاتی هندستان . ئەم دەرهێنەرە لاوە دەربارەی هونەرو دنیای سینەما بۆ(خەبات) دەدوێت:



مەرجە هونەرمەند ئەکادیمی بێت؟

مەرج نییە هونەرمەند ئەکادیمی بێت، هونەر لە ناخدا ئەجەنگێ و جەنگ هەڵە گیرسێنی و چ ئەکادیمی بیت و نا ئەکادیمی بێت گرنگ ئەوەیە تۆ گرنگی بە هونەرەکە بەیت و بەردەوامبیت و هەموکات چالاک بی لە پیشە هونەریەکەتا ، بەڕای من ئەکادیمی مەرج نییە گەر تۆ ئارەزووی هونەرت هەبێ هونەر لە ناخی دڵ و ڕۆحتا چەسپیبێت ڕاستە ئەکادیمیش گرنگە و زۆر شتی باشت فێرئەکات چ بە تیۆری چ بە پراکتیکی بەڵام گەر ئەکادیمیش نەبێ خۆت ئەتوانی گەڕان بە دوای کارە هونەریەکەتا بکەی.

دەربارەی ئەو ئەکتەرانەی ڕێکلام دەکەن دەڵێی چی؟

ـ هەموو ئەکتەرێک ئازادە چ کارێک ئەکا چ وەک دراما یاخود فیلم و ڕێکلام، بەڵام لە ڕاستیدا دراما و فیلمە سینەماییەکان ئەکتەر دەردەخات توانای چەندیکە.

وەکو دەرهێنەرو ئەکتەرێک چی دەربارەی فیلمی دۆبلاژکراو دەڵێی کەلە کەنالەکاندا پیشاندەدرێت؟

ڕاستی ئەگەر ئەم پرسیارە لە چەند ساڵێکی ڕابردوودا بمانکردایە ئەموت زۆر باش ماندوو نەبن ئەو ستافەی کە کاری دۆبلاژ ئەکەن ،بەڵام پێم باش نییە لەم کاتەدا پێویستە ئێمە خۆمان هەڵسین دراما بکەین ئێمە فەرقمان نییە توانامان هەیە لەوان جوانترو باشتر بیکەین بەڵام ئەمە لە کاتێکدا کەپشتگیری یەکبین و هاوکاری ڕۆحی هونەری لە یەینی هەر تاکێکێ هونەردۆستدا هەبێت.

دەبێت چی بکرێت بە بۆچوونی تۆ هەتا بینەرو شانۆ درامای کوردی ئاشت بکرێتەوە؟

پێویستە کارێکی جیاواز بکەین کارە جیاوازەکەش بە چەند شتێک ئەکرێ بۆ نموونە بەرهەمهێنانی درامای زۆر لەگەڵیشیا ژانەرێکی جیاواز بۆ نموونە ژانەری تاوانی ، ترسناک ، ئاکشن ، چونکە لە وڵاتی ئێمەدا زیاتر گرنگی بە کۆمێدیاو خۆشەویستی ئەدرێ ڕاستە ئەو ٢ ژانەرەش جوانن بەڵام پێویستمان بە کاری جیاوازە تا بینەر سەرسام بن پێی نەک دووبارە

تا چەند تەنز کاریگەری هەیە لە هۆشیار کردنەوەی خەڵک و دە سەڵات؟

کاریگەری هەبووە، بەڵام لە ئاستی پێویستدا نا

حەز دەکەی چی شتێک بکەی بە فیلم وەکو خەونی ئایبێندەت؟

گەر سپۆنسەر هەبێ لەم وڵاتەدا پێمخۆشە فیلمێک لەسەر ژانەری ئاکشن و ترسناک بکەم بەس بەداخەوە کە سپۆنسەر نییە

پێشمەرگەو شەهید لە کوێی کارو پرۆژە هونەرییەکانی تۆدان؟

پێشمەرگە ئەبێت هەموو کات بەرزو شکۆمەند ڕاگیرێت و خۆشبەختانە لە ئێستادا سەرقاڵی بەرهەمهێنانی فیلمێکم لەسەر پێشمەرگە لە جەنگێکدا

کوردێک تابلۆی «ڤایرۆسی کۆرۆنا» دەکێشێت



کوردێکی دانیشتووی فینلاند، تابلۆیەکی بە ناوی "ڤایرۆسی کۆرۆنا" کێشا، ئێستە لە یەکێک لە بەناوبانگترین مالپەڕەکانی فرۆشتنی تابلۆی ئۆنلاین، خستوویەتیبە ڕوو بۆ فرۆشتن. بەهزاد ئەحمەد حەسەن ماوەی 12ساڵە لە فینلەند دەژیی، ئەو کە لە ناوەندی ڕۆشنبیری کوردیدا ناسراوە، لە یەکەم دەرکەوتنی هونەریدا تابلۆیەکی بەرهەم هێنا و خستیە بازاڕی جیهانییەوە بۆ فرۆشتن.

CoronaVirus ناوی تابلۆکەی بەهزادە، ئێستا لە مالپەڕی catawiki تایبەت بە فرۆشتنی ئۆنلاینی کەلوپەل و پێداویستییە زۆر تایبەتەکان خراوەتە ڕوو، وەک خۆی دەڵێ "نرخی نیو ملیۆن یۆرۆی بۆ داناوە و دەیەوێ بیفرۆشێت".

بەهزاد لەبارەی تابلۆکەیەوە ووتی تابلۆی کۆرۆنا بەگەڕخستنی ناخودئاگاییە لە کارێکی شێوەکاریدا. بەگوتەی ئەو "ئەو کاتەی ناخودئاگا کار دەکات، پێویست ناکات هەوڵی هەست و عەقڵ کارابن بۆ بەرهەمهێنانی شتێک.

ئەوەیشی ڕوون کردەوە کە لەوتەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە چین بڵاو بووەتەوە و دواتر سنووری وڵاتانی بڕی، دەستی بە کارکردن لەسەر ئەو تابلۆیە کردووە. خۆی گوتی، "ئەمە یەکەم کاری هونەرییە، هەروەها یەکەمین تابلۆیشە لە دنیادا کە تایبەت بەو ڤایرۆسە دروست کرابێت.

catawiki مالپەڕێکی گشتیی جیهانییە، لە ساڵی 2008ـەوە لە ئەمەریکا کراوەتەوە، بۆ فرۆشتنی کەلوپەلی جیاواز و بە تایبەتیی تابلۆی زۆر تایبەتی کۆن و نوێ بەشێوەی ئۆنلاین، بەکار دێت.


کاوە حسێن:
سێ کۆڕی شیعری ساز دەدات



خەبات: سولێن سلێمان

کاوە حسێن، شاعیر لە دیمانەیەکدا بۆ ڕۆژنامەی خەبات باسێکی کورتی ژیانی خۆیی و نوێترین بەرهەمەکانی بۆ ڕۆژنامەکەمان دەکات و دەڵێت: ساڵی 1995 دەستم بە نووسینی شیعر کردووە، یەکەم کۆڕی شیعریشم لەساڵی 1999 ئەنجام داوە، گووتیشی بەرهەمەکانم لە هەموو ڕۆژنامەو سایت و ڕادیۆ و تیڤیە کوردییەکان بڵاوبۆتەوە و لە هەموو شارەکانی کوردستان کۆڕی شیعریم ئەنجام داوە، سەبارەت بە یەکەم بەرهەمی شیعری خۆی، کە بە سی دی دەڵێت: لە ساڵی 2006 یەکەم بەرهەمی شیعریم بە شێوەی سی دی بەناوی " گەورەترین حەزی من تۆیی" بڵاوکراوەتەوە. ناوبراو گوتیشی ئاستی شیعری ئێستای شاعیرانم پێ باشە و جوان دەنووسن و هەروەها بەرهەمی زۆربەی شاعیرەکانم خوێندۆتەوە، بەڵام سەرسامی هیچیان نیم و ئاماژەی بەوەش دا کەوا سەرجەم تێکستەکانی کراوە بە گۆرانی ، سەبارەت بە پشتگیری کارەکانی خۆشی دەڵێت : تاکە کەس کە تا ئێستا پشتگیری کردووم خودی خۆم بووە، لە پرسیاری ئەوەی کە ئایا ئەو ئاستەنگانە چین کەوا ڕوو بەرووبان دەبێتەوە ؟ دەڵێت: ئەو ئاستەنگانەی کەوا ڕووبەڕووم دەبێتەوە ئەوەیە کە وەزارەتی ڕۆشنبیری بەهیچ جۆرێک پشتگیری نەکردووم، و هەروەها تاکە داواکاریشم ئەوەیە کەوا هیچ هونەرمەندێک تێکستەکانم نەکات بە گۆرانی و هیچیان داوای تێکستم لێ نەکەن، چونکە من بۆ دڵی خۆم شیعر دەنووسم نەک بۆ دڵی ئەوان، دەربارەی نوێترین بەرهەمەکانی ئەوەی ئاشکرا کرد، کەوا بەم زووانە بەرهەمی نوێم دەبێت و لە چاپخانەیەکی باش و کۆمپانیایەکی باش بڵاوی دەکەینەوە، گوتیشی لە دە ساڵی ڕابردوو زۆرترین کۆڕی شیعریم ئەنجام داوەن و پەنا بەخوا ئەو ساڵیش بە نیازی سێ کۆڕی شیعری گەورەم و تا ئێستا بۆ یەک کۆڕیان سپۆنسەرم هەیە و هیوادارم بۆ دوو کۆڕەکەی دیکەیشم سپۆنسەر بدۆزمەوە.

نارین فەقێ بە (ژن ژیانە) ڕۆژی هەشتی مارس پیرۆز دەکات



نارین فەقێ، خانمە هونەرمەندی ڕۆژئاوای کوردستان، نوێترین ڤیدیۆکلیپی خۆی لە ڕۆژی هەشت مارس بەبۆنەی ڕۆژی ژنانەی بەشداری لەم کلیپەدا کردووە.

لەم بارەوە نارین فەقێ ڕایگەیاند: گۆرانی (ژن ژیانە) وەک زۆربەی بەرهەمەکانی دیکەم، گۆرانییەکی نیشتمانییە باس لە خەباتی ئافرەتی کورد دەکات و تیشک دەخاتە سەر ئەو خەباتە، پەیامی من لەو گۆرانییەدا ئەوەیە کە خودی ژن ژیانە، ژنی کورد خاوەن خەباتێکی بێ وچانە لە گشت بوارەکانی ژیاندا و شان بە شانی پیاو ڕۆڵی خۆی هەبووە، بۆیە پێویستە ڕێز لە ئافرەتی کورد بگیرێت و بە ئازادی بژیت.

ئەم گۆرانییە لە تێکستی ئەدیب چەلکییە، میلۆدی و کاری دابەشکردنی میوزیک لەلایەن عەلی شاکر تێکۆشانی ژنانی کورد، بۆیە لە نێو کلیپەکەیدا چەند خانە خەباتکارێکی کورد بەشداریان تێدا کردووە، سینەم بەدرخان، یەکێکە لەو ژنانەی بڵاوەدەکاتەوە.

هونەرمەند نارین فەقێ ئەم گۆرانییەی بەناوی " ژن ژیانە" بڵاوکردووەتەوە، وەکو ڕێزلێنانێک لە خەبات و تێکۆشانی ژنانی کورد لە هەموو جیهان.

ئەنجامدراوە، کاری دەرهێنانی ڤیدیۆکلیپەکەش لەلایەن هەژار دهۆکی لە سوێد جێبەجێکراوە.

نارین فەقێ، لە ساڵی1980 لە شاری دێرک لە ڕۆژئاوای کوردستان لە بنەماڵەیەکی هونەری لەدایکبووە و باوک و باپیریشی هونەرمەند بوون، دیوەخانی ماڵباتەکەشیان هەمیشە شوێنی کۆبوونەوەی هونەرمەندە بەناوبانگە کۆچکردووەکان بووە و کاریگەریی زۆریان لەسەری دروستکردووە. لە ساڵی 1991وە لە سوێد نیشتەجێیە، خاوەنی بڕوانامەی ماستەری مافناسیی ئەوروپییە، جگە لە کرمانجی بە سۆرانیش گۆرانی گوتووە، خاوەنی چوار ئەلبوومی گۆرانییە.